

ستافی گۆڤاری گوڵان





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
ماجید نووری

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
هێمن غەنی
شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
ئەحمەد عەزیز
د.عادل حوسێن
رۆشنە عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەڕێوەبەری ماڵپەڕ:
چێنەر خالید

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

■ پەیوەندییەکان:
ئەیوب کوردی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:

Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com
Mob: 07504349426
Ayoob_kurde@yahoo.com

ناونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulan-media.com




1000
گوڵان

# پەیامی نێچیرڤان بارزانی
# بۆ ژمارە (١٠٠٠)ی گۆڤاری (گوڵان)

**بەڕێزان سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووسانی گۆڤاری گوڵان،**

سڵاوتان لێ بێت

گۆڤاری گوڵان، لە قۆناغی دوای ڕزگاریی کوردستاندا، خاوەنی مێژووی تایبەتی خۆیەتی. ئەزموونی گوڵان، بریتی بووە لە شـێوازێکی نوێی ڕۆژنامەنووسی کە شێلگیرانە بەرگری لە دەسکەوتە نیشتمانی و نەتەوەییەکان کردووە. ئەو ڕێبازەی تا ئەمڕۆ کە زیاتر لە بیسـت ساڵی بەسەردا تێدەپەڕێت، لەسەری بەردەوامە.

گۆڤاری گوڵان کە ئێسـتا دەگاتە ژمارە ١٠٠٠، ڕەوایە شـانازی بە دەرچوونی بەردەوام و کاروانی بێ پسانەوەی خۆی بکات. ئەم گۆڤارە هەمیشە جێگای نووسەر و ڕۆشنبیرانی بە هەڵوێست و زانا بووە، هەر بۆیە بە بایەخەوە دەڕواندرێتە بیروڕاکانی. کارێکی نوێ و داهێنەرانەی گوڵان، بریتییە لەو پەیوەندییەی لەگەڵ ئاکادیمییە چالاکەکاندا هەیەتی، بەمەش توانیویەتی جێگای خۆی لەناو مەڵبەندی ڕۆشنبیریی هاوچەرخدا بکاتەوە.

گۆڤاری گوڵان، وەک بەشێکی کاریگەری دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی گوڵان، هەمیشە جێی بایەخ و پشتیوانیم بووە. لەم بۆنەیەشدا، وێڕای پیرۆزباییم لە هەموو ستافی گۆڤارەکە، خۆشحاڵیی خۆم بـەو ڕۆڵە دەردەبڕم کە گوڵان هەیەتی، دڵنیام دەتوانێت وەک سـەکۆیەکی زیندوو، بەردەوام بێت و پتر پەرە بستێنێت.

سەرکەوتنی زیاترتان بۆ دەخوازم.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان**
**٢٠١٤/١١/١٠**

# پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

## به بۆنەی دەرچوونی ژمارە(١٠٠٠)ی گۆڤاری (گوڵان)

**هەڤاڵی بەڕێز فەرهاد محەمەد، سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان**
**هەڤاڵان، سکرتێری نووسین و تێکڕای ئەندامانی ستافی نووسین و هونەری لە گۆڤاری (گوڵان)**

بە بۆنەی دەرچوونی ژمارە(١٠٠٠)ی گۆڤاری گوڵان پیرۆزباییەکی گەرم لە ئێوەو لە نووسەران و خوێنەرانی گۆڤارەکە دەکەین، مایەی ڕێز و پێزانینە بێ سرەوتن بەردەوامن لە هەوڵ و کۆششتان بۆ پێشخستنی رۆژنامەگەریی کوردی بە گشتی و گۆڤاری سیاسی تایبەتمەند بەتایبەتی.

گۆڤاری (گوڵان) بە ڕێنوێنی و پشتیوانی پارتیمان و هەوڵ و کۆششی ئێوە توانی خۆی لە سەر گۆڕەپانی رۆژنامەگەریمان بسەلمێنێ و مسداقیەتی خۆی بپارێزێ و بەرپرسانە کاری خۆی ئەنجام بدات و پەیڕەوی ئیتیکی سەردەمییانەی رۆژنامەوانی بکات، بۆیەش تا ئەمڕۆ بەو بەخشش و داهێنانەی بەردەوامە و بە شایەتی دۆست و نەیارانی پێگەی شایستە و پتەوی خۆی لە بواری رۆژنامەوانیدا گرتووە و ئەوە ژمارە (١٠٠٠)ی خستە بەردەست و دیدەی خوێنەرانی. کاروانی رۆژنامەوانی و رۆشنبیریمان شانبەشانی بوارەکانی دیکە گرنگی و کاریگەری خۆی هەیە لە بەرەو پێشبردنی کێشەکەمان و بەرچاوخستنی ڕاستییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی پیلان و شەڕی هەمەجۆرەی دوژمنانی گەلەکەمان، بۆیەش پێویستە ئەمڕۆ بە هەموو لایەك لە ئاست ئەو کار و ئەرکە پیرۆزە بن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ناحەز و نەیارانمان.

هەڤاڵانی بەڕێز: گۆڤاری (گوڵان) بەو سیستەم و بەرنامە ڕێکوپێکەی دایڕشتووە و پەیڕەوی دەکات و بەردەوامبوونی تا دەرچوونی ژمارەی (١٠٠٠) وەك تاکە گۆڤاری هەفتانەی سیاسی لەسەر گۆڕەپانی رۆژنامەوانیدا، هەر لە دەستپێکی کارکردنیەوە تاکو ئەمڕۆ بە هۆی بڕیارێکی سیاسییانەی بوێر و پشتیوانی و هەوڵ و کۆششی هەموو لایەك بوو، لێشمان مسۆگەریشە بە هەمان رۆحیەتی ئەفراندن و بەخشش بەردەوام دەبێت و لە ئایندەشدا هەنگاوی چاکتر و بەرچاوتر دەنێت.

هیوادارین ئەو بۆنەیە هاندەر بێت بۆ زیاتر داهێنان و بەرەوپێشبردنی گۆڤارەکەتان و بەردەوامبوونتان لە خزمەت پرسە چارەنووسسازەکان و ڕەوشی هەستیاری ئەمڕۆمان تا بەدیهاتنی دوامافە ڕەواکانمان.

جارێکی دیکە پاڵپشتی و پشتیوانی خۆمان بۆ بەرەوپێشخستنی گۆڤارەکە دووپات دەکەینەوەو، پیرۆز بێت دەرچوونی ژمارە(١٠٠٠)ی گۆڤاری گوڵان.

**مەکتەبی سیاسی**
**پارتی دیموکراتی کوردستان**

# پیرۆزبایی دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

## بە بۆنەی دەرچوونی ژمارە (١٠٠٠)ی گۆڤاری (گوڵان)

**هەڤاڵی بەڕێز فەرهاد محەمەد، سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان**
**هەڤاڵان، سکرتێری نووسین و تێکڕای ئەندامانی ستافی نووسین و هونەری لە گۆڤاری (گوڵان)**

بە بۆنەی دەرچوونی ژمارە (١٠٠٠)ی گۆڤاری گوڵان پیرۆزباییەکی گەرمتان لێدەکەین، پیرۆزبایی لە نووسەران و خوێنەران دەکەین، هیواداریین بەردەوام بن لەو هەوڵ و کۆششەتان بۆ پێشخستنی ئەو ئەستێرە هەمیشە درەوشاوەیەی ئاسمانی رۆژنامەگەریی کوردیمان.

گۆڤاری (گوڵان) بەو پەیامە راستگۆ و دیار و رۆشنبیرییە روونەی لە سەر گۆڕەپانی رۆژنامەوانی کوردیدا پەیڕەوی کردووە، دەستکەوتێکی گرنگی دیکەی بەخشییە ئەو مەیدانە، بۆیەش تا ئەمڕۆ هەر بەردەوام بووە و وەك یەکەمین گۆڤاری سیاسیی کوردی هەزارەمین ژمارەی خستە بەر دیدەی خوێنەرانی.

گۆڤاری (گوڵان) بە ئەزموونێکی گەش و تازەی ئەوتۆ هاتەئاراوە، سەلماندی کە تایبەتمەندی خۆی هەیە لە خزمەت گەیاندن بە بواری رۆشنبیری و مەعریفی و دۆزی رەوای گەلەکەمان و گەیاندنی پەیامی رەوای ئەو ئەزموونەمان بە دەوروبەر و جیهان.

کاری رۆژنامەوانیی و رۆشنبیریی گۆڤارەکەتان، وێڕای ئەو بەرهەم و دەستکەوتانەتان، زیاتر هەوڵ و قوربانیدانی دەوێ بۆ ئەوەی بەڕاستی نموونەیەکی زیندوو و پێشەنگ بێ بۆ خزمەتگەیاندن بە هۆشیاریی تاکی کورد و کۆمەڵگەکەمان و برەودان بە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان.

بەو بۆنەیەوە پشتیوانیی تەواومان بۆ بەرەو پێشخستنی گۆڤارەکە دووپات دەکەینەوە و جارێکی دیکە پیرۆزبایی لە ئێوە و خوێنەرانتان و خۆمان دەکەین.

**دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی**
**پارتی دیموکراتی کوردستان**

# 1000

# ژمارەی گوڵان

## دوای بیست ساڵ
## ئەزموونێکی پڕ لە شانازی



سەرۆ قادر

**1000**

**گوڵان**

بیست و هەندێك ساڵ بەر لە ئێستا، یەكەمین ژمارەی گۆڤاری (گوڵان)مان دەركرد. ئێستا بە بۆنای ژمارەی (١٠٠٠)ی گۆڤارەكە، ئەم دێڕانە دەنووسم. ژمارەیەكی كەم رۆژنامەنووس و ئەدیبی ناوداری وڵاتەكەمان، راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ تێیدا بەشدار بوون. بارودۆخ لەو كاتدا، وەكو ئێستا شەڕاوی بوو. هەڵبەت بە جیاوازی نێوان شەڕی ئەو كاتی ناوخۆ و شەڕی داسەپاوی توندڕۆی ئیسلامی- هەرێمایەتی ئێستا.

بە پشتیوانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، دەزگای راگەیاندن و رۆشنبیریی گوڵان دامەزرا. لە دوای راپەڕینی رزگاری، ئەوە یەكەمین تەجرەبەی راگەیاندنی فرەكەناڵ (گرووپ) بوو، كوردستان بەخۆیەوە دیت. دەزگاكە بە گۆڤاری گوڵان دەستیپێكرد، بەڵام لە ناوخۆیدا لە تەلەفزیۆن، رادیۆ، رۆژنامەی رۆژانە، گۆڤارێكی عەرەبی، گۆڤارێكی كرمانجی/لاتینی، گۆڤاری ئەدەبی رامان، دەزگای بڵاوكردنەوەی كتێب، ماڵپەڕێكی ئەنتەرنێتی بەهێز پێكدەهات. گوڵان ئۆرگانی حزب نەبوو، بەڵكو دەزگایەكی لایەنداری پارتی دیموكراتی كوردستان بوو. ئەمە بیرۆكەی دامەزراندنی بوو.

گوڵان تەنیا دوو ژمارەی لێ دەرچوو بوو كە شەڕی ناوخۆ دەستیپێكرد. بۆیە تەجرەبەكە لە بارودۆخێكی ئاڵۆزدا، بەردەوام بوو، پەرەی سەند. لەوكاتدا بۆچوونێكی بەهێز درووست بوو، گوایە ئەو دەزگایە بەنیازی شەڕەكە درووست بووبێت. ئەو بۆچوونە لە راستی زۆر دوور بوو. هیچ پەیوەندییەك لەو نێوانەدا نەبوو. لە بارودۆخی ئەوكاتدا، ئەگەر شەڕی ناوخۆ نەبووباش، دیسان كارێكی زۆر زەحمەتی دەویست تا شێوازێكی نوێی راگەیاندن، دێتە ناو كەلتووری سیاسی. ئێمە ئەو زەحمەتییەمان بە هەست و جەستە تاقی كردەوە. جەنگی ناوخۆ، نەك هەر لەسەر ئاستی كوردستان، بەڵكو لە ناو پارتیشدا، كێشەی بۆ گوڵان درووست دەكرد. تەجرەبەكە بەردەوام بوو، لە زۆر لاوە دەستی پشتیوانی دەدرایە پاڵ. سەرەنجام دوای هەشت ساڵ، گوڵان بە كردەوە كۆتایی پێهات (هەرچەند بەناو تا ساڵی ٢٠٠٤ بەردەوام بوو).

دوای بیست ساڵ، ئێستا شاهیدی بۆ گوڵان دەدرێت كە بۆ كوردستان، تەجرەبەیەكی نیشتمانی فرەخوازی فرەكاناڵ بووە. ئەزموونەكە بووە موڵكی هەموو كوردستان. هەربۆیەش لەگەڵ كۆتایی هاتنی گوڵان، تەجرەبەكانی جیلی دووەم هاتنە مەیدان. نەیارەكانی دەزگای گوڵان، تەجرەبەكەیان وەرگرت و بە شێوەی جۆراوجۆر لەسەری بەردەوام بوون. ئەوەش شاهیدی ئەو رۆڵە مێژووییەیە كە گوڵان لە رۆژنامەنووسی كوردستاندا بینیویەتی.

گۆڤاری گوڵان، تاكە یادگاری ئەو پڕۆژە نیشتمانییە نوێخوازەیە كە ناوی دەزگای راگەیاندن و رۆشنبیریی گوڵان بوو. ئەو گۆڤارە، رێچكەی بۆ رێبازی راگەیاندنی ناو دەزگاكە دەكێشا و راشیدەگرت. هەر لە سەرەتاوە، نیاز وابوو گۆڤارەكە لە ئاستێكی دیاریكراو نەیەتە خوارتر. ئەویش بایەخدان بوو بە فكری سیاسیی كوردستان. ئێستا لە دوای بیست ساڵ، گۆڤارەكە لەسەر رێبازی خۆی بەردەوامە و بە سەكۆیەكی فكریی باوەڕپێكراو دادەندرێت. من ئەو شاهیدییە بە شانازییەوە دەنووسم.

بەردەوامی گۆڤاری گوڵان، لەو رێبازە رۆژنامەنووسییەدایە كە بیست ساڵە لەسەری دەڕوات. هەموو هەفتەیەك دەرچووە، لە زۆر قۆناغدا، پێش بەو شێوازەی گوڵان گیراوە و لە ئاستی دەهێندرایە خوارەوە. ئەوەی جێی دڵخۆشییە، گوڵان لەسەر بنەمایەك دامەزراوە و راهاتووە كە دەستكاریكردنی دەبێتە گرفت بۆ رۆڵی گۆڤارەكە، فشار بۆ سەركردایەتی سیاسی دێت. بۆیە لەو بۆنایەدا جەخت لەسەر پشتیوانی بەردەوامی سەرۆك بارزانی و كاك نێچیرڤان بارزانی دەكەم، تا دەستبەرداری ئەو ئەزموونە نەبن كە دوو دەیەی بەسەردا تێپەڕیوە و بە یەكەمین گۆڤاری سیاسی دەژمێردرێت، كە نەوەستاوە و متمانە و ئیعتباری مێژووییشی لە كاری رۆژنامەنووسیدا بایەخێكی زۆری هەیە.

دەزگای گوڵان، قوتابخانەیەكی بەرهەمداری رۆژنامەنووسی بووە، جیلێكی نوێی لە رۆژنامەنووسان پێگەیاند. جێ پەنجەی ئەو جیلە، لە راگەیاندنی ئەمڕۆدا بە ئاشكرا دیارە.

تەجرەبەی گوڵان، بەری رەنجی ژمارەیەكی زۆر نووسەر و ئەدیب و هونەرمەند و رۆژنامەنووسی كوردستانە. كۆتایی هاتنی كاری ژمارەیەكی زۆر لەو كەسایەتییانە لە گوڵاندا، بووە دەستپێكی تەجرەبەی دیكەی رۆشنبیریی و رۆژنامەنووسی و سیاسی نوێ. ئەو دەزگایە قۆناغێكی پڕشنگداری، لەناو پارتی دیموكراتی كوردستان و تێكڕای وڵاتەكەمان تۆمار كرد. تەجرەبەیەكی نوێی هێنایە كایە. جیلێكی دیكەی رۆژنامەنووسانی پێگەیاند. شێوازێكی مۆدێرنی لە كاری راگەیاندن بەسەر كوردستاندا سەپاند.

لەم بۆنایەدا، سڵاو بۆ هاوكارەكانی رۆژانی تەنگانە و گوزەری سەختییەكان دەنێرم. ئەوانەی كۆچیان كردووە، كڕنووشیان بۆ دەبەم. دەستی جیلی نوێ دەگوشم و شانازییان پێدەكەم، لە سەرنووسەر تا دوا پەیامنێریان.

گوڵان بە دەرچوونی هەفتانەی بەردەوام، ئێستا گەیشتە ژمارەی ١٠٠٠، بەوەش پێویستێتی گۆڤارەكە و سەنگینی رێبازەكەی دەریدەخات، ئەم گۆڤارە بەردەوام دەبێت، بووەتە پێویستییەكی نیشتمانی. گوڵان تاكە گۆڤاری كوردستانە، دوو دەیە بەردەوامە و ئێستاش برستی لە هەموو كاتێك زیاترە. من بەمەیان زۆر خۆشحاڵم.

**دەزگای گوڵان قوتابخانەیەكی بەرهەمداری رۆژنامەنووسی بووە، جیلێكی نوێی لە رۆژنامەنووسان پێگەیاند. جێ پەنجەی ئەو جیلە، لە راگەیاندنی ئەمڕۆدا بە ئاشكرا دیارە**

**گوڵان بە دەرچوونی هەفتانەی بەردەوام، ئێستا گەیشتە ژمارەی١٠٠٠، بەوەش پێویستێتی گۆڤارەكە و سەنگینی رێبازەكەی دەریدەخات، ئەم گۆڤارە بەردەوام دەبێت، بووەتە پێویستییەكی نیشتمانی**

# ئاشتی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە ستراتیژیەتی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی


EUROOPA PARLAMENT
PARLAMENTO EUROPEO
EURÓPAI PARLAMENT
European friends of Kurdistan
M. BARZANI
C. TANNOCK
europarl.europa.eu



**«ئەو قسەیەی ئەنتۆنیۆ گرامشی کە دەڵێت: (کۆنەکە مردووە، بەڵام هێشتا تازەکە لەدایك نەبووە) زۆر راشکاوانە بەسەر واقیعی ئیستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئێمەشدا پراکتیزە دەبێت و ئەو پاشاگەردانییەی دەیبینین گرنگترین نیشانەکانی ئەو واقیعەمان پیشاندەدات، لەمەش زیاتر تەنگژە جیهانییەکان و مێژووییەکان و کەسایەتییە رۆشنبیر و کۆمەڵناس و سیاسەتمەدارەکان پێمان دەڵێن پرۆسەی لەدایکبوونی سیستمیکی دیکە زۆر بە ئازار دەبێت، ئێمە گەر هێرشەکانی ئەم دواییەی ئیسرائیل بۆ سەر غەزە و گۆڕانکارییە تازەکانی عێراق بخوێنینەوە، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە گرامشی لە سەدەی رابردوو ئاماژەی پێکردووە، شتی تازە لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا دەرکەوتنی رێکخراوی تیرۆریستانی داعش بوو، بەڵام دەرکەوتنی دیکەی تازە لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا، دروستبوونی دەوڵەتی کوردستانە لە باکووری عێراق، یان وەك خۆیان دەڵێن لە باشووری کوردستان».**

**پرۆفیسۆر فوات کەیمان**
**سەرۆکی سەنتەری دیراساتی سیاسی**
**لە ئەستنەبول**

● **سەرکەوتنی ستراتیژیەتی بەرگریی پێشمەرگە دەبێتە ستراتیژیەتی هاوپەیمانان لەسەر زەوی**

لەوەتەی شەڕی تیرۆریستانی داعش دەستی پێکردووە، بەردەوام میدیا بەناوبانگەکانی جیهان زۆرترین دیمانەیان لەگەڵ بەڕێز مسرور بارزانی راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستان کردووە و قسەکانی لەناو میدیاکانی جیهاندا رەنگدانەوەی بەرچاوی هەبووە و بایەخی گرنگی پێدراوە، هۆکاری بایەخپێدانی هاوپەیمانان و میدیاکانی جیهان بە لێدوانەکانی راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەیە راستەوخۆ بەرپرسە لە دۆسیێی دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری لە هەرێمی کوردستاندا و ئەو هێمنی و ئارامییەی لە کوردستان هاتۆتە ئاراوە و بەرهەمی ئەو ستراتیژییە سەرکەوتووەیە کە ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان دایڕشتووە، لەمەش گرنگتر ئەم ئەنجوومەنە دامەزراوەیەکی حزبی و تەنها یەك لایەنە نییە، بەڵکو ئەمە دامەزراوەیەکی نیشتمانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە یاساکەی پەسەندکراوە، راشکاوانەتر ئەرکی ئەم ئەنجوومەنە داڕشتنی ستراتیژیەتی دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری بووە و، بەردەوام شەڕی تیرۆریستانی لەناو کوردستان و دەرەوەی کوردستان ئەنجامداوە و ژینگەیەکی ئارامی ئەوتۆی دروستکردبوو، کە تیرۆریستان بە چەندین ساڵ جارێك نەیاندەتوانی دزەی تێدا بکەن و کاری خۆکوژی تیا ئەنجامبدەن، ئەمەش لە روانگەی جیهانەوە دڵنیاییەکی دروستکردبوو کە کۆمپانیاکانیان بتوانن بێنە کوردستان و وەبەرهێنان لە کوردستان بکەن. ئەمە هەتا گرتنی موسڵ و دروستبوونی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی (داعش)، راستەوخۆ ستراتیژیەتی قەلاچۆکردنی تیرۆر رووبەڕووی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی کوردستان دەبووەوە. بەڵام دوای گرتنی موسڵ و تەسلیمبوونی شەش فیرقەی سوپا و پۆلیسی فیدڕالی بە تەواوی چەك و تەقەمەنی و ئامێر و کەلوپەلی سەربازییەوە بە تیرۆریستانی داعش، هەروەها تەسلیمبوونی چەند فیرقەیەکی سەربازی رژێمی ئەسەد، ئیدی شەڕی تیرۆریستان وەرچەرخانێکی گەورەی بەسەردا هات و، تیرۆریستان لە شەڕی گرووپ گرووپی بچووکەوە گۆڕدرا بۆ شەڕی دەوڵەتێکی تیرۆریستی پڕچەك بە چەکی مۆدیڕنی رۆژئاوایی و رووسی. ئەم وەرچەرخانەش وایکرد کە شەڕی تیرۆریستان وەك شەڕێك کە ئەنجوومەنی ئاسایش پێشتر بەڕێوەی دەبرد، ببێتە شەڕێکی فراوانتر و راستەوخۆ رووبەڕووی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان ببێتەوە، ئەو هێزەش وەك هێزێکی سەربازی و پارێزەری وڵات، لەگەڵ ئەوەی گەمارۆیەکی گەورەی ئابووری و پێدانی چەکی لەلایەن حکومەتی

عێراقەوەی خرابووەسەر، لە هەمانکاتدا دەوڵەتانی دەرەوەش ڕاستەوخۆ نەیاندەتوانی چەك بە پێشمەرگە بدەن، هاوکات بە شـێوەیەکی لەنـاکاو و لەپڕ پێشـمەرگە ڕووبەڕووی شـەڕێك بووەوە، ئەویش شـەڕی دەوڵەتێکی تیرۆریستی بوو، ڕاشـکاوانەتر واتە دەوڵەتێك بە تاکتیکی تیرۆریستان شەڕ بکەن و هیچ بنەمایەکی ئەخلاقی سەربازی ڕەچاو نەکەن، وەك دەستپاراسـتن لە خەڵکی مەدەنی، پاراستنی مافـی دیلەکانی شـەڕ، پابەندبوون بـە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لە کاتی شـەڕ، لەمەش زیاتر ئەو چەك و ئیمکانییەتەی لەبەردەستی تیرۆریستان بوو، زۆر تازەتر و زیاتر و بەهێزتر بوو لەو چەکەی بەدەستی پێشمەرگەوە بوو، بۆیە شەڕەکە بۆ پێشمەرگە پێویستی بە شێوازی تازە و سـتراتیژیەتی نوێ هەبوو. کەواتە بایەخدانی جیهان بە ئەنجوومەنی ئاسایشـی نیشتمانی هەرێمی کوردستان و پەیوەندیکردنـی بەردەوامی میدیا بەناوبانگەکانی جیهان بە ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردسـتان، لەو خاڵەوە سەرچاوەی گرتبوو، تا بزانن ئەم دامەزراوەیـە کە لە شـەڕی تیرۆریسـتانی داعش وەك گرووپ سەرکەوتوو بووە، چۆن ئەم ئەزموونە بگوازرێتەوە بۆ ناو هێزێکی زەمینی سەربازی کە بتوانێت لەسەر زەوی داعش تێکبشکێنت، لە دەستپێکی ئەم شەڕەوە ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستان ئەم خاڵانەی بە جیهان ڕاگەیاندووە:

١. ئەم شـەڕە بۆ هێزی پێشـمەرگەی کوردستان تازەیە و دەبێت پێشـمەرگە لەگەڵ شـێوازی ئەم شـەڕە نوێیە ڕابهێندرێت.

٢. ئەم شەڕە تەنها شـەڕی گرووپ گرووپی بچووکی تیرۆریسـتان نییە، بەڵکو ئەم شـەڕە شەڕی دەوڵەتێکی بەهێزە بە تاکتیکی تیرۆریستانەوە.

٣. تیرۆریستان هیچ یاسایەکیان بەسەردا جێبەجێ نابێت و هیچ یاسایەکیش لەبەر چاو ناگرن، لەمەش زیاتر ڕێکخراوە تیرۆریسـتییەکان سنووریان نییە، ئەمڕۆ هەڕەشەن لەسەر ڕۆژهەڵات سبەی هەڕەشەن لەسەر ڕۆژئاوا.

٤. شـەڕی تیرۆریستان لەسەر زەوی یەکلایی دەکرێتەوە، ئەو هێزەی لەسەر زەویش ڕووبەڕووی تیرۆریستان دەبێتەوە، دەبێت جیهان هاوکاریی بکات بۆ ئەوەی باڵانسی هێز بۆ بەرژەوەندی پێشـمەرگە بگۆڕێت، بۆ ئەمەش پێشمەرگە پێویستی بە چەکی مۆدێرن و قورس هەیە.

ئـەم لێدوانانەی ڕاوێـژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشـی نیشـتمانی، بـووە هـۆکاری ئـەوەی زەمینەیەك بۆ تێگەیشـتن لە شێوازی ئەم شـەڕە تازەیە دروست بێت، هەروەهـا بووە هۆکاری ئەوەی ئەنجوومەنی سـەربازیی کۆنگرێس چەند دانیشتن بۆ پسپۆڕانی بواری سیاسەتی بەرگری و ئاسـایش گرێبدەن، بەڵام هەموو ئەمانە پێشتر هەتا هێرشـی داعش بۆ سەر شـنگال و مەخموور بەوە گرێدەدرایەوە کە هاوپەیمانـان ناتوانن یارمەتی عێراقی مالیکی بدەن و ناشتوانن ڕاستەوخۆ هاریکاری پێشمەرگە بکەن، سیاسییەکانی جیهان لە ڕاستییەکان تێگەیشتبوون، بەڵام نەیاندەتوانـی بڕیاری بوێرانە بدەن، ڕاشـکاوانەتر وەك وینسـتۆن چەرچل دەڵێت: (ئەمریـکا هەتا هەموو بـژاردە خراپەکان تاقی نەکاتەوە، پەنا بۆ بژاردە باشـەکە نابات)، ئەمجارەش دوای ئەوەی هەموو بژاردە خراپەکانی تاقیکردەوە، دوای کارەساتی شنگال هاتە سەرخەت و پێش ئەمریکاش فەرەنسا بە تایبەتی سەرۆك هۆلاند پشتگیری خۆی ڕاگەیاند و ئەمجارەش فەرەنسـا ڕۆڵی خۆی گێرا بۆ ئەوەی بڕیارێکی ئەنجوومەنی ئاسـایش دژ بە داعش دەربچێت.

## ● وەرچەرخانی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش دوای داگیرکردنی شنگال

داگیرکردنی شـنگال کارەساتێکی مرۆیی و ڕووخساری وەحشـیگەرانەی تیرۆریستانی داعشـی هیندەی دیکە پیشـانی جیهـان دا، هەر بۆیـە دوای ئەم کارەسـاتە شەخسی سـەرۆك مسعود بارزانی خۆی چووە بەرەکانی شەڕ بۆ ئەوەی ڕاسـتەوخۆ سەرپەرشتی شەڕەکە بکات، لەمـەش زیاتـر ڕاوێـژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشـی نیشـتمانی هەرێمی کوردسـتان یاوەری سەرۆك بارزانی بوو، بۆ ئـەوەی هەموو توانـاکان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی پێشـڕەوییەکانی داعش ڕابگرن، بێگومـان پێش ئەوەی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان دەسـت بکەن بە بۆمبارانکرنی پێگەکانـی تیرۆریسـتانی داعش، بە چوونی سـەرۆك بارزانی و ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ بەرەکانی شەڕ توانرا پێشـڕەوییەکانی داعش ڕابگیرێت، ڕاگرتنی پێشـڕەوییەکانی داعش بە سەرپەرشـتی ڕاسـتەوخۆی سەرۆك بارزانی وایکرد، ئەمریکا زیاتر متمانە بە هێرشە ئاسـمانییەکان پەیدا بکات و زیاتر بگاتە ئەو قەناعەتەی کە شـێوازی فەرماندەیی سـەربازیی سەرۆك بارزانی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەو هێزەن، بەبێ یارمەتی دەتوانن پێشڕەوی داعش ڕابگرن، بەڵام ئامانجی ئەمریکا و دواتریش هاوپەیمانان تەنها ڕاگرتنی پێشـڕەوییەکانی داعش نەبوو، بەڵکو تێکشـکاندن و لەناوبردنی داعشـە، بۆیە ئەرکێکی قورسـتر کەوتە سـەر شـانی سـەرۆك بارزانی و ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشـی نیشتمانی هەرێمی کوردسـتان، بۆ ئەوەی سـتراتیژیەتێك بۆ ئەم شـەڕە دابرێژن، کە ئاراسـتەی شـەڕەکە لە بەرگرییەوە بگۆڕێت بۆ هێرشکردن، سـەرۆك بارزانی دوای گرتنی شـنگال ڕاشکاوانە بە هەموو جیهانی ڕاگەیاند: شێوازی شەڕەکەمان گۆڕی لە بەرگرییەوە بۆ هێرشکردن.

لەمـاوەی تەنها یەك دوو هەفتەدا سـەرۆك بارزانی بە

**هۆکاری بایەخپێدانی هاوپەیمانان و میدیاکانی جیهان بە لێدوانەکانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەیە ڕاستەوخۆ بەرپرسە لە دۆسێی دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری لە هەرێمی کوردستاندا**

**سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە کۆتایی بە شەڕی بەوەکالەت دەهێنێت کە بەشێکی زۆر لە هاوپەیمان و دۆستەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بۆ مانەوەیان لەسەر کورسیی دەسەڵات پەنایان بۆ بردووە و لە ئایندەشدا پەنای بۆ دەبەن**

**سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش، ژێرخانێکی تازە بۆ شەڕی دژەتیرۆر لەسەر ئاستی جیهان دروست دەکات، ئەو وەهمەش دەڕەوێنێتەوە کە گوایە تیرۆریستانی داعش هێزێکن ناشکێن، کە هەر ئەوە سەرنجی هەزاران هاووڵاتی ڕۆژئاوای ڕاکێشاوە بۆ ئەوەی پەیوەندی بە تیرۆریستانی داعشەوە بکەن و پاشان بۆ ئەورووپا بگەڕێنەوە**

هاوکاریی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستان توانی ستراتیژی شەڕەکە بگۆڕن و دەست بە ئازادکردنەوەی ئەو ناوچانە بکەن کە تیرۆریستانی داعش داگیری کردبوون، وەك مەخموور، خازر و بەنداوی موسڵ، هەموو ئەم سەرکەوتنانە لە کاتێکدا بوون، کە هێشتا چەك و کەلوپەلی سەربازی نەگەیشتبووە کوردستان، لەگەڵ هاتنی هەندێك چەکی سووك و زیاتر پابەندبوونی پێشمەرگە بەو ستراتیژە تازەیەی سەرۆك بارزانی رایگەیاندبوو، واتە گواستنەوەی ئەزموونی شەڕی دژەتیرۆر لە ئەنجوومەنی ئاسایشەوە بۆ ناو هێزی پێشمەرگە بووە هۆکاری ئەوەی رەبیعە و زوممار لە دەست تیرۆریستان رزگار بکرێن و بە گرتنەوەی رەبیعەو زوممار، هیوایەك بۆ هاوپەیمانان دروست بوو کە دەکرێت بەو ستراتیژیەتەی سەرۆك بارزانی بۆ هێزی پێشمەرگەی دارشتووە، سەرەتای کۆتایی هاتنی داعش بێت، هەروەها دوای گرتنەوەی زوممار و گرێدانی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی بۆ مسرور بارزانی لە ناو زوممار بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن، خۆی لە خۆیدا راگەیاندنی سەرکەوتنی ستراتیژە نوێیەکەی شەڕکردن بوو دژی تیرۆریستان، ئەمەش وەك ژەنراڵە سەربازییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان ئاماژەیان پێکرد وەرچەرخانێکی گەورە بوو لەشەڕەکەدا.

**● پەرلەمانی ئەورووپا**

**بە بایەخەوە وتارەکەی مسرور بارزانی هەڵسەنگاند**

سەرکەوتن لە گواستنەوەی ئەزموونی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستان بۆ ناو هێزی پێشمەرگە و گۆڕینی ئاراستەی شەڕەکە لە بەرگرییەوە بۆ هێرشکردن و سەرکەوتنی هێرشەکان، لەیەك کاتدا ئاستی ئیرادەی لە بن نەهاتووی پێشمەرگە لە جێبەجیکردنی ئەو ستراتیژە تازەیە و دڕندەیی تیرۆریستانی داعش پیشاندەدا، جیهان لە خۆڕا نییە رێکخراوی تیرۆریستانی داعشی بە سەرەتان وەسفکردووە، بەڵام ستراتیژە تازەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی و پیادەکردنی لەلایەن پێشمەرگەوە شێوازی لە ریشەهەڵکێشانی ئەو سەرەتانەی بۆ جیهان خستەڕوو.

هەندێك لەوانەی چاویان هەڵنایەت شکۆی پێشمەرگە ببینین، سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە هێرشبردندا و رزگارکردنی ئەو ناوچانەی داگیرکرابوون، دەگێڕنەوە بۆ شاڵاوی هێرشە ئاسمانییەکان و ئەو چەکە سووکانەی بەم دواییە بە پێشمەرگە دراون، دیارە نکۆڵی لەوە ناکرێت کە هێرشە ئاسمانییەکان و هاتنی چەکی سووك کاریگەری راستەوخۆی هەبووە، بەڵام ئەم کاریگەرییە لەناو شەترەنجی ستراتیژیەتەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشدا بەو پەڕی توانا سوودی لێوەرگیراوە و بەشێوازێکی زانستییانە لەناو ستراتیژەکەدا تەوزیف کراوە.

شەڕکردن لەگەڵ تیرۆریستانی داعش، شەڕێکی کلاسیکی نییە، بەڵکو شەڕکردنە لەگەڵ خەڵکانێك کە خۆیان کردۆتە بۆمبا و خۆیان دەتەقێننەوە، لەمەش زیاتر هەموو شتێك هەر لە رێگە و بینایە و تەنانەت ئاژەڵیش دەکەنە بۆمبا و بەرامبەر پێشمەرگە بەکاریان هێناوە، بۆیە خاڵی گرنگ لە دارشتنی ئەو ستراتیژیەتەی شەڕی دژ بە تیرۆریستان کە ئەنجوومەنی ئاسایش دایڕشتووە، گواستنەوەی ئەو ستراتیژە بووە بۆ ناو هێزی پێشمەرگە، کە شەخسی مسرور بارزانی راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لەناو سەنگەری پێشمەرگە لەگەڵ پێشمەرگەدا جێبەجێی دەکات و دەیکاتە ئەمری واقیع.

ئەوەی لەم شەڕەدا سەرۆك بارزانی بە شانازییەوە باسی دەکات، خۆڕاگری و قارەمانێتی شەڕڤانانی (یەپەگە) یە لە کۆبانێ، لەمەش زیاتر خۆڕاگری ئەو قارەمانانە لە کۆبانێ سەرنجی جیهانی راکێشا و ئەمریکای هێنایە ئەو قەناعەتە کە پێویستە لە ئاسمانەوە هێرشی ئاسمانی بکاتە سەر تیرۆریستانی داعش، بەپێی راپۆرتەکانی پێنتاگۆن ئەو شاڵاوە ئاسمانییەی لەماوەی سێ رۆژدا ئەمریکا لە کۆبانێ کردوویەتی، لە هەموو ئەو شاڵاوە ئاسمانییانە زیاتر بووە کە لە دوای داگیرکردنی شنگالەوە لە ئاسمانی عێراقدا ئەنجامیداوە، بەلام وەك بینیمان شەڕ لەناو شاری کۆبانێ بووە شەڕی کۆڵان بە کۆڵان و سەر شەقام، لەمەش زیاتر تیرۆریستانی داعش ویستیان بەرەی دیکە لەگەڵ پێشمەرگە بکەنەوە و چیای شنگال بگرن، بەڵام نەك هەر شکستیان هێنا، بەڵکو لە ئاکامی هێرشەکانی پێشمەرگە چەندین ناوچەی گرنگی وەك رەبیعە و زوممار بە تەواوی گوندەکانی دەوروبەرییەوە ئازاد کران، بۆیە داعش ئاراستەی شەڕەکەی گۆڕی بۆ ناوچە عەرەبییەکانی سووریا و عێراق و توانییان لەماوەیەکی کورتدا سەرکەوتنی زۆر گەورە تۆمار بکەن.

هەر بۆیە کاتێك هەموو جیهان قارەمانیەتی پێشمەرگە لەسەرەتاوە و قارەمانیەتی ئێستای شەڕڤانان دەبینن، کە وێڕای ئەو هەموو ئازایەتییە ناتوانن ئاراستەی شەڕەکە پێچەوانە بکەنەوە، لەبەرامبەردا ستراتیژەکەی مسرور بارزانی دەبینین کە ئاراستەی شەڕەکەی گۆڕیوە، ئەمە بۆ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە شەڕی تیرۆریستانی داعش وەك داهێنانێك لە ستراتیژیەتی رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان لە قەڵەم دەدرێت.

لەم چوارچێوەیەدا ئەو پرسیارە گرنگەی دێتە پێشەوە، ئەوە نییە مسرور بارزانی لە ناو پەرلەمانی ئەورووپا وتارێکی پێشکەش کردووە بۆ ئەوەی هاوکاری بۆ کوردستان و پێشمەرگە دابین بکات و بەس، بەڵکو پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا لای مسرور بارزانی چ شتێك ئەوەندە گرنگە کە

**خاڵی گرنگ لە دارشتنی ئەو ستراتیژیەتەی شەڕی دژ بە تیرۆریستان کە ئەنجوومەنی ئاسایش دایڕشتووە، گواستنەوەی ئەو ستراتیژە بووە بۆ ناو هێزی پێشمەرگە، کە شەخسی مسرور بارزانی راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لەناو سەنگەری پێشمەرگە لەگەڵ پێشمەرگەدا جێبەجێی دەکات و دەیکاتە ئەمری واقیع**

**راگرتنی پێشڕەوییەکانی داعش بە سەرپەرشتی راستەوخۆی سەرۆک بارزانی وایکرد، ئەمریکا زیاتر متمانە بە هێرشە ئاسمانییەکان پەیدا بکات و زیاتر بگاتە ئەو قەناعەتەی کە شێوازی فەرماندەیی سەربازیی سەرۆک بارزانی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەو هێزەن، بەبێ یارمەتی دەتوانن پێشڕەوی داعش رابگرن**




بەرەکانی شەڕ بەجێبهێڵێت و بچێت لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپا کۆببێتەوە؟ ئایا ئەو پرسە چییە هێندە گرنگە مسرور بارزانی لەم کاتە ناسکە و دوای سەرکەوتنەکانی ڕەبیعە و زوممار بەرەی شەڕ بەجێبهێڵێت و بەشداری وتووێژێکی نێودەوڵەتی بکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە وتارەکەی مسرور بارزانی وەرناگرینەوە، بەڵکو وەڵامی ئەم پرسیارە لەو بڕیارە وەردەگرینەوە کە چۆن مسرور بارزانی لەم کاتەدا بڕیاری دا سەفەر بکات و لەناو پەرلەمانی ئەورووپا وتار پێشکەش بکات، وەڵامی ئەم پرسیارە لە پرسیارەکانی پەرلەمانتارانی ئەورووپا و ڕۆژنامەنووسان وەردەگرینەوە، کە لەناو تەلاری پەرلەمانی ئەورووپا و لە کۆنگرە ڕۆژنامەییەکاندا ڕووبەڕووی مسرور بارزانی دەکرانەوە. مسرور بارزانی لە وەڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەنووساندا بۆ پێویستی پێشمەرگە بە چەکی قورس، ئاماژەی بە شەهیدبوونی سێ براکەی شاری سۆران کرد، کە چۆن هەر سێکیان شەهید بوون لەبەر ئەوەی چەکی دژە تانکیان پێ نەبووە، ئەمەش مانای ئەوەیە پەیامەکەی مسرور بارزانی بۆ ئەورووپا و جیهان بریتی بووە لە:

١. ئەگەر دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعش هەڕەشە بێت لەسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان، ئەوا ئاشتی و سەقامگیریی کوردستانیش بەشێکە لە ئاشتی و ئاسایش لە جیهاندا.

٢. بۆ ئەوەی ئاشتی و سەقامگیریی کوردستان پارێزراو بێت، سەرچاوەی مرۆیی و سەربازیی لە کوردستان هەیە، کە ئەویش هێزی پێشمەرگەیە بۆ ئەوەی سەقامگیری و ئاسایشی کوردستان بپارێزێت، بەڵام ئەم سەرچاوە سەربازی و مرۆییە پێویستی بەوە هەیە لە ڕووی سەربازییەوە پەرەی پێبدرێت و چەکی قورس و مۆدێرنی پێبدرێت.

٣. سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش، ژێرخانێکی تازە بۆ شەڕی دژەتیرۆر لەسەر ئاستی جیهان دروست دەکات، ئەو وەهمەش دەڕەوێنێتەوە کە گوایە تیرۆریستانی داعش هێزێکن ناشکێن، کە هەر ئەوە سەرنجی هەزاران هاووڵاتی ڕۆژئاوای ڕاکێشاوە بۆ ئەوەی پەیوەندی بە تیرۆریستانی داعشەوە بکەن و پاشان بۆ ئەورووپا بگەڕێنەوە.

٤. سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە کۆتایی بە شەڕی بەوەکالەت دەهێنێت کە بەشێکی زۆر لە هاوپەیمان و دۆستەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بۆ مانەوەیان لەسەر کورسی دەسەڵات پەنایان بۆ بردووە و لە ئایندەشدا پەنای بۆ دەبەن.

٥. سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە بەسەر تیرۆریستاندا ئامانجە هاوبەشەکانی هاوپەیمانانی دژە تیرۆر دیسان پۆلێن دەکاتەوە، ئەو جیاوازییانەی ئێستا لە هەڵوێستی دەوڵەتانی هاوپەیمانیی نیودەوڵەتی دژی داعش هەیە، کاڵ دەکاتەوە و لێك نزیکتر دەبنەوە.

٦. سەرکەوتنی پێشمەرگە بەسەر تیرۆریستانی داعش وەڵامی پرسیارەکەی هەفتەی ڕابردووی ڕیچارد هاسی سەرۆکی ئامۆژگای پەیوەندییەکانی دەرەوە دەداتەوە کە لە فورین ئەفیرزدا نووسیویەتی: لەم جیهانە لەبەریەك هەڵوەشاوەدا: چۆن وەڵامی ئەم پاشاگەردانی و بێ سیستەمییە دەدرێتەوە؟

**ئامانجی ئەمریکا و دواتریش هاوپەیمانان تەنها ڕاگرتنی پێشڕەوییەکانی داعش نەبوو، بەڵکو تێکشکاندن و لەناوبردنی داعشە، بۆیە ئەرکێکی قورستر کەوتە سەر شانی سەرۆک بارزانی و ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی ستراتیژیەتێک بۆ ئەم شەڕە دابڕێژن، کە ئاراستەی شەڕەکە لە بەرگرییەوە بگۆڕێت بۆ هێرش کردن**




ستۆران ستیڤنسۆن

پەرلەمانتار و سیاسەتمەداری ئەورووپا بۆ گوڵان:

# ئەورووپا چاوی لەوەیە پێشمەرگە داعش تێکبشکێنێت، بۆیە گوێ لە مسرور بارزانی دەگرن

**سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە میحوەرەکانی بەنداوی موسڵ و بەم دواییەش لە زومار و ڕەبیعە ئەو سەرکەوتنانە بوون کە ئەمریکا و ئەورووپا و تەواوی دەوڵەتانی هاوپەیمان شانازییان پێوە دەکرد و بە سەرەتای بەتاڵکردنەوەی سیحری داعش لە قەڵەمیان دا، بەوەی گوایە داعش هێزێکە ناتوانرێت تێکبشکێندرێت، لەمەش زیاتر بەرگری قارەمانانەی شەرڤانانی ڕۆژئاوا و چوونی پێشمەرگە بۆ هاریکاری شەرڤانان بۆ کۆبانێ هێندەی دیکە جیهانی سەرسامی ئەو ستراتیژە سەربازییە کرد کە بە سەرۆکایەتی سەرۆک بارزانی بۆ ئەو شەڕە داڕێژرابوو، ئەوەشی دەرخست کە ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستان ئەو دامەزراوە گەورە و نیشتمانییەیە کە دەتوانێت لە شەڕی دژی تیرۆردا بالانسی هێز بگۆڕێت و ئاراستەی شەڕەکە بۆ بەرژەوەندی هێزی پێشمەرگە ڕاست بکاتەوە، بۆ تێگەیشتن لەو ستراتیژە و هاریکاریکردنی هێزی پێشمەرگە، پەرلەمانی ئەورووپا هەفتەی ڕابردوو بانگهێشتی بەڕێز مسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی کرد، بۆ ئەوەی لەناو پەرلەمانی ئەورووپا وتارێك پێشکەش بکات، پاشان لە ڕێگەی پرسیار و وەڵامدانەوەوە گوێ بۆ قسەکانی ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بگرن، سەبارەت بە گرنگیی ئەو سەردانە بۆ دەوڵەتانی ئەورووپی ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ستۆران ستیڤنسۆن سەرۆکی پێشووی شاندی پەرلەمانی ئەورووپا بۆ عێراق کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** هەفتەی ڕابردوو پەرلەمانی ئەورووپا بانگهێشتی بەڕێز مسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی کرد، بۆ ئەوەی لەناو پەرلەمانی ئەورووپا وتارێك سەبارەت بە ستراتیژیەتی تێکشکاندنی داعش لەسەر زەوی پێشکەش بکات، وەك ئەندامی پەرلەمانی ئەورووپا و سەرۆکی شاندی پەرلەمانی ئەورووپا بۆ عێراق، چ خوێندنەوەیەکتان بۆ ئەو سەردانە و وتارەکەی ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی لەناو پەرلەمانی ئەورووپادا هەیە؟**

- ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستان بە نوێنەرایەتی هەرێمێك بانگهێشتی پەرلەمانی ئەورووپا کراوە کە مسعود بارزانی سەرۆکی ئەو هەرێمەیە، بۆیە دەبێت لە تێڕوانینی ئەورووپاوە بۆ مسعود بارزانی سەیری گرنگی وتارەکەی مسرور بارزانی بکەین، ئەوەی من بە تەواوەتی لێی دڵنیام، ئەوەیە ئەورووپا زۆر بە بەرزی سەیری مسعود بارزانی دەکات، تەنانەت کاتێك نوری مالیکی سەرۆك وەزیران بوو، ئەورووپا لە پێگەیەکی زۆر بەرزتر لە مالیکی سەیری سەرۆك مسعود بارزانی دەکرد، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەورووپا دەزانێت بارزانی لە کوردستاندا چۆن سەرۆکایەتی کردووە، وڵاتەکەی مسعود بارزانی دەرگاکانی کردۆتەوە بۆ ئاوارەکان و بۆ داڵدەدانی ئەو خەڵکانەی پێویستییان بە داڵدەدان و یارمەتی هەیە، هەروەها ئەورووپا ئەوەی لەبەر چاوە کاتێك مەسیحییەکان لە ناو عێراق سەرکوت دەکران و ئێستا کە لەلایەن داعشەوە سەرکوت دەکرێن، هەرێمی کوردستان چۆن پێشوازی لێکردوون و چۆن زەمینەی پێکەوەژیانی فەراهەم کردووە، ئەمەش ئەوەی سەلماندووە کە ڕۆژئاوا بە ئاسانی دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ ئەو وڵاتە بکات کە مسعود بارزانی سەرۆکایەتی دەکات، کەواتە ئامانجی بانگهێشتکردنی مسرور بارزانی بۆ پەرلەمانی ئەورووپا بۆ ئەوەی وتارێك پێشکەش بکات و گوێی لێبگرن و پاشان موناقەشەی لەگەڵ بکەن، سەبارەت بە دەوڵەتی ئیسلامی داعش ئەمە هەنگاوێکی ڕوونە، لەبەر ئەوەی پێشمەرگە سەلماندی ئەو هێزەیە دەتوانێت ڕووبەڕووی داعش ڕابوەستێت، بەشێوەیەکی گونجاو لەلایەن ڕۆژئاواوە چەك بە پێشمەرگە دراوە و توانیویانە سوودێکی زۆر باش لەو چەکانە وەربگرن و سەلماندیشیان کە تەنها هێز لە هەموو ناوچەکە بە عێراق و سووریاشەوە کە بتوانێت داعش ڕابگرێت، هێزی پێشمەرگەیە، چونکە دەرکەوت سوپای عێراق مایەی پشت پێبەستن نییە، کاتێك لە چەندین ناوچەدا ڕووبەڕووی داعش بوونەوە، چەکیان فڕێدا و جل و بەرگە سەربازییەکانیان دڕاند و بە شێوەیەکی شپرزە ڕایانکرد. هەر ئەمەش هۆکاری

**سەرکردەکان لە ڕۆژئاوا و لە نیویاندا ئۆباما لە ئەمریکا، هەروەها کامیرۆن و فرانسوا هۆلاند و ئەنجیلا مێرکل دان بە مسعود بارزانی و سەرکردایەتییە تۆکمەکەیدا دەنێن، وەک باشترین ڕێگە بۆ تێکشکاندنی داعش لە سەر زەوی**

**دەتوانین بە گورزی ئاسمانی و بە پێدانی چەک هاوکاری بکەین، بەڵام پێویستمان بە ئازایەتی پێشمەرگە و سەرکردایەتی دروستی مسعود بارزانی هەیە بۆ ئەوەی دڵنیا بین کە دەتوانین داعش تێکبشکێنین**

**کوردستان پێویستییەکی بە پەلەی بە هاوکاری هەیە، پێویستیش هاوکاری دارایی و کۆمەکی خۆراکی و ئەو هاوکارییان لە ڕێی بەغداوە ڕەوانە نەکرێت، بەڵکو ئەو هاوکارییانە ڕاستەوخۆ بۆ هەولێر ڕەوانە بکرێن**

**هەرەسهێنانی سوپای عێراق سەری کێشا بۆ زیادبوونی میلیشیا شیعەکان کە پشتیوانی کران و پڕچەک کران و تەنانەت لەلایەن فەرماندەی سەربازی ئێرانەوە سەرکردایەتیش کران**

**ئەوروپا ئەوەی لەبەر چاوە کاتێک مەسیحییەکان لە ناو عێراق سەرکوت دەکران و ئێستا کە لەلایەن داعشەوە سەرکوت دەکرێن، هەرێمی کوردستان چۆن پێشوازی لێکردوون و چۆن زەمینەی پێکەوەژیانی فەراهەم کردووە**

**بەشێوەیەکی گونجاو لەلایەن رۆژئاواوە چەک بە پێشمەرگە دراوە و توانیویانە سوودێکی زۆر باش لەو چەکانە وەربگرن و سەلماندیشیان کە تەنها هێز لە هەموو ناوچەکە بە عێراق و سووریاشەوە کە بتوانێت داعش رابگرێت، هێزی پێشمەرگەیە**

ئەوەیە کە ئێستا رۆژئاوا راوێژکاری سەربازی دەنێرێت بۆ مەشقپێکردنی سوپای عێراق بۆ ئەوەی ئامادەییەکی سەربازی لە شەڕەکەدا دروست بکەنەوە. بەداخەوە هەرەسهێنانی سوپای عێراق سەری کێشا بۆ زیادبوونی میلیشیا شیعەکان کە پشتیوانی کران و پڕچەك کران و تەنانەت لەلایەن فەرماندەی سەربازی ئێرانەوە سەرکردایەتیش کران. لە ئێستادا هاوپەیمانان و دەوڵەتانی ئەوروپا لەو رێگە دەگەڕێن کە چۆن بتوانن هاوکاری ئەو هێزانە بکەن کە لەسەر زەوی دەتوانێت رووبەڕووی داعش ببنەوە، ئەو رێگەیەش تەنها یەك رێگەیە و دەبێت هەموو خێڵەکانی عەرەبی سوننە یەکبخرێن و مەشقیان پێبکرێت و پاشان بە هاوکاری لەگەڵ پێشمەرگە و بە سەرکردایەتی مسعود بارزانی رووبەڕووی داعش ببنەوە، ئەمەش تەنها رێگەیە بۆ تێکشکاندنی داعش، لەم چوارچێوەیەدا هۆکارەکە ئاشکرایە بۆچی پەرلەمانی ئەوروپا بانگهێشتی مسرور بارزانی راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستان دەکات و لە برۆکسل گوێ بۆ وتارەکەی دەگرن.

*** ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستان ئەزموونێکی قووڵی هەیە لەبارەی شەڕکردن لە دژی تیرۆر لە ناوچەکەدا بەهۆی جوگرافیای هەرێمەکەوە، هەروەها بەهۆی سیاسەتی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم کە لەلایەن ئەم ئەنجومەنەوە داڕێژراوە، ئەمەش کەشێکی دیموکراسی لەم دۆخە پڕ لە تیرۆر و ئاڵۆزەی ناوچەکەدا دروست کردووە، پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند پێویستە لەم ئەرکەدا یەکێتی ئەوروپا پشتیوانی هەرێمی کوردستان بکات؟**

- ئەوە زیاتر و زیاتر روون دەبێتەوە کە سەرکردەکان لە رۆژئاوا و لە نێویاندا ئۆباما لە ئەمریکا، هەروەها کامیرۆن و فرانسوا هۆلاند و ئەنجێلا مێرکل دان بە مسعود بارزانی و سەرکردایەتییە تۆکمەکەیدا دەنێن، وەك باشترین رێگە بۆ تێکشکاندنی داعش لە سەر زەوی. دیارە راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانیش، راستەوخۆ راوێژکاری (سەرۆك بارزانی)یە و بەشدارە لە ستراتیژیەتی شەڕی دژەتیرۆردا بەوەی لەسەر زەوی چۆن رووبەڕووی تیرۆریستانی داعش دەبنەوە، ئەوەی تا ئێستا دەرکەوتووە، ئەوەیە گورزە ئاسمانییەکان کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە لایەن ئەمریکا و بە هاوکاری هەندێ وڵاتی ئەوروپی ئەنجامدراون، رۆڵێکی باشیان هەیە لە دژی داعش، بەڵام بە تەنها بەس نین بۆ تێکشکاندنی داعش، ئێمە پێویستمان بە هێزی زەمینی هەیە و ئێستاش ئەو هێزە پێشمەرگەن و لە ژێر سەرکردایەتی (بارزانی) دان کە ئەزموونی چەندین ساڵ شەڕکردنی هەیە و سەرکردەیەکی بەهێزە و ئێمە لە رۆژئاوا چاومان لەوەیە بارزانی سەرکردایەتی و رێبەرایەتی ئەو شەڕە بکات، ئێمە دەتوانین بە گورزی ئاسمانی و بە پێدانی چەك هاوکاری بکەین، بەڵام پێویستمان بە ئازایەتی پێشمەرگە و سەرکردایەتی دروستی مسعود بارزانی هەیە بۆ ئەوەی دڵنیا بین کە دەتوانین داعش تێکبشکێنین.

*** ئەوە سەلمێنراوە کە پێشمەرگە تاکە هێزە دەتوانێت رووبەڕووی داعش ببێتەوە و تێکی بشکێنێت و ئەو ناوچانە رزگاربکاتەوە کە کەوتوونەتە دەستی داعش، هەروەها توانای ئەوەی هەیە هاوکاری و پشتیوانی کوردی سووریاش بکات، کە بە رەسمی هێزی پێشمەرگە بەرەو کۆبانێ چوون، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی هێشتا یەکێتی ئەوروپا چەکی قورسی بە پێشمەرگە نەداوە؟ تا چ رادەیەك دوای وتارەکەی مسرور بارزانی یەکێتی ئەوروپا و رۆژئاوا بە هەڵوێستی خۆیاندا دەچنەوە و بیر لەوە دەکەنەوە چەکی قورس و نوێ بە پێشمەرگە بدەن؟**

- پێموایە ئەوە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بانگهێشتکردنی مسرور بارزانی بۆ پەرلەمانی ئەوروپا، ئەم داواکردنە لە پەرلەمانی ئەوروپا کە تاکە رێگە بۆ تێکشکاندنی داعش بریتییە لە پێدانی چەکی قورس و نوێ بە پێشمەرگە و هەروەها پشتیوانی لۆجیستی. من پێموایە ئەگەری زۆرە کە وڵاتانی ئەوروپا بە ئیجابی لەم داواکارییە بڕوانن و باوەڕم وایە ئەو چەکانە بە پێشمەرگە دەدەن کە پێویستی پێیەتی. ئێمە لە ئەوروپا واقیعبینیانە لەگەڵ دۆخەکە مامەڵە دەکەین و دوودڵین لە ناردنی سەرباز، ئێمە نامانەوێت لە ناکۆکییەکی ناوچەیی لە ناو عێراقدا تێوەبگلێین، بەڵام دەبێت بەو شێوەیە لە پێشمەرگە بڕوانین کە تاکە هێزە دەتوانێت بەرەنگاری داعش ببێتەوە و بیبەزێنێت، پێشمەرگەش چەکی نوێی پێویستە و پێموایە رۆژئاوا بۆی دەستەبەر دەکات، کاتێك لەگەڵ بارزانی کۆدەبێتەوە.

*** مسرور بارزانی باسی لەوە کرد کە سەرەڕای ئەوەی لە سەنگەرەکانی پێشەوەدا پێشمەرگە رووبەڕووی تیرۆریستانی داعش دەبێتەوە، ئەوا یانزە مانگە حکومەتی مەرکەزی عێراق ئابڵوقەی ئابووری خستۆتە سەر هەرێمی کوردستان و بەشە بودجەی ئەم هەرێمەی بڕیوە و ئەو راستییەی بۆ روون کردنەوە، ئایا لەم دۆخە سەختەدا تا چ رادەیەك یەکێتی ئەوروپا ئامادەیە فشار بخاتەسەر حکومەتی عێراقی بۆ رەوانەکردنی بودجەی هەرێم؟**

- بە دڵنیاییەوە سزاکانی سەر کوردستان لەسەردەمی مالیکیدا دەستی پێکرد، ئێستا بارودۆخەکە بە تەواوەتی گۆڕاوە، داعش یەك لەسەر سێی خاکی عێراقی

داگیرکردووه. تاوەکو حەیدەر عەبادی نەچێتە سەر ئەو قەناعەتەی کە ئەو پێویستی بە پێشمەرگە هەیە بۆ بەزاندن و زاڵبوون بەسەر داعشدا، ئەوا بەردەوام دەبێت لەسەر لە دەستدانی وڵاتەکەی، سەرجەم عێراقیش لە سایەی ئەم قەیرانەدا لەبەریەك هەڵدەوەشێت، بە هۆی ئەو قەیرانەی تیرۆریستانی دەوڵەتی ئیسلامی دروستیان کردووە. کەواتە دەبێت کۆتایی بەم سزایانە بهێنێت، پێموایە بە روونی گوێ لە پەیامەکەی مسرور بارزانی دەگیرێت لە برۆکسل.

*** ئێوە وەك سەرۆکی شاندی پەرلەمانی ئەوروپا بۆ عێراق ئایا لەم دۆخەدا فشار دەخەنەسەر عەبادی؟**

- من چیتر سەرۆکی ئەم شاندە نیم، لە حوزەیرانی ئەمساڵدا دەستم لە پەرلەمانی ئەوروپا کێشایەوە. بەڵام بەڵێ پەرلەمانی ئەوروپا دەتوانن ئەو فشارە دروست بکەن و هاوەڵ و دۆستی باشی من، دەیڤید کامبڵ، لە بری من بۆتە سەرۆکی شاندی عێراق و من دڵنیام لەم رووەوە فشار دەخاتەسەر حکومەتی حەیدەر عەبادی.

*** سەرەڕای ئابڵوقەی ئابووری حکومەتی مەرکەزی، حاڵی حازر نزیکەی یەك ملیۆن و ٥٠٠ هەزار ئاوارە لە کوردستاندا هەن کە لە ئێزیدی و مەسیحی و عەرەبی سوننە و ئاوارەکانی سووریا پێکهاتوون، واتە کوردستان بۆتە شوێنی پێکەوەژیانی ئەو هەموو گرووپە ئیتنی و ئایینیانە، ئەمەش بارگرانییەکی زۆری خستۆتە ئەستۆی هەرێمی کوردستان، مسرور بارزانی باسی ئەم دژوارییانەی بۆ یەکێتی ئەوروپا کرد، ئایا دوای ئەو وتارە تا چ رادەیەك هاوکاریی مرۆیی لەلایەن ئەوروپاوە بۆ ئاوارەکانی کوردستان زیاتر دەبێت ؟**

- من هیوادارم وڵاتانی ئەوروپا درك بەوە بکەن کە پێویستە هاوکاری زیاتر بۆ کوردستان بنێرن، بەهۆی ئەو کارانەی کردوویانە لە پەنادانی ئاوارەکان، نەك هەر بۆ ئاوارە ناوخۆییەکانی عێراق کە بەهۆی شەڕەکانی داعشەوە هەڵاتوون، بەڵکو بۆ ئەو ئاوارانەی لە سووریا و ناوچەکانی دەوروبەرەوە هاتوون. ئەمەش ناوبانگێکی جیهانی بۆ کوردستان دروست کردووە لە پەنادانی ئاوارەکان. بەڵام ناکرێت چاوەڕێ بکەین ئەوان بە تەنها خۆراك و چاودێری تەندروستی و خوێندن دەستەبەر بکەن بۆ یەك ملیۆن و ٥٠٠ هەزار کەس. لە ماوەی پێنج ساڵی سەرۆکایەتیمدا بۆ شاندی پەیوەندیەکانی عێراق من داوای هاوکاری دارایی زیاترم کردووە. ئێستاش دەبێت ئەوە بزانین ئەم قەیرانەی ئێستا زۆر خراپترە بە بەراورد بە پێنج ساڵ پێش ئێستا. کوردستان پێویستییەکی بە پەلەی بە هاوکاری هەیە، پێویستیش هاوکاری دارایی و کۆمەکی خۆراکی و ئەو هاوکارییان لە رێی بەغداوە رەوانە نەکرێت، بەڵکو ئەو هاوکارییانە راستەوخۆ بۆ هەولێر رەوانە بکرێن، پێموایە ئەمەش پەیامێکی بنەڕەتی دەبێت، هیوادارم وڵاتانی ئەوروپا گوێیان بۆ پەیامەکەی مسرور بارزانی گرتبێت و ئومێدەوارم کۆمەکی زیاتر بەڕێوەبێت. من هیوای ئەوە دەخوازم کە «European External Action Service» کونسوڵگەری لە هەولێر بکاتەوە، چونکە بوونی ئامادەییەکی دیبلۆماسی تەنها لە بەغدا و بوونی تەنها دوو یان سێ دیبلۆماتکار لە بارەگایەکدا کە لە باڵیۆزی بەریتانیا بە کرێ گیراوە بەس نییە، بەڵکو دەبێت نووسینگەیەکمان لە هەولێر هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسانەدا بکەین.

*** مسرور بارزانی راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە برۆکسل رایگەیاند، پەکەکە بە تیرۆریست نازانن، ئایا تا چ رادەیەك ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی یەکێتی ئەوروپا بە هەڵوێستی خۆیدا بچێتەوە و لەو لیستە دەریان کات، لەبەر ئەوەی ئەوانن شەڕی داعش دەکەن و مەدەنییەکان لە کۆبانێ دەپارێزن؟**

- بەم دواییە حکومەتی تورکیا سنوورەکانی خۆی کردەوە بۆ ئەوەی رێگە بە چەکدارانی پەکەکە بدات بە خاکی تورکیادا تێپەڕن بۆ ئەوەی بچن و هاوکاری بکەن لە شەڕی کۆبانێدا، ئەوەش بەلای منەوە ئاماژەیەکە بۆ نەرمبوونی هەڵوێستی حکومەتی تورکیا لە ئاست پەکەکەدا. من هیوادارم لە کات و ساتی خۆیدا کێشەکە چارەسەر ببێت، ئێمەش فشارەکانمان زیاتر بکەین بۆ ئەوەی پەکەکە لە لیستی تیرۆری ئەوروپادا دەربکرێت.

*** دوا وتەت چییە؟**

من ئەم چاوپێکەوتنەم بەوە تەواو دەکەم و دەڵێم: هەمیشە ئەوپەڕی رێزم هەبووە بۆ سەرۆك بارزانی و هەرێمی کوردستان کە توانیوتانە نەوایەکی سەقامگیر و ئاشتییانە دروست بکەن، لە کاتێکدا لە باقی عێراقدا قەیران و تەنگژە هەیە، ئێستاش لە زۆر رووەوە لەلایەن رێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە دەورە دراون. ئێوەن جیهان چاوی لە سەرتانە بەهۆی بوێری و ئازایەتی پێشمەرگەوە بۆ تێکشکاندنی داعش و بۆ رزگارکردنی عێراق لەوەی بەرەو دەوڵەتێکی شکستخواردوو بچێت. ئەمە پیشانی دا کە جیهان ئەوپەڕی متمانەیان هەیە بە سەرکردایەتی مسعود بارزانی و ئەوپەڕی متمانەیان هەیە بە ئازایەتی کورد و ئێمە زۆر بەرز لە کوردستان دەڕوانین و چاومان لەوەیە مەسعود بارزانی و کورد داعش تێکبشکێنن و تیرۆریزم لە عێراق تێکبشکێنن.

**تاوەکو حەیدەر عیبادی نەچێتە سەر ئەو قەناعەتەی کە ئەو پێویستی بە پێشمەرگە هەیە بۆ بەزاندن و زاڵبوون بەسەر داعشدا، ئەوا بەردەوام دەبێت لەسەر لە دەستدانی وڵاتەکەی، سەرجەم عێراقیش لە سایەی ئەم قەیرانەدا لەبەریەک هەڵدەوەشێت**

**ئێمە لە ئەوروپا واقیعبینیانە لەگەڵ دۆخەکە مامەڵە دەکەین و دوودڵین لە ناردنی سەرباز، ئێمە نامانەوێت لە ناکۆکییەکی ناوچەیی لە ناو عێراقدا تێوەبگلێین، بەڵام دەبێت بەو شێوەیە لە پێشمەرگە بڕوانین کە تاکە هێزە دەتوانێت بەرەنگاری داعش ببێتەوە و بیبەزێنێت، پێشمەرگەش چەکی نوێی پێویستە و پێموایە رۆژئاوا بۆی دەستەبەر دەکات**




## د. کەمال کەرکووکی

## ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# حکومەتی عەبادی پابەند نییە بە بەڵێنەکانی و دەبێت لەسەر بڕینی بودجەو مووچەی کوردستان حکومەتی بەغدا دادگایی بکرێت

هەرێمی کوردستان بە بارودۆخێکی هەستیار و ئاڵۆزدا تێدەپەڕێت، لەلایەك دووچاری شەڕێکی دژوار بووە لەگەڵ تیرۆریستانی داعش، لەلایەکی دیکەوە ماوەی نزیکەی ساڵێکە بەغدا شەڕێکی ئابووری سەختی بە بڕینی بودجە و مووچەی کوردستان دژی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاندووە، حکومەتی تازەی عێراقیش هەمان سیاسەتی حکومەتەکەی نوری مالیکی دووبارە دەکاتەوە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسانە و بارودۆخی بەرەکانی شەڕ ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ د. کەمال کەرکووکی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

*** بڕینی بودجە و مووچەی کوردســـتان و شـــەڕی دژی تیرۆریستان و ئەم بارودۆخەی ئێستای عێراق چ خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێ؟**

- ســـەبارەت بە عێراق دەبینین کە لـــە زۆر رووەوە بە ئاشـــکرا زوڵم لە کوردستان دەکرێت، هەموو جیهانیش دەزانـــن چۆن لە مێژوودا زوڵم لە کورد و کوردســـتان کراوە، بـــۆ نموونە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی خاکی کوردســـتان دابەشکرا، لەو عێراقەی کە بە زۆر پێکەوە لکێندرا، کورد چەندین جار تووشـــی ژینۆساید بووە، لە دوای رووخانی رژێمی ســـەدام حوســـێنیش، هاوپەیمانەکان بە ســـەرۆکایەتی ئەمریکا بە کوردیان راگەیاند: ئێوە لەناو ســـنووری ئەم عێراقە فیدڕاڵییە بمێننەوە، بۆتان باشـــترە، بەڵام ئەم فیدڕاڵییەتەو ئەم شێوازەش بە ئەزموون سەلماندی ئەزموونێکی فاشیلە، چونکە ئەو مافانەی لە دەستووردا ددانیان پێدا نرابوو هیچی جێبەجێ نەکرا. دوای هاتنی تیرۆریســـتانی داعش هەلومەرجێکی دیکە لە عێراقدا هاتۆتە ئاراوە، کە لەسەر کوردســـتانیش کاریگەری تایبەتی هەبووە، ئەمـــڕۆ لایەنێك هەیە ناوی لەخـــۆی ناوە «دەوڵەتی ئیسلامی» کە بە داعش ناسراوەو دڕندەترین رێکخراوی ئەم ســـەردەمەیە، ئێستا ســـنوورێکی نزیکەی ١٠٥٠ کیلۆمەتـــری لەگەڵ کوردســـتاندا هەیە، حکومەتی عێراق دەســـتوورەکەی خۆی جێبەجـــێ نەکردووە و لە ئێستادا دەســـەڵاتی بەســـەر٤٠٪ی خاکەکەیدا نییە و بە بڕینـــی بودجە و مووچەش زوڵمێکی یاســـایی گەورەی لە خەڵکی کوردســـتان کـــردووە، عێراق هەر بە ناو حکومەتـــە و هیچ بنەمایەکی حکومەتی پێوە دیار نییە. تەنانەت لەنـــاو بەغدای پایتەختیش هیچ سەقامگیری و جێگیرییەکی پێوە دیار نییە.

*** لە ئێســـتادا ئێمە لە شـــەڕێکی سەختداین لەگەڵ تیرۆریستان، تاچەند ئەم شەڕە وەرچەرخانی بە هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی بۆ کورد دروستکردووە؟**

- ئێستا کوردستان بۆتە مەڵبەندی پێکەوەژیان و وێڕای تێوەگلاندنی لەم شەڕەش، هێشتا لە بەشەکانی دیکەی عێراق ســـەقامگیرترە، ئەمە ئەو مانایە دەگەیەنێ کە گەلی کورد خاوەنی ئەم کیانەیە و رۆحییەت و گیانی پێکەوەژیان لە زاتیدا هەیە، جیهانیش ئێستا گەیشتۆتە ئەو راستییە. جاران راگەیاندن و میدیای بەهێزی وڵاتان کە پاڵپشتێکی بەهێزی ماددی دەکران، رووداوەکانیان بە پێچەوانە نیشـــان دەدا، رەشیان بە سپی و سپیان بە رەش نیشان دەدا، کوردیان بە گەلێکی شەڕخواز و دژی ئینسانییەت نیشان دەدا، بەڵام ئەمڕۆ راستییەکان وەك خۆیان دەرکەوتن، دنیا لە سیاسەتی هەرێمی کوردستان رازییە. ناوی پێشـــمەرگە لە جیهاندا دەنگی داوەتەوە کە ئەم هێزەیە بەرگری لە دیموکراسی دەکات و دژی تیرۆر وەستاوەتەوە، ئێمە وەکو کورد دەبێ ئەو راستییە بزانین کە ئەم شەڕەش کۆتایی دێت. لە دوای کۆتایی شـــەڕەکە لەسەر واقیع چی خاکمان هەبێ، ئەوە دەبێتە موڵکـــی ئێمە. واتە ئەمـــڕۆ حکومەتێکی ناوچەیی بەتەنیـــا ناتوانێت خۆی فەرز بکات، رەنگە هەڕەشـــە و گوڕەشـــە بکات، بەڵام ئـــەو وزە و توانایەی نییە، چ لە بواری ناوچەیی و چ لـــە بواری نێونەتەوەییدا خۆی بسەپێنێ. ناتوانێت بارودۆخ بەو شێوەیە بگۆڕێ کە خـــۆی دەیخوازێت، لەبەرئەوە دەبێت ئێمە گوێ لە هەموو لایەك بگرین، بەڵام لە بەرژەوەندی خۆمان یەك میســـقاڵە زەڕە دانەبەزین. ئێمە خۆڕاگری و هێزمان هەیە وەك هێزی پێشـــمەرگە کە سوپاس بۆ یەزدان لە هەموو جیهاندا ناوبانگی دەرکردووە. هەروەها لە بواری ئابووریشـــدا وەك دیارە ژێرخاکی کوردســـتان بەفکر و پلانی رۆڵە دڵسۆزەکانی ئەم هەرێمە کەوتۆتە خزمەتی ئاوەدانکردنـــەوەی وڵات و کۆمپانیا جیهانییەکان دێن گرێبەستی نەوتیی لەگەڵ کورد واژۆ دەکەن و نەوتی ژێر زەوی کوردستان دەردێنن و بۆ دەرەوەی دەنێرن، ئەویش لەگەڵ ئـــەو دەوڵەتەی کەوا چاوەڕوان دەکرا دوژمنی سەرسەختی کوردستان بێت، بەڵام بە دیپلۆماسییەتی هەرێمی کوردســـتان قەناعەتی پێ هێنرا، ئێستا لەناو خاکەکەی ئەو وڵاتەوە نەوتی هەرێمی کوردســـتان بۆ دەرەوە هەنـــاردە دەکرێت، لەبەر ئەوە لە رووی ئابووریی و لە رووی دیپلۆماســـییەوە ئەمڕۆ جیهان لە ئاســـتە باڵاکانییەوە روویان لە کوردستان کردووە.

*** لەم قۆناخـــەدا تاچەند یەکڕیـــزی نێوماڵی کورد گرنگـــە و تاچەند یەککگرتوویی گوتاری کوردســـتان لەسەر ئاستی جیهان گوێی لێدەگیرێت؟**

- یەکڕیزی و یەککگرتوویی لە ناو کوردستاندا تەنیا بە حزبێـــك و چەند حزبێك ناکرێت، تەنیا بە یەککگرتوویی میللـــەت و یەکڕیزی گەل دەبێت، ئەگەر ســـەرنجتان دابێت، رێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان نامەی بۆ پەرلەمان نووســـی و پەرلەمانیش پەســـەندی کرد کە پێشـــمەرگە بچێتە کۆبانێ، هەموو نەتەوەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستانەوە، هەموو تاکێکی کورد لە هەموو جیهانەوە پێشـــوازی و دەستخۆشییان لێکرد، ئەگەر ناکۆکیش لە نێوان حزبەکاندا هەبێت، لە ئێستادا گـــەل یەکڕیزە، یەکڕیزیی کورد لە پارتی و یەکێتی و گـــۆڕان و یەککگرتوو و کۆمەڵ گرنگترە، واتە ئێمە بە

**بەشداریی سەرۆکی هەرێم رێزدار مسعود بارزانی لە بەرەکانی شەڕ رۆڵێکی زۆر گرنگ و بەرچاوی هەبووە، ئەگەر لە بەرەی رەبیعە نەبوایە، ئەو سەرکەوتنە گەورەیە تۆمار نەدەکرا**

**بە هیمەت و کۆششی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان داعشەکان وەکو هێزێکی مەترسیدار کە ترس و دڵەڕاوکێیان لەناو خەڵکی بڵاو دەکردەوە، روویان لە رووخان و تێکشکان کردووە**

باشی هەستی پێدەکەین کە گەل یەکڕیزە. هەرچەندە ڕاگەیاندن هێندێك زیادەڕۆیی لە بارەی ناکۆکییەکانەوە دەکات، بەڵام مەرج نییە، ئەو شتانە ڕاست بن، چونکە ئەگەر وردە ناکۆکیش لەنێوان حزبەکاندا هەبێت، ئاساییە، بەڵام وەکو میللەت یەکڕیزین.

*** ئەوەی تیرۆریستانی داعش بەرامبەر خەڵکی کوردستان ئەنجامیان دا، کارێکی زۆر دڕندانە و نامرۆڤانە بوو، هەروەها هەندێك لە عەرەبی سوننەش هاوکاری داعشیان کردووە لەو تاوانانە، ئایا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم واقیعە تاڵە دەکەن؟**

- ئەوانەی دژایەتی خەڵکی کوردستانیان کردو ژینۆسایدیان دەرهەق بە میللەتەکەمان کرد، دڵنیابن داوڕۆژیان نییە، هەر گرووپ و لایەنێك پشتیوانی داعشی کردبێت و بەو گرووپە توندڕەوە تەکفیرییە هەڵخەڵەتابێت، ڕیسوا دەبن، مومکین نییە میللەتی کورد و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لە تاوانی قەتڵوعامکردنی مندال و ئافرەت و خەڵکی کوردستان خۆش بێت، هەموو ئەوانە ڕووبەڕووی دادگا دەکرێنەوە، پێشمەرگە و گەلی ئازادی کوردستانیش لەم شەڕەی داعش سەرکەوتن بەدەست دەهێنن و تەواوی خاکی کوردستان ئازاد دەکرێت و تەنانەت ئەو شوێنانەی ئێستا بوونەتە مۆڵگەی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) وەکو ناوچەی حەویجە و ڕیاز و موسڵ هەر هەمووی لەژێر دەستیان دەردەهێنێتەوە، ئەوانەی ڕۆژێك زووتر لە پاڵپشتیکردنی ئەم گرووپە چەکدارە خۆیان ڕزگار بکەن و خۆیان تەسلیمی دەزگا شەرعییەکانی کوردستان بکەن، لە مەرگی حەتمی دەربازیان دەبێت، کە بەداخەوە زۆر لەو ناوچانەی ئەوان کردوویانەتە مۆڵگەی خۆیان، خەڵکانێك هەبوون هەڵخەڵەتابوون و دوای ئەو گرووپە تەکفیریە کەوتبوون، وەکو گوندە عەرەبەکانی دەوروبەری شنگال کە دەستیان لە کوشتن و کۆمەڵکوژی کوردانی ئێزیدی هەبووە، بۆ نموونە لەناوچەی مەلا عەبدوڵڵا کە نزیکەی ٤٠ گوندی لێیە، تەنیا ٨ گوندی کوردنشینە و هەر ٨ گوندەکە لەگەڵ پێشمەرگەن، بەڵام گوندەکانی دیکە لەگەڵ داعشدا تێکەڵن و بارەگایان هەیە و کوڕەکانیان چەکیان بۆ هەڵگرتوون، ئەوەی کەمێك دۆخەکەی درێژە پێداوە، ئەو چەك و تەقەمەنییە پێشکەوتووەی سوپای عێراق بوو کە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا کەوتنە بەر دەستی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە، ئەمە جگە لەوەی بە ملیارها دۆلار پێشتر چەکیان کڕیوە و زۆر لەو چەکانە چەکی قورس و دوورهاوێژن، ڕاستە هاوکاری و پاڵپشتی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان بۆ مەشقپێکردنی پێشمەرگەو گورزە ئاسمانییەکان و پێدانی چەك کاریگەری باشی هەبووە بە ڕادەیەك هێزی دوژمن ڕووی لە شکان کردووەو چەندین ناوچەمان ئازاد کردەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پێشمەرگە پێویستی بە چەك و تەقەمەنی پێشکەوتووتر و قورس هەیە، دڵنیام هەموو خەڵکی کوردستان بە کچ و کوڕەوە ئامادەن بەرگری لە کوردستان بکەن، بەڵام پێویستمان بەچەکی قورس و پێشکەوتووتر هەیە.

*** ئایا بەشداری ڕاستەوخۆی سەرۆك بارزانی لە بەرەکانی شەڕ تاچەند کاریگەری لەسەر ورەی پێشمەرگە هەبووە؟**

- بەشداریی سەرۆکی هەرێم ڕێزدار مسعود بارزانی لە بەرەکانی شەڕ ڕۆڵێکی زۆر گرنگ و بەرچاوی هەبووە، ئەگەر لە بەرەی ڕەبیعە نەبوایە، ئەو سەرکەوتنە گەورەیە تۆمار نەدەکرا و دوور نەبوو پێشمەرگە نەتوانێت پێشڕەوی بکات، بەڵام بە پلان و نەخشەی بەرێزیان و سەبر و خۆڕاگری و نەخشەکەیان هەنگاو بەهەنگاو وایکرد سەرکەوتنەکە بەردەوام بێت و، سەرکەوتنی دیکەی بەدواوە دەبێت، بۆیە هەم بۆ مەعنەوییاتی پێشمەرگە و هەم بۆ مەعنەویاتی خەڵکی کوردستان و هەم بۆ جیهانی دەرەوەی دیموکراسی کە سەیر دەکەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی بەرەکانی جەنگ دەکات، تین و گوڕێکی دیکە دەداتە هەم پشتیوانی دەرەکی و هەم ڕۆڵ و ورەی پێشمەرگە بەرز دەکاتەوە. بەهەوڵ و هیمەتی پێشمەرگە و سەرکردایەتی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پاڵپشتی و هاوکاریی هاوپەیمانانمان، بارودۆخەکە گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووەو داعش ڕووخاوە و لە پاشەکشەی بەردەوامدایە و خەڵکی وازیان لێدەهێنێت، بەهۆی ئەم شکستانەشەوە ئێستا لەنێوخۆی ڕێکخراوە تیرۆریستەکەدا گرووپە چەکدارەکان ناکۆکی کەوتووەتە نێوانیان، وەکو ئەو ناکۆکی و شەڕانەی لەناوچەکانی سەعدییە و جەلەولا و موسڵ ڕوویدا، ئەمڕۆ بە هیمەت و کۆششی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان، داعشەکان وەکو هێزێکی مەترسیدار کە ترس و دڵەڕاوکێیان لەناو خەڵکی بڵاو دەکردەوە، ڕوویان لە ڕووخان و تێکشکان کردووە، سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرۆکی هەرێم بۆ هێزەکانی پێشمەرگە و سەردانکردنی سەنگەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگە و دانانی پلانی شەڕ ڕۆڵی بەرچاوی لەو پێشکەوتنانە

**لە دەستووری عێراقیدا نەگوتراوە دەبێت سۆمۆ نەوت بفرۆشێت، سۆمۆ خۆی گەندەڵە، فایلی هەیە کە بە ملیارها دۆلار دیار نییە**

**دڵنیام هەموو خەڵکی کوردستان بە کچ و کوڕەوە ئامادەن بەرگری لە کوردستان بکەن، بەڵام پێویستمان بەچەکی قورس و پێشکەوتووتر هەیە**

هەبوو کە پێشمەرگە بەدەستی هێناون.

*** تاچەند ئەم سەرکەوتنانەی پێشمەرگە دەبێتە فاکتەرێك بۆ ئەوەی هاوپەیمانان زیاتر هاوکاری پێشمەرگە بکەن؟**

- ئێستاکە هاوپەیمانان باوەڕێکی بێ سنووریان بە وتەکانی جەنابی سەرۆك هەیە، چونکە دەزانن بەڕێزیان لە خۆڕا قسە ناکات، ئەگەر قسەش بکات، بەرپرسیارانە دەیکات و دەزانێت چی دەڵێت، بۆیە لەو روانگەیەوە، سوپاس بۆ یەزدان ئەمڕۆ لایەنەکانی هاوپەیمان راوێژ بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەن و زۆر بە بایەخەوە سەیری رۆڵی سەرۆك بارزانی دەکەن، زۆریش خۆشحاڵن کە هێزەکانی پێشمەرگە لە ژێر چەتری وەزارەتی پێشمەرگە کۆبوونەتەوە. زۆر دڵیان بەوە خۆشە کە برا و خوشکە پێشمەرگەکان لە میحوەرەکانی شەڕدا رێنوێنییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە جێبەجێ دەکەن، بەبێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ سەرووی خۆیان لە حزبدا. ئەمە هەم بۆ خۆمان باشە و هەم وایکردووە پشتیوانییە دەرەکییەکانمان زیاتر بەبایەخەوە سەیری وەزارەتی پێشمەرگە بکەن.

*** بڕیار بوو دوای پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق پێش هەموو شت کێشەی بودجە و مووچە چارەسەر بکرێت، بەڵام تائێستا ئەم کێشەیە چارەسەر نەبووە، لەسەر ئەم پرسە راتان چییە؟**

- ئەوەی مالیکی سەبارەت بە بڕینی مووچەی هەرێمی کوردستان کردی، زوڵم و ناحەقییەکی گەورە بوو، دەبێت لەو زوڵم و ناحەقییەش دەربازی نەبێت. دەبێت رێگەی یاسایی بگیرێتەبەر، دەبێ کوردستان سکاڵای خۆی تۆمار بکات، جا حکومەتی بەغدا وەڵام دەداتەوە، یان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، دەبێ هەم لە حکومەتی مالیکی و هەم لە خودی مالیکی ئەم مافە وەربگیرێتەوە. واتە ئەگەر لە داهاتوودا بودجەکەمان بۆهات کە ئەوە مافی خۆمانە، نابێت ئێمە لە ئاست کردەوەکانی پێشووی مالیکی سەبارەت بە بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان خۆش بین. چونکە ئەمە بۆ تێکدانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان کرا، ئێستاکەش بەردەوامی هەیە، بەداخەوە سەرۆك وەزیرانی ئێستاش هەر هەمان سەرۆك وەزیرانی پێشووە، بەڵام لە بەرگێکی دیکەدا و زیرەکانەتر کارەکانی سەرۆك وەزیری پێشووی دووپات دەکاتەوە، دیارە ئەوە بڕوای خودی خۆمە و بۆ سەلماندنیشی پرسیار دەکەم بۆچی بودجەی هەرێمی کوردستان نانێرێت؟ خۆ لە سەرەتادا ئەگەر پرۆگرامی کارەکەی خۆی بخوێننەوە، لە خاڵی حەڤدەدا وتی: بودجەی هەرێمی کوردستان دەنێرم، کەچی ئێستا باسی سولفە دەکات، هەر زوڵمە کوردستان سولفە قبووڵ بکات، ئاخر کورد مافی خۆی هەیە، وەك گەلی کوردستان و گەلێکی لەناو عێراق زمانەکەی فەرمییە لە دەستووری عێراق و بەپێی یاساکان مافی خۆیەتی ١٧٪ی بودجەی هەبێت، ئێستا ئەو دەڵێت سولفە، کەواتە وەك پارێزگایەك سەیرمان دەکات، ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە، ئێمە نابێت سولفە وەربگرین، ئێمە مافی خۆمان دەوێت، دەبێت لە ئاستی بڕینی بودجەو مووچەی هەرێمی کوردستان ئیجرائات وەربگیرێت، چونکە فیتنە و دووبەرەکی خستۆتە نێوان گەلانی عێراق، بۆیە ئێمە نابێ لەوە خۆش بین، مەسەلەیەکەی عەرەبی هەیە کە دەڵێت: قطع الاعناق ولا قطع الارزاق، بۆیە ئێمە نابێ لەوە خۆش بین، دەبێت نەك تەنیا بودجە، بەڵکو مافی ئەو بڕینەی مووچەش بستێنینەوە. واتە ئەو پارەیەی چەند وەختە وەریان گرتووە، دەبێت بیگێڕینەوە.

*** ئەگەر ئەم بارودۆخە چارەسەر نەبوو، ئایا حکومەتی هەرێم چۆن ئەم کێشەیە چارەسەر دەکات؟**

- ئێمە لێرەدا سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بۆ پلانی نەوت و غاز، چونکە کێشەی بەنزین تا رادەیەك چارەسەر کراوە، کارەبا تا رادەیەکی باش چارەسەر کراوە، ئەگەر نەوت دەرناهاتبایە و نەفرۆشرابایەوە، کێشەکان گەورەتر دەبوون. مەسەلەی کێشەنانەوە لەبارەی فرۆشتنی نەوت لەلایەن عێراقەوە هیچی پێوەندی بە دەستوورەوە نییە، خۆ لە دەستووری عێراقیدا نەگوتراوە دەبێت سۆمۆ نەوت بفرۆشێت، سۆمۆ خۆی گەندەڵە، فایلی هەیە کە بە ملیارەها دۆلار دیار نییە. بۆیە دەستوور دەڵێت نەوت موڵکی گەلانی عێراقە و گەلی کوردستانیش یەکێکە لە گەلانی عێراق. باشە چۆن دەڵێن کە مەسەلەکە شەفاف نییە، ئەوە دەبینن وەزارەتی سامانە سروشتییەکیان پێیان راگەیاندوون کە خەڵکی خۆیان بنێرن و مەسەلەکە ببینن، ئەوە دەچێتە بەندەری جیهان و لەوێشڕا بە کەشتی بۆ جیهان دەگوازرێتەوە. داهاتەکەشی هەموو جیهان دەزانێ دەچێتە بانکێکی تورکییەوە، ئەمریکا دەزانێت و نەتەوە یەکگرتووەکان لەم مەسەلەیە ئاگادارن، هیچ شاراوەییەکی تێدا نییە. لەگەڵ ئەوەشدا وتوومانە ١٧٪ی خۆمان دەگێڕینەوە و ئەوەی دیکەشی بۆتان بەڕێ دەکەینەوە، بەڵام ئەوان بەوەش رازی نین.

**هەر گرووپ و لایەنێك پشتیوانی داعشی کردبێت و بەو گرووپە توندڕەوە تەکفیرییە هەڵخەڵەتابێت، ریسوا دەبن**

**عێراق هەر بە ناو حکومەتە و هیچ بنەمایەکی حکومەتی پێوە دیار نییە**

**تەنانەت ناو بەغدای پایتەختیش هیچ سەقامگیری و جێگیرییەکی پێوە دیار نییە**

# حزبە سیاسییەکان و تەحەدییاتەکانی بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانی



د. شێرزاد نەجار

تایبەت بۆ گولان نووسیویەتی

**لە باری ئێستادا هەرێمی کوردستان کە بەوشێوەیە باسی لێوە دەکەن لە حاڵەتی قەیران و حاڵەتی تەنگەتاوییەو پێویست بەوە دەکات هێزە سیاسییەکان زیاتر بایەخ بدەن بە بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی و پەرژێنە سەر بوونی کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی هەرێم و دوور بکەونەوە لە کەلێنخستنە ناو کاروباری سیاسی هەرێم، کە رەنگە حاڵەتێکی وا بوار بڕەخسێنێت بۆ هەلقۆستنەوەی هەندێك بۆ بە ئاڕاستەبردنی تۆتالیتارییانەی مەرامە تایبەتەکان، کە دواجار ئاراستەی کاری سیاسی بەرەو شوێنێکی تاریك و نادیار پەلکێش دەکات.**

دیراســـەتە ئەکادیمییەکان دەربارەی حزبە سیاسییەکان رووبەریان تەســـك بۆتەوە بە هۆی ئەوەی کە کێشەی دیکە دەستیان بەسەر شـــرۆڤەکردنی سیاسیدا گرتووە، تەنانەت هەندێ دیراســـە ئاماژە دەکـــەن بۆ دیاردەی هەڵوەشـــانەوەی حزبە سیاسییەکان Decline of political parties» گرنگترین پرس کە لە پێشەوەی شرۆڤەکردنی سیاسیانەی هاوچەرخ دێت: توانا و لێهاتوویی ئەدای سیستەمە سیاسییەکە و چۆنێتی سەقامگیربوونیەتی، لە نێو ئەو پرسانەشـــدا دیراســـەکردنی حزبی سیاسی کەلێنێکی دیاریکراو پڕ دەکاتـــەوە کە رووبەرەکەی بە گوێرەی سیســـتەمە سیاســـییەکە و پۆلێنکردنەکەی جیاوازە.

حزبە سیاســـییەکان بۆ ئەوە دادەمەزرێن کە گوزارشت لە بەرژەوەندییـــە تایبەتییـــە دیاریکراوەکانیان بکەن، بۆیە ئەو حزبانە لەگەڵ ئەوەی کە بانگەشـــە بۆ ئەوە دەکەن، بەڵام ناتوانن نوێنەرایەتیی بەرژەوەندیی گشتی یان ویســـتی گشـــتی بکەن هەروەك جان جاك رۆسۆ دیـــاری دەکات، لەبەر ئەوەی تەنیا گوزارشـــت لە راو بەرژەوەندیی توێژێکی دیاریکراوی گەل، یان چینێکی دیاریکراو دەکەن. کەواتە حزبە سیاســـییەکان لەســـەر بنەمای جیـــاکاری و بەرژەوەندییـــەکان دادەمەزرێن، حزبی سیاســـی بریتییە لە کۆبوونـــەوەی بەرژەوەندییە جیـــاوازەکان و داکۆکـــی کردن لە سیاســـەتێك کە لە بنەڕەتدا بەرژەوەندیـــی جیاوازن(ئەڵمۆندوباول)، حزبی سیاســـی بریتییە لە کۆمەڵە بەرژەوەندییەك(کمسۆن) کە کلیلی رێکخســـتنە بۆ گەیشتن بە ئەنجامگەلێکی کۆمەڵایەتـــی و سیاســـی لە رێگـــەی کۆکردنەوەی چەندین بەرژەوەندیی جیاواز لە چوارچێوەی تەباییەکی ســـەقامگیر کە بەهێزتر و پتەوترە لە بەرژەوەندییەکانی هەر کۆمەڵێکی جیاجیا(کارل دویتش).

لێرەوە پرســـیارێکی گرنگ ســـەرهەڵدەدات دەربارەی ئەوەی ئایا جیاوازی لە نێوان بەرژەوەندییە تایبەتییەکان و بەرژەوەندییە باڵا گشتییەکاندا هەیە؟

پرۆفیسۆر (ئیستن Easton) بەرژەوەندییە تایبەتییەکان لە بەرژەوەندییە گشـــتییەکان جیـــا دەکاتەوە و جەخت لەســـەر جیاکردنەوە لە نێوان بەرژەوەندییە خودییەکان و بەرژەوەندییە بابەتییەکان دەکات، بۆیە کاتێ کەسێکی دیاریکراو لەســـەر لێکدانەوەی تایبەتیی خۆی قســـە دەکات کە لـــە پێنـــاوی بەدیهێنانـــی ئامانجەکانی پێویستە، ئەو لێکدانەوەیەش گوزارشت لە بەرژەوەندییە خودییەکانی بکات، لە جیهانی سیاسەتیشـــدا زۆرجار گوزارشـــتکردن لەو بەرژەوەندییە تایبەتییانە دەخرێتە پاڵ رێکخســـتنەکانی حزب، کە پێویســـتە گوزارشت لـــە راوبۆچوونـــی ئەندامەکانی بـــکات، بەڵام کاتێ گوزارشتکردن لە پێداویستییەکان دەخرێتە پاڵ کەسێك یان کۆمەڵێك بەپێی نۆرمێکی بێ لایەنی دەرککردنی خۆیی، لەو حاڵەتەدا بەوە لێکدەدرێتەوە کە گوزارشـــتە لە بەرژەوەندیی بابەتی.

ئەم جیاکردنەوەیە کە (ئیســـتن) پێشـــنیاری دەکات، دەکـــرێ وا لێکبدرێتـــەوە کـــە حزب توانـــای هەیە بەرژەوەندییە خودییەکان بگرێتە باوەش و گوزارشـــتیان لێ بکات، کاتێکیش ئەندامانی حزب لە کرێکاران داوا دەکەن کرێیەکانیان زیاد بکرێت، ئەو داوایە گوزارشـــتە لـــە بەرژەوەندییە خودییەکان، بـــەڵام ئەگەر حزب ئەو داوایەی بە رەوشی ئابووریی وڵاتەوە بەستەوە، ئەو کاتە گوزارشت لە بەرژەوەندیی بابەتییەکان دەکات.

لەبەرامبەردا تێبینی دەکەین لای پرۆفیسۆر سمیسلەر (Smelser) کە جیاوازیی نێوان بەرژەوەندییە تایبەتییەکان و بەرژەوەندییە گشتییەکان لە میانی جیاکردنەوە لە نێوان بەرژەوەندییەکانی جودای سوود (interest-articulation) یان گەلە سوود (interest-aggregation)، کە وای دەبینێ کـــە حزب بەتوانایە بـــە رادەیەکی دیاریکراو لەســـەر بەدیهێنان و دەستەبەرکردنی ئەو بەرژەوەندییانە.

کەواتە، زۆرینەی ئاراســـتە لە دیراســـەکردنی حزبی سیاســـی دەبێتە هۆی ئەوەی بـــڕوای بەوە هەبێت کە حـــزب توانای کۆکردنـــەوەی هەیە لە نێـــوان هەردوو چەشنی ســـەرەوەی بەرژەوەندییەکان، بۆیە پرسیارێك دێتەئاراوە: چۆن دەکرێ ئەم پەیوەندییەی نێوان هەردوو بەرژەوەندییەکان بێنێتەدی؟

پرۆفیســـۆری فەرەنســـی جۆلیان فرۆنـــد Freund لـــە جیاوازیی نێـــوان تایبەت و گشـــتی لە هزری سیاســـی کۆڵیوەتـــەوە و تایبەتمەندیـــی سیاســـی ئـــەو جیاوازییـــەی روونکردۆتەوە کە لـــە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە سیاســـییەکاندا دەردەکەوێت کە گشتین، لە کاتێکدا هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە تایبەتین، کەواتە تایبەتمەندیی گشـــتی لەو چالاکییە کۆمەڵایەتییەدا دەردەکەوێت کە ئامانجی پاراســـتنی ئەندامەکانـــی کۆمەڵەیەکی بێ لایەنـــە ئەوانەی کە بەرژەوەندیی گشـــتیی هاوبەشـــیان هەیەو پێویســـتە بەردەوام پارێزگاریان لـــێ بکرێت، چونکە بوونی ئەو کۆمەڵەیە دەخاتـــەڕوو و بەبێ ئەویش بوونی دەکەوێتە بەر مەترســـی و هەرەســـهێنان، ئەم پەیوەندییەی نێوان تایبەتی و گشـــتی گوزارشتە لە بوونی مرۆڤایەتی و ئەم بوونەش بەبێ چالاکیی سیاسی دەرکی پێ ناکرێت،

**پێویستە لەسەر حزب بە رەفتارێک هەڵسوکەوت نەکات کە وا پیشان بدرێت کە بەشێکی تایبەتییە لەخۆی و پەیوەندیی نییە بە شتێکەوە لە گشت**

**لە باری ئێستادا هەرێمی کوردستان لە حاڵەتی قەیران و حاڵەتی تەنگەتاویەو پێویست بەوە دەکات هێزە سیاسییەکان زیاتر بایەخ بە بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی بدەن و بپەرژێنە سەر بوونی کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی هەرێم و لە کەلێنخستنە ناو کاروباری سیاسی هەرێم دوور بکەونەوە**

جا لەبەر ئەوەی کۆمەڵگە بوونی هەیە، بۆیە پێویستە شتێکی سیاسی هەبێت، دواتر کاروبارێکی سیاسی، کە ئەمە کاروبارێکی گشتییە و لەسەر هەمووان پێویستە ڕێکبکەون لەســەر چۆنێتیی پارێزگاری لێکردنی لە مەترســییەکان و هەرەســهێنان. ئەو کاروبارە گشتییە ئەرســتۆ دیاری کــردووە کە بریتییە لــە بەدیهێنانی بەرژەوەندییە گشتییە هاوبەشەکان، ئەمەش بە ڕێگەی چالاکیی مرۆیی بەدی دەهێنرێت کە بەوە ناودەبرێت کە گوزارشت لە سیاسەت دەکات.

ئەم بیرۆکەیە جان جاك ڕۆسۆ پەرەی پێداوە کە ویستی گەل لە ویستی گشتیی جیا کردەوەVolonteGenerale، ویستی گشــتی ئەوەی کە گوزارشت لە بەرژەوەندیی گشــتی دەکات و مەرجیش نییە ئەو ویستە گشتییە گوزارشت لە ویستی هەمووان بکات کە زۆر جیاوازن، یان گوزارشت لە کۆمەڵە ویستێکی گشتی بکات.

حزبی سیاســی لە چالاکی و سیاسەتەکانیدا پێویستە لە هەمان کاتدا ڕایەڵێــك بێنێتە ئاراوە لەنێوان هەردوو بەرژەوەندیی گشــتی و تایبەتیدا، لێرەدا پرۆفیســۆر سارتوری هێڵێکی گرنگ بۆ حزبی سیاسی دەستنیشان دەکات، کاتــێ دەڵێ: حزب نوێنەرایەتیی بەشــێك لە گشت دەکات، ئەم گشتە ناکرێ لەلایەن تاکە حزبێکەوە نوێنەرایەتــی بکرێ (هەروەك حزبــە تۆتالیتارییەکان مژدەی پێ دەدەن). لە هەمان کاتدا پێویســتە لەسەر حزب بە ڕەفتارێك هەڵســوکەوت نەکات کە وا پیشــان بدرێت کە بەشێکی تایبەتیە لەخۆی و پەیوەندیی نییە بە شــتێکەوە لە گشــت، بۆیە حزبی سیاســی کە — بەشێکە لە گشت - پێویستە گرنگیی بە بەرژەوەندییە گشــتییەکان بدات و گوزارشــتیش لە گشت بکات. بەم شــێوەیە کە دەگوتــرێ هێزگەلێکی کۆمەڵایەتی بوونیان هەبێت و کۆمەڵە ئامانجێکی ســەرتاپاگیری هەڵبگرێت کە گوزارشت لە بەرژەوەندییە گشتییەکانی هەموو کۆمەڵگە بــکات ئەوەیان بیرۆکەیەکی هەڵەیە و دەمانگەیەنێتــە بیرۆکەیەکــی دیکــەی هەڵــە و پەیوەستە بە بوونی حزبێك کە نوێنەرایەتی هەموو هێزە کۆمەڵایەتییەکان دەکات و دواتر گوزارشــت دەکات لە بەرژەوەندییە گشــتییەکانی کۆمەڵگە(د. عەبدولڕەزا ئەلتەعان).

کەواتە حزبە سیاســییەکان نوێنەرایەتی توێژ و چینی کۆمەڵایەتی فرەچەشــن دەکــەن، لەبــەر ئەوەیە کە (ماکیفــەر) لە کتێبێکیدا بە ناوی پێکهێنانی دەوڵەت، جەختی کردۆتەوە لە ســەر ئەوەی: سیســتمی حزبیی بریتییە لە گوزارشــتێکی دیموکراتییانە ســەبارەت بە ململانێــی نێوان چینەکان، ئــەم حەقیقەتەش هەر زوو لە لایەن (جیمس مادیســۆن) درکی پێکرا، کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ویلایەتــە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کاتێك جەختی کردەوە لەوەی کە کۆمەڵگەی ئەمریکی لەسەر جیاکاری نێوان ئەوانەی موڵکیان هەیەو ئەوانەی نییانە ڕاوەســتاوە، واتا جیاکاری لە بەرژەوەندییەکاندا، هەروەها لەسەر مەســەلەی هەبوونی پێوەندی لە نێوان چینــی کۆمەڵایەتی و حزبی سیاســیدا، لەو بارەیەوە (گرامشــی) پێیوایە کە چینی کۆمەڵایەتی پێویستە یەك حزب نوێنەرایەتی بکات، بەڵام زانای سیاسەتمەدار (میلیباند) بە پێچەوانەی ڕای گرامشــییەوە پێیوایە ڕەنگە بۆ چینێکی دیاریکراو و فرەحزبی نوێنەریان بێت و ئەمەش ئاســایی بێت، تەنانــەت لە ناو ئەم فرەییەدا تێکەڵاوییــەك هەیە لــە نێوان ئەندامێتــی حزبەکاندا لەو ڕووەوە، نەمانی ئەندامێتــی چینی ئۆرگیناڵ لە ناو حزبدا نوێنەرایەتی کردنــی چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتییە.

بــەو واتایە ئەندامێتی حزبی دەبێتە تێکەڵەیەك لە نێوان هەموو چینەکانــدا، ئەندامێتــی حزبەکانی کرێکاران تەنیا بریتی نییە لە چینی کرێکار، بەڵکو ژمارەیەکی زۆری نەوەکانــی چینەکانی دیکەش تێیدان، بەڵکو بۆ سەرکردایەتی ئەو حزبە کرێکارییانە کەسانێك بەڕێوەی دەبەن کــە ئینتیمایان بۆ چینەکانی دی هەیە، بۆ ئەم حەقیقەتــەش ماکیفەر جەختی لەســەر کردۆتەوە بەو وتەیەی کە دەڵێت: پێویستە حزب نەبێتە دیلی چینێکی دیاریکراو، بەڵکو پێویســتە گوزارشــت لە بەرژەوەندی گشتی بکات، بەمەش هەموو حەقیقەت ناکەوێتە لای ئەو، چونکە حزب پشت دەبەســتێت بە چەند چینێك، نەك هەموو گەل.

ئەم ڕایەڵەی پێوەندییە لە نێوان حزب و گەل، پێوەندییەکە بەرژەوەندی بەڕێوەی دەبات، بەرژەوەندی ئەو چینانەی کە حزب لە ئامێزیــان دەگرێت، کەواتە دەکرێت بڵێین: ئــەو بەرژەوەندییەی حــزب لافــی نوێنەرایەتی پێ لــێ دەدات، نە تەواو تایبەتییە و نە تەواو گشــتییە، بەڵکو گشــتی ـ تایبەتە، لێرەوە دەکرێت ســووربوونی حزب ڕاڤە بکرێت لەســەر چۆنیەتی نوێنەرایەتیکردنی هەموو گــەل، کە ئەوەش بۆ مانــەوەی حزبەکەیەتی لە دەســەڵاتدا، مکوڕبوونی حزب لەسەر مانەوەی لە دەســەڵاتدا وەك ڕایەڵەیەك بەستراوەتەوە بە پشتگیری زۆرینەوە، بەپێی ئەو بەرنامەیەی پێشکەشــی کردووە، حزب لەم ڕووەوە پێویستە دەستپاك بێت لە بەرانبەر بنکە جەماوەرییەکەی خۆیدا، ئەگەر شکســتی هێنا لەوەدا

**دیگۆل بە حوکمی کەسایەتییە زاڵدەستییەکەی خۆی بەوە دەناسرایەوە کە توانی فەرەنسا لە کارەساتێکی گەورە بپارێزێت و نەهێڵێت حزبە سیاسییەکان بۆ خاتری بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان جڵەوی فەرمانڕەوایەتی بگرنەدەست و بەرژەوەندی گشتی و باڵای نیشتمانی فەرامۆش بکەن**

**ڕایەڵەی پێوەندیی لە نێوان حزب و گەل، پێوەندییەکە بەرژەوەندی دەیبات بەڕێوە، بەرژەوەندی ئەوچینانەی کە حزب لە ئامێزیان دەگرێت، کەواتە دەکرێت بڵێین ئەو بەرژەوەندیەی حزب لافی نوێنەرایەتی پێوە لێ دەدات، نە تەواو تایبەتیەو نە تەواو گشتیە، بەڵکو گشتی ـ تایبەتە**

که نەتوانێت گوزارشت لەو بنکەیەی خۆی بکات، ئەوە دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتی و دەسەڵاتی سیاسییانەی خۆی لەدەست دەدات..

لە شرۆڤەیەکی پرۆفیسۆر (مارتن سایمۆر لیبیست) کە بۆ ئەزموونی ئەڵمانیایی لە هەڵبژاردنەکاندا کردوویەتی، لە نێوان ماوەی زەمەنیساڵانی ١٩٢٨ تا ١٩٣٢ لەو کاتەدا کە حزبی نازی فەرمانڕەوایەتی گرتۆتە دەست، بەوەی ئەم حزبە توانیویەتی کار بکاتە سەر بنکە کۆمەڵایەتی و جەماوەرییەکەی حزبە لیبراڵییەکان و بەهۆیەوە توانی دەنگی زۆرینە بهێنێت و حوکم بەڕێوەبەرێت، ئەو بنکە کۆمەڵایەتییە نوێنەرایەتی چینی مامناوەند دەکات کە بەهۆی قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە ئەڵمانیای بەسەردا تێپەڕیوە، کاریگەر بووە، بەم دەرئەنجامەوە دەگەینە ئاکامێکی ترسناك و پڕبایەخ، ئەویش ئەوەیە کە حزبە لیبراڵی و موحافیزکار و چەپڕەوەکان خۆیان سەرقاڵ کردبوو بە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیانەوەو بە شێوەیەك لە شێوەکان بەرژەوەندی گشتی و نیشتمانی هاوبەشی گەلی ئەڵمانیایان پەراوێز خستبوو، ئەمەش بواری ڕەخساند بۆ هەڵکشانی حزبی تۆتالیتاری کە بە شێوەیەکی دیموکراتی گەیشتە فەرمانڕەوایەتی و باڵی کێشا بەسەر کۆماری فایمەری دیموکراتیدا، ئەم دەرئەنجامەش پێویستی بە رامانێکی قووڵە، ململانێی حزبی و پارادۆکسی بەرژەوەندپەرستی چینایەتی نابێت ببێتە هۆی فەرامۆشکردنی بەرژەوەندی گشتی هاوبەشەوە، بە شێوەیەك دواجار ببێتە کارەساتێك بۆ زەمینەسازاندنی هاتنی حزبێکی تۆتالیتاری، یان دیکتاتۆرێك بۆ سەر حوکم...

ئەم حاڵەتە لە فەرەنسادا ڕوویدا لە کاتی شکستپێهێنانی ئەڵمانیای نازی لە ساڵی ١٩٤٤، کاتێك حکومەتێکی کاتیی لە سێ حزبی بەهێزی هاوپەیمانیی پێکهات کە ئەمانە بوون:

حزبی شیوعی فەرەنسایی کە ناوی لە خۆی نابوو حزبی حەفتاو پێنج هەزار فیشەك بە هۆی رۆڵی ئەکتیڤانەی لە بەگژداچوونەوەی نازیەتدا، هەروەها بەشی فەرەنسایی پارتی کارگەرانی نێودەوڵەتی، سێیەمیشیان پارتی سۆسیالیست و بزووتنەوەی کۆماریی میللی سەر بە حزبی دیموکراتی کریستیان، هاوپەیمانێتی لە نێوان ئەم سێ حزبە بەردەوام بوو، هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری چوارەمی فەرەنسایی ساڵی ١٩٤٦ تا قەیرانی مایۆی ساڵی ١٩٤٧ کاتێ وەزیرە شیوعییەکان لە حکومەت کرانە دەرەوە..

ئیتر ئەم کۆمارە بە ناسەقامگیری دەناسرایەوە بە پێی ئەو ناکۆکی و پارادۆکسە قووڵانەی کەوتبونە نێوان حزبە سیاسیە هاوبەشەکانی کە حکومەتیان دامەزراندبوو لەگەڵ حزبەکانی دەرەوەی حکومەت، دیاردەی کاریگەرێتی ژەنەڕاڵەکان بەسەر سیاسەتەوە بڵاو بوویەوە بە تایبەتی ئەو ژەنەڕاڵانەی کە لە جەزائیر گەڕابوونەوەو قەیرانێکی توندیان خوڵقان و لە دواجاردا بوونە هۆی دارمانی کۆماری چوارەم و هاتنەسەرحوکم و دەسەڵاتی ژەنەڕاڵ دیگۆل و ڕاگەیاندنی کۆماری پێنجەم کە دیگۆل بە حوکمی کەسایەتییە زاڵدەستییەکەی خۆی بەوە دەناسرایەوە توانی فەرەنسا لە کارەساتێکی گەورە بپارێزێت و نەهێڵێت حزبە سیاسییەکان بۆ خاتری بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان جڵەوی فەرمانڕەوایەتی بگرنەدەست و بەرژەوەندی گشتی و باڵای نیشتمانی فەرامۆش بکەن.

بەو هۆیەوە حزبە سیاسییەکان کاتێ نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی بنکە جەماوەرییەکەی خۆیان دەکەن، ئەو کاتە نابێت لە چوارچێوەی بەرژەوەندی تایبەت بەو بنکە کۆمەڵایەتییەی جەماوەرەکەی خۆیانەوە بکارێن، بەڵکو لە ساتەوەختانی قەیرانەکان و ئەو کێشە گەورانەی پێوەندییان بە هەمووانەوە هەیە، پێویستە لەئاستی ئەو قەیران و گرفتانە هەڵسووڕێن و بەرژەوەندی هاوبەشی گشتی و تەحەدیاتەکان بە هەند وەربگرن، ئەوەش بە کاری هاوبەش لەگەڵ حزبەکانی دیکە ئەنجام دەدرێت تا وڵات لەو قەیران و کێشانە بهێنێتە دەرەوەو بە کەمترین زیانی چاوەڕوانکراو لێی بێنە دەرەوە، ئەگەر حاڵەتەکە بە پێچەوانەی ئەمەوە بێت، ئەوا بەرژەوەندی گشتی دەکەوێتە بەر نسکۆیەك کە ڕەنگە بە قووڵی کاریگەری بخاتە سەر بوونی کۆمەڵگەو دەوڵەت و ببێتە دەروازەیەك بۆ دارمانێك کە هەڕەشە لە هەمووان بکات.

لە باری ئێستادا هەرێمی کوردستان کە بەوشێوەیە باسی لێوە دەکەن لە حاڵەتی قەیران و حاڵەتی تەنگەتاوییەو پێویست بەوە دەکات هێزە سیاسییەکان زیاتر بایەخ بدەن بە بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی و بپەرژێنە سەر بوونی کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی هەرێم و دوور بکەونەوە لە کەلێنخستنە ناو کاروباری سیاسی هەرێم، کە ڕەنگە حاڵەتێکی وا بوار بڕەخسێنێت بۆ هەڵقۆستنەوەی هەندێك بۆ بە ئاڕاستەبردنی تۆتالیتارییانەی مەرامە تایبەتەکان، کە دواجار ئاراستەی کاری سیاسی بەرەو شوێنێکی تاریك و نادیار پەلکێش دەکات..

**(گرامشی) پێی وایە کە چینی کۆمەڵایەتی پێویستە یەک حزب نوێنەرایەتی بکات، بەڵام زانای سیاسەتمەدار (میلیباند) بە پێچەوانەی ڕای گرامشییەوە پێی وایە بۆ چینێکی دیاریکراو ڕەنگە فرەحزب نوێنەرایەتیان بکات، ئەمەش ئاسایی بێت**



## د.محەمەد ئەحمەد

### یاریدەدەری ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بۆ گولان:

# سەرۆکی هەرێمی کوردستان توانیویەتی پەیوەندییەکان هاوسەنگانە رابگرێت

**لەم بارودۆخە ئاڵۆز و هەستیارەدا کە رووبەڕووی گەلەکەمان بۆتەوە، هەم لەبەردەم ئومێدێکی گەورەداین و لە مێژوودا دەرفەتی وا گرنگمان بۆ نەهاتۆتە پێشەوە، هەمیش لە بەردەم مەترسییەکی گەورەداین کە هەڕەشە لە بوونمان دەکات، لەم دۆخەدا پێویستە چۆن پێناسەی تەحەدییەکان بکەین و چۆن زەمینەیەکی لەبار بۆ سەرکەوتن لەم شەڕە دروست دەکرێت؟ تاچەند گرنگە حزبە سیاسییەکانی کوردستان لەم هەلومەرجەدا هەوڵەکانیان بۆ یەکڕیزی نێومالّی کورد بێت، ئەم پرسانە و چەند پرسیارێکی دیکەمان ئاراستەی د. محەمەد ئەحمەد یاریدەری ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کردو بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** ئێستا کوردستان رووبەڕووی شەڕێکی گەورە لەگەڵ تیرۆریستانی داعش بۆتەوە،لەم شەڕەشدا بێجگە لە پشتیوانی خوای گەورە، تەنها یەکڕیزیی نێو ماڵی کوردە کە زامنی سەرکەوتن دەکات، ئایا لە ئێستادا تا چەند ئەو یەکڕیزییە بوونی هەیە و چ خوێندنەوەیەکتان بۆی هەیە؟**

- هیچ شتێك ئەمڕۆ هێندەی یەکڕیزی بۆ کورد گرنگ نییە، چونکە کەوتووینەتە بەردەم شەڕێکی گەورەی نەگریس کە شەڕێکی نێودەوڵەتییە، ئەگەر کورد یەکدەنگ نەبوونایە، نەیدەتوانی ئەو پشتیوانییە نێودەوڵەتی و هاوکارییە هەرێمایەتییە و ئەو ورە بەرزە جەماوەرییەی کە پێویستە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو جەنگە نەگریسەی کە بەسەر کوردا سەپێنراوە، مسۆگەر بکات، هاوکات چەندە کورد لە بەردەم مەترسییەکی گەورەدایە، هێندەش لەبەردەم وەرچەرخانێکی مێژوویی دەگمەندایە، کە بەهۆیەوە باشترین دەرفەتە بۆ وەدیهاتنی خەونی لەمێژینەی نەتەوەیەکی داگیرکراوی ستەملێکراو، بەو مانایەی هاوکێشە نێونەتەوەیی و

هەرێمایەتیەکان بە جۆرێك هاتوونەتە سەر بار کە کوردیش وەك نەتەوەیەك دان بە مافەکانیدا بنرێت، کیانێکی هەبێت و ببێتە خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی خۆی، دەکرێت لەسەر بنەمای رێزگرتن و دۆستایەتی هاوبەش لەگەڵ نەتەوەکانی دراوسێی پێکەوە کار بکەن بۆ ئەوەی ئیتیحادێك، یان شێوەیەك لە رێککەوتن و جۆرێك لە رێکخستنەوە بێننە ئاراوە تا هەمووان پێکەوە بەهرەمەند بن بە شارستانیەتێکی تەکنەلۆژی، ئەوانەش زەمانەتن بۆ رووبەڕووبوونەوەو دەربازبوون لەو هەڕەشە گەورەیەی باسمکرد، هەروەها وەدیهێنان و گەیشتن بەو ئاواتە لە مێژینەی نەتەوەکەمان لە پاش پشتیوانی خوای گەورە، نیازی بە یەکڕیزیی گەلی کورد هەیە بە شێوەیەکی گشتی لەسەر هەر چوار پارچەکەی کوردستان، پێویستە حزبەکان کە ئێستا بوونەتە ئامانج ببنەوە ئامراز لە پێناوی ئامانجە مەزنەکەدا و هەر حزبێك بۆ خۆی خزمەت بکات و رۆڵی چاکسازی بگێڕێت، هەروەها چاوخشاندنەوەیەك بە خۆیدا بکات لە پێناوی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەکەیدا، چونکە ئەگەر بۆ مێژوو بگەڕێینەوە هەمیشە ناتەبایی نێوان هۆزەکان، یان حزبەکان خۆیان بوونەتە هۆی لەباربردنی زۆر دەرفەت و هەلی وەك ئەمەی ئێستا بۆ کورد هاتۆتە پێشەوە، هەمیشە نایەکڕیزیی کورد هۆکارێك بووە بۆ ئەوەی ناحەزانی کورد دەرفەتەکان لە بەرژەوەندی خۆیاندا بقۆزنەوەو بێ قەوارە و بێ کیانی بکەن، مافی دانپێنراوی فەرمی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لێ زەوت بکەن، لەبەر ئەوە پێویستە هەر یەکڕیزانە لەسەر کۆمەڵێك مەسەلەی ستراتیژییانەی نەتەوەیی رێکبکەوین، جیاوازییەکانی حزبەکان رۆڵی تەواوکاری بگێڕن لەو چوارچێوە ستراتیژییە نەتەوەییەدا، ئەگینا خوانەخواستە ئەگەر وا نەکرێت شەڕەکە بە زەرەر و زیانی کورد تەواو دەبێت، کورد جارێکی دی دەبێتەوە بە قوربانی شەڕەکانی ناوچەکە.

***حزبە سیاسیەکانی کوردستان لە ئێستادا چۆن و بە چ شێوەیەك دەتوانن بەسەر تەحەدیاتی ناوخۆیی و دەرەکیدا زاڵ بن و چی بکەن تا کۆدەنگییەکی نیشتمانی دروست بێت؟**

- بێگومان تەحەدییاتی ناوخۆییمان هەیە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لە نێوان حزبەکان خۆیاندا، تەحەدی نێوان هەرێم و بەغدا هەیە، تەحەدی نێوان نەتەوەکانی ناو هەرێم و نەتەوەکانی دراوسێی هەرێمیش بوونی هەیە، تەحەدیی شەڕی داعشیش هەیە، سەبارەت بە تەحەدیاتی ناوخۆ بەهۆی نەبوونی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی و جیاوازییە لە دید و بۆچوونەکان، کە بەهۆی ئەمانەوە هەڵوێستمان لاواز دەبێت لە کاتێکدا دەتوانین پێکەوە ستراتیژێکی نەتەوەیی وەها دابڕێژین کە یارمەتیمان بدات بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم تەحەدییاتانە، یەکێکی دی لەو تەحەدییانەی لەبەردەممان کۆسپن، بۆ لابردنی پێویستمان بە چاکسازی هەمەلایەنە هەیە، یەکێك لەو خاڵانەی وایکردووە رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر لاواز بکات، بەڕاستی بریتییە لە گەندەڵی، ئەگەر چارەسەری گەندەڵییەکان نەکرێت تەحەدییەکان گەورەتر دەکەن بۆمان، ئەگەر گەشە نەدەین بە دەستکەوتەکانمان و دیموکراتی بوون نەکەینە حەقیقەت و بە هەموومانەوە نەخشە دانەڕێژین بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانمان، ئەوە ئەو دەسکەوتانەشمان لەبار دەبردرێت کە لە ناوخۆی هەرێم بە ماندووبوونی زۆر و قوربانیدان وەدەست هاتوون، ئەمەش هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆخۆی، هەروەها پێویستە بە جددی کار بکەین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بە چارەسەرکردنی ئەو کێشانە هاوکارییەکی جددی دروست دەبێت بۆ ئەوەی بتوانین لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی مافەکانمان بەدەست بهێنین، کاتی خۆی تا هێڵی ٣٦ لە رووی نێودەوڵەتییەوە دیاری کرا وەك نەوایەکی ئارام بۆ هەرێمەکەمان و پێشتریش حکومەتی عێراقی دانی ناوە بەوەی سێ پارێزگا هی کوردستانە، تا ئێستاش بە شێوەیەکی فەرمی هەر ئەوەندەمان هەیەو بەو بارتەقایە و لەسەر بنەمای ئەو سێ پارێزگایە مامەڵەمان لەگەڵ دەکرێت، باقییەکەی فەرزی دیفاکتۆیەکە کە کورد دروستی کردووە لە دەرئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی کە کورد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ناوچەکە چەسپاندوونی، لەبەرئەوە چارەسەرکردنی کێشەکانمان لە نێوان هەرێم و بەغدا ئەویش بە یەکبەرنامەیی و بە یەکڕیزی دەکرێت، بە دابەشکردنی رۆڵەکان دەکرێت لە نێوان خۆماندا کە تەواوکاری یەکتر بین، پێکەوە دەتوانین رووبەڕووی ئەو تەحەدییاتە ببینەوە لەسەر ئاستی ناوچەکە و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش تا وێنەی مەزلوومییەتی خۆمان و مافە رەواکانمان بگەیەنینە ناوەندە بڕیار بەدەستەکانی دنیا، ئەمەش دەمێنێتە سەر یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی و بەڕێوەبردنێکی سەرکەوتووی ناوخۆیی.

*** وەك ئاماژەت پێکرد، دۆخێکی لەبار بۆ کورد هەڵکەوتووە، رەنگە بە درێژایی سەد ساڵی رابردوو دۆخی وەها دروست نەبووبێت، هەروەها کۆمەڵێك مەترسی زۆر گەورەش لەسەر کورد دروست بوون کە ئەوانەش هەڕەشەی گەورەن، دیسانەوە بە درێژایی مێژوو مەترسی وەها گەورە نەهاتۆتە پێش کورد، پرسیارەکەمان ئەوەیە، ئەرکی هێز و لایەنە سیاسییەکان و هاونیشتمانان لێرە چییە، بۆ ئەوەی خۆ لەو مەترسیە گەورانە بپارێزن و هەروەها بۆ ئەوەی ئەو خەونە لەمێژینەی کە باست لێکرد بۆ کورد بێتەدی؟**

- لە تاکێکەوە تا خێزان و تا گرووپێك و تا رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و تا حزبێك و دەزگایەکی حکوومی و ناوەندە بڕیاربەدەستەکانی حکومەتی هەرێم و تا سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش هەر هەموومان لەبەردەم بەرپرسیارێتییەکی جددی داین، هەر کەس لە جێی خۆیەوە پێویستە بەرنامە دابنێت بۆ پاراستن و

**هەمیشە نایەکڕیزیی کورد هۆکارێك بووە بۆ ئەوەی ناحەزانی کورد دەرفەتەکان لە بەرژەوەندی خۆیاندا بقۆزنەوەو بێ قەوارە و بێ کیانی بکەن**

**ئەگەر کورد یەکدەنگ نەبووایە، نەیدەتوانی ئەو پشتیوانییە نێودەوڵەتی و هاوکارییە هەرێمایەتییە و ئەو ورە بەرزە جەماوەرییەی کە پێویستە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو جەنگە نەگریسەی کە بەسەر کوردا سەپێنراوە، مسۆگەر بکات**

**هەموومان دەبێت هەوڵ بدەین بۆ چاکسازیی ناوخۆیی و بەرزکردنەوەی ورەی تاك و کۆی نەتەوەکەمان و هەوڵبدەین بۆ ئەوەی بە هەموو شێوازێك رووبەڕووی دوژمنان ببینەوە**

**پێویستە چەندین کۆنگرە لە هەولێر ساز بکەین، قەناعەتیش بە هەموو دنیا بکەین کە ئێمە نەتەوەیەکین مافی ئەوەمان هەیە خاوەنی کیان و ئاڵاو دەوڵەتی خۆمان بین**

درێژەپێدانـــی دەســـتکەوتەکانمان، هەموومان دەبێت هەوڵ بدەین بۆ چاکسازیی ناوخۆیی و بەرزکردنەوەی ورەی تاك و کـــۆی نەتەوەکەمان و هەوڵبدەین بـــۆ ئەوەی بە هەموو شێوازێك رووبەڕووی دوژمنان ببینەوە و هەر ئامرازێك کە بۆ دژایەتمان بەکار دەهێندرێت، ئێمە پووچەڵیان بکەینەوە، ئـــەوەش بە تاك و لۆك کەوتـــن و ناتەبایی و بە ململانێی حزبایەتی ناکرێـــت، دەبێت هەموو ئەوانـــەی ناوم هێنان، بەرپرســـانە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا بکەن، رێکخراوەکان و ئەهلـــی فیکر و قەڵەم رۆڵی خۆیان بەباشـــی بگێڕن لە دیاریکردنی ناتەواوییەکان لە چارەسەر بۆ دۆزینەوەیان، تا هەموان پێکەوە لەئاســـتی ئەو بەرپرسیارێتییە گەورەیەدا بیـــن و لەو بـــارەوە دەزگاکانی راگەیاندنیـــش دەتوانن بە رۆحێکی بەرپرســـیارانەوە بچنە بـــەردەم ئەو دوو حاڵەتەی باســـمکردن، کە یەکەمیان هەڕەشە گەورەکەیە کە جەنگی لەسەر سەپاندووین و ئەگەر سەرکەوتوو بین تیایدا دەکەوینە بەردەم دەروازەی بەدیهێنانی خەونێکی مێژوویی گەورەوە، کەواتە دۆخەکە زۆر هەستیارە و پێویستی بە بەرنامەیەکی گشـــتی هەیە کە تێکڕای جووڵە و هەوڵەکانمان ئاراستەی چ دەرچـــوون لە بەردەم هەڕەشـــەکە و چ ســـەرکەوتن بۆ وەدەســـتهێنانی ئاواتە گەورەکە بکات، واتە دەرفەت و هەل لە دەست خۆمان نەدەین و بە باشی بەرهەمی بهێنینەوە.

*** قســـە هەیە لەسەر ئەوەی کە لە ئاکامی ئەو یەکدەنگی و یەکڕیزییەی ئێستا لە باشووری کوردستان بەدی دەکرێت، هێزێکی هاوپەیمانێتـــی نێودەوڵەتی کە زیاتر لە ٤٠ وڵات لە خۆ دەگرێت، پشـــتیوانی لە گەلی کـــورد و هێزەکانی پێشمەرگە دەکەن کە لە بەرەی شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعشـــدان، مەرجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لە رۆژئاوای کوردســـتان بۆ پشتیوانیکردنی شـــەرڤانان و پێشمەرگە و هەناردەکردنـــی کۆمەك، مەرجی یەکڕیـــزی بوو لە نێوان هێز و لایەنە سیاســـییەکاندا، لە باشـــووری کوردستانیش ســـەرکردایەتی سیاسیی کوردســـتان بەتایبەتی سەرۆکی هەرێمـــی کوردســـتان رۆڵی گرنگی گێـــڕاوە لەوەی ئەم یەکڕیزی و تەباییە بێتەدی، لەو بارەیەوە بۆچوونت چییە؟**

- ئەگەر بتوانین بە لێزانین مامەڵە بکەین و بتوانین زەمینەی لە یەکتر تێگەیشـــتن و دابەشکردنی رۆڵەکانمان کۆمەڵێك بنەما دابڕێژینەوە بە ناوی بنەماکانی ستراتیژی نەتەوەیی و لە ناو ئەو بەرنامەیە بەشـــێوەیەك کار بکرێت، هیچ لایەن و کەســـێکی تێدا فەرامۆش و پەراوێـــز نەخرێت، هەموان بە یەکدەســـت خەمی ســـەرەتاو کۆتاییان دوورخستنەوەی شـــەڕ و خراپەکاری بێت لە پێناو بە دەرخستنی وێنەیەکی جوانی کورد کە بتوانن نیشـــانی بدەین بـــە دنیا، تەنانەت وەزیر و پەرلەمانتارەکانمـــان لە بەغداش لە فیکری ئەوەدا بن نموونەیەکی جوانی هەرێمی کوردســـتان پیشانی خەڵك بدەن، بە هەموو هەوڵێکی یاســـایی و دەستووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشـــنبیری و فیکرییـــەوە ئەو بەرنامە گشتیە دەوڵەمەند بکەین، تەنانەت پێویستە لەگەڵ جیهانی عەرەبیدا کار بکەین و چەندین کۆنگرە لە هەولێر ساز بکەین، تا لە رێی بانگهێشـــتی خەڵکەوە بتوانین رایەکی گشـــتی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی دروست بکەین بۆ پشتیوانیکردنمان لەم شـــەڕەی بەسەرماندا سەپێنراوە، قەناعەتیش بەوان و بە هەمـــوو دنیا بکەین کە ئێمـــە نەتەوەیەکین مافی ئەوەمان هەیە خاوەنی کیان و ئاڵاو دەوڵەتی خۆمان بین، ئینشائەڵڵا لەم شـــەڕەی دژی داعش سەردەکەوین و کوردیش بە خەونە مێژووییەکەی خۆی دەگات، هەرێمی کوردســـتانیش وەك توانیویەتی لەســـەر پێی خۆی رابوەســـتێت دەتوانێت ببێتە ناوکێـــك بۆ خزمەت گەیاندن بە خۆرئاوای کوردســـتانیش بە تایبەتی پارتی و یەکێتی و پەکەکە بتوانن هەســـت بەم بەرپرســـیارێتیە گەورەیە بکەن، ئاوا کورد بەســـەربەرزانە و ســـەرکەوتووانە لەم شـــەڕەش دەردەچێت و دەبێتە کیانێکی دادنپیانراوی یاسایی و نێودەوڵەتی و هەرێمایەتیش.

*** پســـپۆرانی سیاســـیی زانستە سیاســـیەکان پێیان وایە ئەو پشـــتیوانیە نێودەوڵەتییەی بۆ کورد دروســـت بووە، لە ئاکامی سیاسەتی حەکیمانەی کۆی سەرکردایەتی کوردو بەڕێز مســـعود بارزانی بووە. ئێوە رۆڵی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەم نێوەندەدا چۆن دەنرخێنن؟**

- ســـەرۆکی هەرێمی کوردستان توانیویەتی پێوەندییەکانی هەرێمی کوردســـتان هاوسەنگانە رابگرێت، جێگەی رێزە و چاوەڕێی زیاتریشی لێ دەکەین، دەبێت فراوانتریش مامەڵە بکات و هەموو تاکێکی ئەم هەرێمەش شانازی بکەن بەوەی سەرۆکەکەیان بەرگریکارێکی بەهێزە لە هەموان، هەروەها لە خەمی چاکسازییەکی جددیی ئەم هەرێمەدایە، لە خەمی گەشەدان بە تواناکانی رۆڵەکانی نەتەوەکەیەتی، بەو شێوەیە جەماوەری خەڵکی کوردستان دەبێ لە دەوری سەرکردایەتی گشتی و سیاسیی خۆی کۆببێتەوە، ئەگەرچی خۆمان لێی رازی نین، بـــەڵام توانیومانە حکومەتێکی یەکگرتووانەی هەرێـــم دابمەزرێنین، لە پاش ئەو دابەشـــبوونی نفووزیەی کە لە ناو هەرێمی کوردســـتان دروســـت بوو، توانراوە ئەو رۆڵە گەورەیە بگێڕێت، رۆڵی سەرۆکی هەرێم چاوەڕوانی باشـــتری لێ دەکرێت کە ببێتە مایەی یەکخستنی دید و بۆچوونەکانی هەموان، یەکخستنی ریزەکان و پتەوکردنی بەرنامـــەی هاریکاریی یەکتری و راکێشـــانی متمانەی هەرێمایەتـــی و نێودەوڵەتی و رۆڵی جوانـــی لەم بارەیەوە گێڕاوە، بەقەد ئەوەندی بەرپرســـیارێتی لە ئەستۆیدایە، تا بتوانێت تەواوی گەلی کوردستان بخاتە خزمەتی پرۆسەی سیاســـی، دەبێت زۆرتریش کراوەتر بێـــت بە رووی هەموو خەڵکـــی کوردســـتاندا و رۆڵی چارەســـازی ببینێتەوە بۆ کێشەکان، شتێك بکات هەر کێشەیەك بگاتە لای، ئەو ئیتر کۆتایی بە کێشـــەکە بهێنێت، هەموان دڵنیا بن لەوەی ئەو بۆ گشتە و هەموو خەڵکی کوردستانیش بۆ ئەو دەبن.



## د.حەیدەر سەعید

راوێژکاری سەنتەری عێراق بۆ دیراساتی ستراتیژی لە عەممان بۆ گوڵان:

# حکومەتەکەی عیبادی نەیتوانیوە شێوازی حوکمڕانی مالیکی بگۆڕێت و هیچ کام لە بەڵێنەکانی جێبەجێ نەکردووە

**مەرجی سەرەکیی ئەمریکا بۆ هاوکاریکردنی عێراق، گۆڕینی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق بوو، ئەوە بوو حەیدەر عەبادی لە جێگەی مالیکی دانرا، لەم حکومەتە تازەیەدا هەموو لایەك چاوەڕێی ئەوە بوون کە عەبادی پابەندی بەرنامەی حکومەت و بەڵێنەکانی بێت لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکە، بەڵام ئەوە زیاتر لە دوو مانگ تێپەڕیوە، بێجگە لە گۆڕینی دەموچاوی مالیکی، هیچ شتێك لە شێوازی حوکمڕانی عێراق نەگۆڕاوە، بۆ ئەم پرسە ئەم وتووێژەمان لەگەڵ د.حەیدەر سەعید راوێژکاری سەنتەری عێراق بۆ دیراساتی ستراتیژی لە عەممان ئەنجامداو بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

*** لە ئێستادا عێراق لە بارودۆخێکی ئاڵۆز و پشێویدا دەژیت و هیچ سەقامگیرییەك لە رەوشی ئەمنی و ئابووری ئەم وڵاتە بەدی ناکرێ، خوێندنەوەتان بۆ ئەم بابەتە چییە؟**

- لە راستیدا دوای تێپەڕبوونی دوو مانگ بەسەر پێکهێنانی حکومەتی عەبادی و ئەو بارودۆخە تازەیەی هاتە ئاراوە بە تایبەتیش گەڕانەوەی بەهێزی ئەمریکا بۆ ناوچەکە، ئەمە خۆی لە خۆیدا گۆڕانکاری بەدوای خۆیدا هێنا، تەنانەت زۆربەی دەوڵەتە ئیقلیمییەکان هاتنەوەی ئەم جارەی ئەمریکایان پێ چاك بوو، هەروەها نزیکبوونەوەی ئیقلیمی لە عێراق جیاوازیی تێکەوت، بەتایبەتیش دوای کەوتنی موسڵ و سەرهەڵدانی داعش، بۆیە پێموایە نەخشەی سیاسیی ناوچەکە هەمان ئەو نەخشەیەی جاران نییە، نزیکبوونەوەی دەوڵەتانی عەرەبی زۆر جیاوازە، بۆیە دەبینین سعودیە زیاتر لە عێراق نزیك دەبێتەوە، چونکە دەزانن مەترسیی دەوڵەتی فاشیلی عێراق هەر لێرە کۆتایی نایەت، بەڵکو پەل دەهاوێت بۆ ناوچەکانی دیکەش، خاڵێکی دیکەش ئەوەیە ئەو تاقمەی حوکمڕانیی عێراق دەکەن وەك شیعە کە زۆرینەن، هەست دەکەن کە ناکرێ ئەو شێوازەی کە دەوڵەتی پێ بەڕێوەدەچوو لە سەردەمی مالیکی هەر بەو شێوەیە بەردەوام بێت، ئەو لایەنانەش بەتایبەتی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی و رەوتی سەدر بنەمای سەرەکیی پێکهاتەی ئەو حکومەتەن.

*** پێتوا نییە کە شیعە لەو قۆناغەی کە حوکمی عێراقیان تێدا کرد، شکستیان هێناو رەوشەکەیان بەم ئاستە گەیاند؟**

- من لەم باوەڕەدا نیم کە شیعە شکستیان هێنابێت، بەڵکو ئەوان لە شێوازی حوکمڕانیی مالکیدا سەرنەکەوتن، رەنگە هەر سەرکردەیەکی دیکەش هەمان شێوازی بگرتایەتەبەر، هەر سەرکەتوو نەدەبوو، مالیکی لەدوای راپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی شێوازێکی زۆر سەنترالی بەکارهێنا بۆ حوکمڕانی و پێیوا بوو، ئەو شێوازە دەتوانێت سەقامگیری دروست بکات و نەهێڵێت لە عێراق ئاژاوە و ناسەقامگیری دروست بێت، بەڵام لە ئەنجامدا ئەو شێوازەی حوکمڕانیی مالیکی ماڵوێرانیی بۆ عێراق هێناو کارەساتی بەم شێوەیەی لێکەوتەوە کە رێکخراوێکی وەك داعش بێت و دووەم گەورەترین شار و ٣٠٪ی خاکی عێراق داگیربکات، لایەنەکانی دیکەی نێو شیعەش بەم شێوەیە بیر ناکەنەوە، بەڵام دیارە ئەوان لە کۆتاییدا دەیانەوێت حوکمڕانیی وڵاتێك بکەن کە دووربێت لە ئاژاوە و دووبەرەکی و بێ سەروبەری، بۆیە بیرکردنەوە لە ئەلتەرناتیڤی مالیکی لەوەوە هاتووە، بەڵام دوای دوو مانگ هیچمان لەو حکومەتە تازەیە نەبینیی، تەنانەت ئەو بەرنامە حکومییە لە نێوان سێ لایەنی سەرەکیی وڵات رێکەوتنی لەسەرکراوە، کە هەندێ پرس کاتی بۆ دیاریکراوە کە سێ مانگە، یاسای پێکهێنانی پاسەوانی نیشتمانی کە عەبادی داوای دەکات، دەبووایە لە ماوەی دوو هەفتەدا بخرێتە بەردەم پەرلەمان، بەڵام ئەوە چەند مانگ تێپەڕی و رەشنووسی ئەم یاسایە باسی لێوە ناکرێت، عەبادی پاساوی ئەوە دێنێتەوە کە گوایە لە ئەنجوومەنی وەزیران بۆچوونی جیاوازی لەسەرە، بۆیە من یەکێکم لەوانەی بەمە گەشبینیم، لە رۆژی ٨ی ئەیلول کە حکومەت و ئەنجوومەنی نوێنەران بەیەك گەیشتن ئەو سستی و خاوییە سەری هەڵدا، من پێموایە دواتر ئەمە لە بەرژەوەندیی رێکخستنە رادیکاڵییەکاندایە و داعشیش لێی سوودمەندە، بۆیە ئێمە لە چاوەڕوانی رێبازێکی چاکسازی و پێکهێنانی بەرەیەکی چەکداری بەهێزداین بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش، بەڵام ماوەیەك تێپەڕی و نە هێزەکان یەك خران و نە سازانی سیاسیش هاتە ئاراوە، رەنگە هۆکاری ئەمە ئەو نەفەسدرێژییەی ئەمریکاو پلانی ستراتیژیی سەرۆك ئۆباما بێت کە دەڵێت: لە نێوان سێ بۆ پێنج ساڵە.

* لە سایەی ئەو پێکهاتە تازەیەی حکومەتی ئێستای عێراق کە وەزیری بەرگری سوننەیە و وەزیری ناوخۆ شیعەیە، ئایا رەوشەکە لە سایەی ئەو دوو کەسایەتییە بەو شێوەیە دەبێت کە سوپای عێراق نەتوانرێت بنیادبنرێتەوە، یان پۆلیس بکرێتە سوپا؟

- ئامانجەکە بریتییە لە بیرۆکەی پێکهێنانی پاسەوانی نیشتمانی، کە ئەم بیرۆکەیە لای زۆر کەس وا دەکەوێتەوە کە متمانە لە نێوان لایەنەکاندا نییە، بۆیە بیرۆکە نوێیەکە زیاتر بریتییە لە دامەزراندنی هێزی ئاسایشی لۆکاڵی لە ناوچەکان لەجیاتی پاسەوانی نیشتمانی، بۆیە من پێموایە ئەوە نابێتە ئەلتەرناتیڤ بۆ گەڕاندنەوەی متمانە بە دامەزراوەی سەربازیی نیشتمانی، واتا لە هەر پارێزگایەك سوپایەك دادەمەزرێ، تەنانەت لە ناوچە شیعەنشینەکانیش هێزی پشتیوانیی میللی دەکرێت بە پاسەوانیی نیشتمانی، مەترسییەکە لەوەدایە کە ئەو هێزانە لە چوارچێوەی ئەو ململانێ و کێشانەی لە ئارادان رەنگە بەکاربهێندرێن بۆ پەلاماردانی یەکدی و تەنانەت دەوڵەتانی ئیقلیمیش بیقۆزنەوە، ئێمە دەمانەوێت کێشەکان کۆتایی پێ بهێنین، بەڵام کێشەیەکی دیکە بۆ خۆمان دێنینە ئاراوە، بۆیە ئەگەر سوپا بۆ یەکلایی کردنەوەی ململانێی تایەفی بەکارهات، ئەوا ناتوانرێت دامەزراوەی سوپا دروست بکرێت، ئەو سوپایە نە موڵکی کوردە بە تەنیا، نە هی شیعە و نە هی سوننەیە، بەڵکو سوپای هەموو عێراقییەکانە، دەکرێ هەموومان رێك بکەوین لەسەر بەڕێوەبردنی هاوبەشی دامەزراوەی سەربازی.

*** لەو شەڕ و رووبەڕووبوونەوەی ئێستا دەبینین ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەنیا لە رێی هێرشی ئاسمانی بەشداری دەکات، ئایا دەکرێ هێزی زەمینیشی تێدا بەکاربهێندرێت؟**

- من پێموایە لە قۆناغێکی ئەم شەڕەدا فڕۆکەکانی ئەمریکا سوودیان هەبوو، بەتایبەتیش کە مەخموور لەلایەن داعشەوە داگیرکرا و تەنیا ٣٠ کیلۆمەتر مابوو بگەنە سنووری هەولێر، ئەم فڕۆکانە پێشڕەویی داعشیان راگرت، بەڵام لە شوێنی

**مالیکی لەدوای راپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی شێوازێکی زۆر سەنترالی بەکارهێنا بۆ حوکمڕانی و پێیوا بوو، ئەو شێوازە دەتوانێت سەقامگیری دروست بکات و نەهێڵێت لە عێراق ئاژاوە و ناسەقامگیری دروست بێت**

**بە سووک سەیرکردنی مەسەلەی سوننە گوایە ئەوان ئەجێندای بیانی جێبەجێ دەکەن، عێراقی بەم ئەنجامە گەیاند**




دیکە هــەر بەردەوامبوون و ناوچــەی دیکەیان داگیرکرد، بۆ نموونە لە دەشــتی نەینەوا کە دەستپێشخەریی سەربازی لەدەست داعشــدا بوو، ئەو هێرشانەی ئاسمانی کاریگەریی زۆریان نەبوو، بۆیە بەمە ناتوانرێت خاکەکان رزگار بکرێنەوە، ئێمە باس لە پلانی درێژخایەن دەکەین، کەچی لەولاوە داعش پارێزگای ئەنباری داگیرکــرد، ئەمە قۆناغێکە، قۆناغی دووەم بریتییە لــە گەمارۆدانی داعش، واتا دابڕانی ناوچە ســنوورییەکان ئەویش بە زەبری هێــزی ناوخۆی عێراق و ســووریا، هەروەها قۆناغێکی دیکە دەستێوەردانی زەمینییە کە تا ئێستا سەرۆك ئۆباما ئەو هەنگاوەی هەڵنەهێناوە، زۆر جار ئەو سەرسامە بە مانشێتەکانی رۆژنامە ئەمریکییەکان کە بنووســن: «یەکەم کوژراوی ئەمریکا دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق»، بەڵام بڕیارەکە تەنیا بڕیاری ئۆباما نییە، بەڵکو ژەنەڕاڵ بێنسی ئاماژەی بەوەکرد دوای ئەوەی کە ئۆباما دژی دەستێوەردانی سەربازی بوو لە سووریا، کە ناکرێ بەبێ لێدانی ســەربازی داعش لە ســووریا لەناو ببرێت، هەروەها راوێژکارانی ســەربازیی ئەمریکا لە عێراق بەشــداریکردنی هێزی زەمینییان لە عێراق بەلاوە پەسندە و من پێموایە ئەمە هــەر روودەدات، بەڵام بڵاوبوونەوەی هێز بەو شــێوە فراوانییەی ســاڵی ٢٠٠٣ نابێت، کە رەنگە لای هەندێك بە دەستێوەردان و پێشێلکردنی یاسا و داگیرکردن لە قەڵەم بدرێت.

*** هەندێك پرســیاری ئەوە دەکەن کە ئەو شەڕەی ئێستا لە ئارادایە بە یەکەم شــەڕ لە ناوچەکە دادەنرێت کە لە رووی راگەیاندنی هەردوو لا رووماڵ نەکراوە؟**

- دیارە ئەمە شــەڕێکە وەك شەڕەکانی دیکە نییە، شەڕێکە دژی رێکخراوێــك کە هیچ ســەربازگە و دامودەزگایەکی سیســتماتیکی ســەربازیی نییە، یان بریتی نییە لە چەند تۆڕێکی چەتە لە شــارەکاندا بڵاوبوویێتەوە، تاکو بە ئاسانی لێیان بدرێت، ئێســتا گرنگ ئەوەیە چۆن بکرێت داعش لە ناخەوە هەڵبوەشــێتەوە، ئەگەر داعش چەندین ئەفســەری پێشووی ســوپای عێراقی بەکارهێنابێت، وەکو ئەبو موسلم تورکمانی و ئەبو موســا فازل حەیالــی، ئەوانە رەنگە ببنە بەشێك لە کێشەی سوننە لە عێراق، بەڵام مەرج نییە ئەوانە تــا کۆتایی لەگەڵ داعــش بمێننەوە، ئەوانــە رەنگە ببنە بەشــێك لەو رێککەوتنەی تایبەت بە دووبارە بنیادنانەوەی دامەزراوەی ســەربازیی عێراق، هەروەهــا ئەگەری ئەوەش هەیە لێیان دابڕێن، هەروەك چۆن پێش ماوەیەك لە موســڵ لە داعش هەڵگەڕانەوە، لەوانەیشــە داعش بە یەکجاری لە ناوچەکە هەڵبوەشێتەوە.

*** مەبەستت لەو هەڵوەشانەوەیە دابەشبوون و گواستنەوەیە بۆ چەند ناوچەیەکی دیکە نەك بە یەکجاری لەناوبچن؟**

- نەخێر، لەناوبردنی داعش پەیوەستە بەو شوێن و لایەنانەی داڵدەیــان دەدەن و باوەشــیان بۆ کردوونەتــەوە، ئێمە چەند ساڵە هۆشــیاریمان دەربارەی ئەوانە راگەیاندووە، بە سووك سەیرکردنی مەسەلەی سوننە گوایە ئەوان ئەجیندای بیانی جێبەجێ دەکەن، عێراقی بەم ئەنجامە گەیاند، گرنگ ئەوەیە سەرچاوەی پشــتیوانییان لێ ببڕدرێت، کێشەی ئێمە ئەوەیە بە تــەواوی پڕۆژەیەکمان نییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش، هیچ متمانەیەك لەم بارەوە لە ئارادا نییە، شــیعە دەڵێن ئێمە بۆچی بچینە ناوچەکانی ســوننە، با ئەوان بۆ خۆیان شەڕ بکەن، ســوننەش دەڵێت پیلانێك هەیە بۆ هەڵگیرســاندنی شــەڕی ســوننە لەنێو خۆیاندا، ئەمەش کێشەی سەرەکییە لەم بوارەدا.

**ئێمە لە چاوەڕوانی رێبازێکی چاکسازی و پێکهێنانی بەرەیەکی چەکداری بەهێزداین بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش، بەڵام ماوەیەک تێپەڕی و نە هێزەکان یەک خران و نە سازانی سیاسیش هاتە ئاراوە**

# هەڕەشەکانی دەوڵەتی ئیسلامی داعش و یەکگرتنی کورد



**دەیڤید ڕۆمانۆ**

**(ئوستادی سیاسەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی میزووری)**

**تایبەت بە گوڵان دەینووسێت**

**ئەوەی مایەی سەرسامبوونی زیاترە پشتیوانی روو لە زیادی جیهانە بۆ کورد. ئەو گەلەی پێشتر تەنها چیاکانی دۆستی بوون، کەچی ئێستا لە دەیان وڵاتەوە پشتیوانی و کۆمەك و تەنانەت چەکیشیان بۆ دەستەبەر دەکرێت. هەواڵەکان لە یابانەوە بۆ کەنەدا، هەر هەموویان خەباتی پاڵەوانانەی کورد پیشان دەدات دژی هێزێك کە سوپای عێراقی تێکشکاندووە، ئێستا هاوسۆزی و هۆشیاری لە ئاست کوردا لە ئاستێکی باڵای نوێدایە. باشترین هەڵمەتی پەیوەندییە گشتییەکان لە جیهاندا، ئەو لۆبیستانەی زۆرترین کرێ وەردەگرن و زیرەکترین هەڵمەتی بانگەشەکردن بەکاردەهێنن، نەیاندەتوانی ئەو هەموو هاوسۆزییە لە سەرتاسەری جیهاندا بۆ کورد کۆبکەنەوە. جارێکی دیکە ئەمە بەهۆی جیهادییەکانی دەوڵەتی ئیسلامیەوە ئەنجام درا.**

دوای ئەوەی کورد ئەوەندەی لە دەستیان دێت جیهادییەکان دەکوژن، رەنگە دواتر بیرێك لەوە بکەنەوە کە تیرۆریستانی دەوڵەتی ئیسلامی چی بۆ کردوون. ئەوەی دەوڵەتی ئیسلامی لە ماوەی چەند مانگێکدا کردوویەتی بۆ هێنانەدی یەکێتی کوردی زیاتر بووە لەوەی بە هەزاران لوتکەو بە هەزاران کۆبوونەوەو سەدان ساڵی سەرکوتکاری دەوڵەتان بکرێت. هاووڵاتیانی کوردی ئاسایی فرمسێکی خۆشیان هەڵڕژاند کاتێك بینییان پێشمەرگە و هەڤاڵ و گەریلاکانی پارتە سیاسییە کوردییە جیاوازەکان چوونەتە یەك بەرەوە و لە یەك هێزدا دژی پەلاماری دەوڵەتی ئیسلامی وەستاونەتەوە. هیچ کاتێك نەبووە هێندەی ئێستا یەکێتی نێوان بەشە جیاوازەکانی کوردستان روون و دیار بێت.

تاکتیکە بێ ئەندازە بەربەری و خوێنڕێژییەکانی

جیهادییەکانی دەوڵەتی ئیسلامی هاوکار بوون لە یەکخستنی ڕکابەریی ناوخۆیی کوردیدا. کاتێك تەواو ئاشکرابوو بۆ کورد کە ئەوە خەباتی مان و نەمانە- کاتێك ئاشکرابوو کە بوونی ئێزیدییەکان یان بوونی کورد بە گشتی، کە بە سەربەستی وەك کورد دەژیان- لە ژێر هەڕەشەدایە، سەرجەم ناکۆکی و جیاوازییە سیاسییە کۆنەکانی نێویان وەك شتێکی کەمبایەخ دەرکەوتن. ئەگەرچی جیهادییەکان گرتەی ڤیدیۆیی سەربڕینی بەندکراوەکان و کوشتنی بە کۆمەڵ بڵاودەکەنەوە بۆ ئەوەی ترس و لەرز بخەنە دڵی دوژمنەکانیانەوە، کەچی ئەمە کاریگەرییەکەی لەسەر کورد تەنیا بووەتە هۆکارێك بۆ بەهێزکردنی ئیرادەیان بۆ ئەوەی پێکەوە کۆببنەوە و شان بە شانی یەکتر شەڕی ئەم دڕندانە بکەن.

بەهۆی دەوڵەتی ئیسلامییەوەیە، ئێستا دەبینین پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان لە ڕێی تورکیاوە سەفەر دەکەن بۆ ئەوەی ببنە پاڵپشت بۆ شەڕڤانانی پارتی یەکێتی دیموکراتی (پەیەدە) لە ڕۆژئاوا. لە هەمان کاتدا، گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) شان بە شانی پێشمەرگە لە کوردستانی عێراقدا دژی دوژمنێکی هاوبەش شەڕ دەکەن. جەنگاوەرانی پارتە کوردییە ئێرانییەکانیش هاوکاری و یارمەتی خۆیان پێشکەش کردووە. ئایا تەنیا چەند مانگێك پێش ئێستا کێ بیری لەوە دەکردەوە کە ئەمە مومکین بێت، یان تەنانەت بە خەیاڵیشدا بێت؟

ئەوەی مایەی سەرسامبوونی زیاترە پشتیوانی ڕوو لە زیادی جیهانە بۆ کورد. ئەو گەلەی پێشتر تەنها چیاکانی دۆستی بوون، کەچی ئێستا لە دەیان وڵاتەوە پشتیوانی و کۆمەك و تەنانەت چەکیشیان بۆ دەستەبەر دەکرێت. هەواڵەکان لە یابانەوە بۆ کەنەدا، هەر هەموویان خەباتی پاڵەوانانەی کورد پیشان دەدەن دژی هێزێك کە سوپای عێراقی تێکشکاندووە، ئێستا هاوسۆزی و هۆشیاری لە ئاست کوردا لە ئاستێکی باڵای نوێدایە. باشترین هەڵمەتی پەیوەندییە گشتییەکان لە جیهاندا، ئەو لۆبیستانەی زۆرترین کرێ وەردەگرن و زیرەکترین هەڵمەتی بانگەشەکردن بەکاردەهێنن، نەیاندەتوانی ئەو هەموو هاوسۆزییە لە سەرتاسەری جیهاندا بۆ کورد کۆبکەنەوە. جارێکی دیکە ئەمە بەهۆی جیهادییەکانی دەوڵەتی ئیسلامییەوە ئەنجام درا.

ئەوە ڕوونە کە مەسەلەکە پێویستی بە بوونی لایەنێکی وەك دەوڵەتی ئیسلامی هەبوو، بۆ ئەوەی قەناعەت بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئەورووپاو وڵاتانی دیکە بکات تا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پشتیوانی لە کورد بکەن. دەرکەوت ئەو چەك و پارەو کەلوپەلانەی دران بە سوپای عێراق و موعارەزەی «میانڕەو»ی سووریایی و ئەوانی دیکە ئێستا لە دەستی دەوڵەتی ئیسلامیدان. ئەوانیش جگە لە سوپاکانی خۆیان لایەنێکی دیکەیان شك نەبرد پەنای بۆ ببەن، ئەوانیش نایانەوێت جارێکی دیکە لە زۆنگاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە تێوەبگلێن. لە کۆتاییدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و زۆرێك لە هاوپەیمانەکانی دەستیان کردووە بە ڕەواندنەوەی ترس لەسەر مەسەلەی سەربەخۆبوونی کورد. ئەگەرچی هێشتا ئەوان بەرهەڵستی سەرهەڵدانی دەوڵەتێك، یان زیاتر لە دەوڵەتێکی کوردی دەکەن، بەڵام لە کۆتاییدا سیاسەت داڕێژەرانی ڕۆژئاوا دەستیان کردووە بە پێداچوونەوە بەو شێوازە کۆنەی مامەڵەکردنیان لەگەڵ کورد و ئەولەوییاتەکانی ڕابردوویان.

بە دڵنیاییەوە، ئەوە دەکەوێتە ئەستۆی کورد خۆیان بۆ ئەوەی درێژە بە ساتەوەختی یەکگرتوویی خۆیان بدەن. وشەی شەرمەزاربوونیش هێشتا کەمە بۆ ئەو سەرکردە سیاسییە کوردانەی ئەگەر بە زوویی بگەڕێنەوە بۆ دژایەتیکردنی یەکتر و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان، هەر کاتێك هەڕەشەی ڕاستەوخۆی دەوڵەتی ئیسلامی لەسەریان داکشا. لە کاتێکدا کە پێویست ناکات لەسەر هەموو شتێك هاوڕابن، بەڵام دەبێت پارتە کوردییەکان لە ڕەفتارەکانیاندا لە ئاستی یەکتردا ئاگایان لە هێڵە سوورەکان بێت و ڕێزیان لێ بگرن.

پێویستە کورد بە گشتی وریا بن و درێژە بەو ئیرادە باشە بدەن کە لە جیهانەوە بەدەستیان هێناوە. دەبێت ئامادەبن بۆ ئەوەی کار لەگەڵ هاوپەیمانە ڕاستەقینەو ڕێزلێگیراوەکاندا بکەن لە بەغدا و ئەنقەرە و شوێنەکانی دیکە، ئەگەر ئەمە کارێکی کردەنی نەبوو، ئەوا سوود لەم ساتەوەختە وەربگرن بۆ ئەوەی لە مەودای دووردا مافە بنەڕەتییەکانی خۆیان بچەسپێنن. هەروەك زۆر شوێنی دیکەش، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چونکە ماف دەسەندرێت، نادرێت. چەندین تەنگژە لە ئارادا دەمێنن، ئەگەری ئەوە هەیە شەڕکردن لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی و ئەوانی دیکەی کە چاویان بە خێری کورددا هەڵنایەت بۆ ماوەیەکی دیکەش بمێننەوە.

لەم کاتەدا، کوردانی سەرجەم بەشەکانی کوردستان دەتوانن بیر لەوە بکەنەوە کە دەوڵەتی ئیسلامی و «خەلیفە» بەغدادی چی بۆ کردوون، بۆ ئەو لایەنە ئیجابییەی لەم شەڕەدا بۆ ئەوان دروست بووە. لە کاتێکدا دەوڵەتانی دیکە لە دەوروبەریان توانیین کورد لە دژی یەکتری دابەش بکەن، ئەوا ئەم دەوڵەتە «ئیسلامییە» کارێکی پێچەوانەی بۆ کوردان کرد.

**ئەوەی دەوڵەتی ئیسلامی لە ماوەی چەند مانگێکدا کردوویەتی بۆ هێنانەدی یەکێتی کوردی زیاتر بووە لەوەی بە هەزاران لوتکەو بە هەزاران کۆبوونەوەو سەدان ساڵی سەرکوتکاری دەوڵەتان بکرێت**

**جیهادییەکان گرتەی ڤیدیۆیی سەربڕینی بەندکراوەکان و کوشتنی بە کۆمەڵ بڵاودەکەنەوە بۆ ئەوەی ترس و لەرز بخەنە دڵی دوژمنەکانیانەوە، کەچی ئەمە کاریگەرییەکەی لەسەر کورد ئەوەیە کە تەنیا بووەتە هۆکارێك بۆ بەهێزکردنی ئیرادەیان تا پێکەوە کۆببنەوە و شان بە شانی یەکتر شەڕی ئەم دڕندانە بکەن**

1000
گوڵان




## دەیڤید ئۆتاوا

ئەکادیمیست و ڕۆژنامەنووسی جیهانی بۆ گوڵان:

# ئەگەر بەغدا نەتوانێت لەگەڵ هەولێر کێشەکانی چارەسەر بکات دەوڵەتی کوردستان دادەمەزرێت

رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت نـــەك هەر خـــۆی کەوتۆتە قەیرانێکەوە و کەشێکی ناسەقامگیری و بێ سیستمی هێناوەتە ئاراوە، لە هەمانکاتدا بۆتە هەڕەشـــە بۆسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان، لەم بارودۆخەدا کە شەڕێکی نێودەوڵەتی لـــەم ناوچەیە بەڕێـــوە دەچێت، کورد جیا لەوەی توخمێکی گرنگی نێو ئەم هاوکێشـــە سیاسییە ئاڵۆزەیە، لە هەمانکاتدا هێزی سەرەکیشـــە لە بەرەی شـــەڕی تیرۆریستانی داعشدا، بۆ قســـەکردن لەسەر ئەم بارودۆخە ئاڵـــۆزە و ئایندەی کورد، ئەم وتوێژەمان لەگەڵ دەیڤید ئۆتاوا توێژەری باڵا لە سەنتەری وۆردۆ ولســـن ئەنجامدا کە بەمجۆرە راو ســـەرنجی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.





*** رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە سەرچاوەی ناسەقامگیری و ئەمەش بۆتە هۆکاری هەڕەشە لە ئاسایش و ئاشتی جیهانی، هۆکارەکانی ئەم کێشە گەورەیە چین؟**

- ســـەرەتا من پێمـــوا نییە ئەمە هەڕەشـــە بێت بۆ ســـەر سیســـتمی جیهانی، بەڵام بەدڵنیاییەوە هەڕەشـــەیە بۆ سەر سیســـتمی عەرەبی و رەنگە هەڕەشـــەش بێت لەسەر ئەوروپا و ئەمریکا بەهۆی گەڕانەوەی ئەو تیرۆریستە جیهادییانەی کە ســـەفەریان کردووە بۆ ســـووریا و عێراق، واتە بگەڕێنەوە بۆ وڵاتە ئەوروپییـــەکان و وڵاتانی ئەمریکای باکوور، بەڵام پێموا نییە ئەمە هەڕەشـــە بێت بۆ ســـەر سیستمی جیهانی. بە دڵنیاییەوە هەڕەشـــەیە بۆ سەر سیستمی شام، چی بەسەر شـــامدا دێت، بەڵام پێموانییە پێویست بەوە بکات زیادەڕەوی بکەین لەوەدا کە بە هەڕەشـــەی بزانین بۆ ســـەر سیستمی جیهانی.

*** لە ئەوروپادا باس لەوە کراوە کە هیچ لایەنێك هێز لە دژی لایەنێکی دیکە بەکار نەهێنێت، بەڵام رووســـیا بە زەبری هێز چووە ئۆکرانیا و بەشـــێکی ئەو وڵاتەی خســـتە سەر وڵاتی خۆی، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت، ســـەقامگیریی ئەوروپا کەوتۆتە مەترسییەوە. لەلایەکی دیکەوە رووسیا پشتیوانی لە مانەوەی ئەسەد لە دەســـەڵاتدا دەکات، ئایا تا چ رادەیەك هەڵوێستی رووسیا جیهان بەرەو جەمسەرگیری دەباتەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە بەو ئاراســـتەیەدا رایدەکێشێت، بەڵام کێشەی دیکە هەیە وەك ئەوەی باسمان کرد، کە تیرۆریزمی داعشە، ئەمەش لە راســـتیدا ئەمریکا و ئەوروپا و رووســـیا پێکەوە کۆدەکاتەوە، لەبەر ئەوەی هەموویان رووبەڕووی هەڕەشەیەکی هاوبەش بوونەتەوە. لە ئێستادا سیستمێکی جیهانی زۆر ئاڵۆز هەیە. لە هەندێ مەســـەلەدا ئەو وڵاتانەی وا دیارە ناکۆکن لەگەڵ یەك و تەنانەت دوژمنی یەکتریشن لە مەسەلەیەکدا، ئەوا لە راستیدا لە مەسەلەیەکی دیکەدا هاوپەیمانن، ئەمە لە کێشەی ئێران یان بەرنامە ئەتۆمییەکەیدا بەدی دەکەین، کە وڵاتانی رۆژئاوا و رووسیا و چین زۆر هاوڕان لەسەر ئەوەی رێگـــە نەدەن ئێران توانـــای بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی هەبێت، ئەمە ســـەرەڕای ئەوەی ناکۆکییـــان هەیە لەبارەی ئەوەی ئایا پێویســـتە ئەسەد لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، یان نا. کەواتـــە ئەمە جیهانێکی زۆر ئاڵۆزە، کە دەبینین لە پرســـە جیاوازەکاندا وڵاتە جیـــاوازەکان هاوپەیمانی دەکەن لە پێناو، یان لە دژی ئەو پرســـانەی کە پشتیوانی دەکەن، یان شەڕی لە دژ دەکەن.




*** جیهـــان رووبەڕووی هەڕەشـــەیەکی مەترســـیداری وەك دەوڵەتی ئیسلامی بۆتەوە، کە رێگە بە رۆژنامەنووسان نادات رووماڵی شەڕەکە بکەن، واتە ئەمە یەکەم شەڕە کە رێگە بەوە نادرێت رۆژنامەنووســـان ئەرکی رووماڵکردنی رووداوەکانی جێبەجـــێ بکەن، ئـــەم تەکتیکەی داعش تـــا چ رادەیەك بەرچاوڕوونییەکانی جیهانی دژوارتر کردووە؟**

- من خۆم پێشـــتر رۆژنامەنووس بووم و لەوەدا تەواو هاوڕام لەگەڵتاندا کە ئەم شەڕە تەواو لە تاریکیدایە و تەنها لە یەك لایەنەوە رووماڵ دەکرێـــت و بەدڵنیاییەوە بۆتە هۆی ئەوەی

دژوارتــــر بێت –لەوە تێبگەین- کە لەبـــارەی چییەوەیە. ئەو جیهادییانە هەن کە لە شەڕەکە گەڕاونەتەوە، یان باوەڕیان بە دەوڵەتە ئیســـلامییەکە نەماوە، یان پشتیوانی دەکەن و دەست دەکەن بە گێڕانــــەوەی چیرۆکەکانیان لە بارەی ئەوەی ژیان چۆن بووە لە ســـایەی دەوڵەتی ئیســـلامیدا، ئینجا هەندێ ئایدیا بەدەست دەهێنین لەبارەی ئەو تاوان و کۆمەڵکوژییانە، یاخود جۆری ئـــەو داواکارییانەی کە دەوڵەتی ئیســـلامی دەیخاتە ئەســـتۆی دانیشتووانی ژێردەسەڵاتی و لێکدانەوەی جیـــاواز دەبینین لەبـــارەی ئەوەی بۆچـــی جیهادییەکان لە تونس و وڵاتانی دیکەی عەرەبی پشـــتیوانی دەکەن، یاخود بـــێ باوەڕ دەبن بە هۆی ئەزموونیـــان لەگەڵیدا. بەڵام ژیان بۆ رۆژنامەنووســـان و بوونی لە ســـەری ئەرزی واقیع و لە جەرگەی ناکۆکییەکەدا دژوار بـــووە، لەبەر ئەوەی هەوڵدان بۆ رووماڵکردن، یان ســـەردانیکردنی ناوچەی ژێردەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی تیرۆریست باجێکی زۆری دەوێت و رەنگە کارێك بێت شایستەی ئەو باجەش نەبێت.

*** هاوپەیمانێتی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی بۆی دەرکەوتووە کە پێویست بە پێکهێنانی هێزی زەمینی دەکات و بە تەنیا گورزە ئاســـمانییەکان بەس نییە، لەم رووەوە لە هەوڵدایە بۆ ئەوەی ئەو هێزە لە عەرەبە ســـوننەکانی سووریا و عێراق پێکبهێنێت، بـــەڵام ئەوەمان بەدی کرد لەم رۆژانەی دواییدا کە ئەو خێڵە سوننییانەی ویســـتیان و پشتیوانی سوپای عێراقیان کرد بە پیاو و ئافرەت و منداڵەوە رووبەڕووی کۆمەڵکوژی بوونەوە، ئایا تا چەنـــد ئەم تاکتیکەی داعـــش دەبێتە هۆی ئەوەی هاوپەیمانێتیەکە ناچار بێت هێرشی زەمینی دەست پێبکات و ئەم هێزەش لە دەوڵەتانی هاوپەیمان، یان رۆژئاوا پێکبێنێت؟**

- تاکتیکی داعش بە کوشتنی سەدان کەسی چەند خێڵێکی ســـوننەی دیاریکراو کە بەرهەڵســـتیان کرد، موعارەزەیەکی زۆری بـــۆ دروســـت کـــردوون، بەهۆی ئەوەی بـــەم جۆرە هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکدا دەکەن. لەبەر ئەوە بەلای منەوە روون نییە کـــە بەکارهێنانی ئەم تاکتیکە بە ئومێدی ئەوەی خێڵە ســـوننەکان ناچار بکەن پشتیوانییان بکەن، ببێتە هۆی دروســـتبوونی ئیرادەیەکی باش لە نێو خێڵە ســـوننەکاندا بە شێوەیەکی گشـــتی. ئەوەی کاریگەری لەســـەر سوننەکان دەکات، بریتییـــە لەوەی تـــا چەند حکومەتـــی بەغدا- کە شـــیعەکان باڵادەستن بەسەریدا- سازشـــی جددییان لەگەڵدا دەکات و بەشـــدارییان پێدەکات لە حکومەتـــدا و دان دەنێت بە خەونە هەرێمییەکانیاندا، ئەوە هەنگاوێکە بە شـــێوەیەکی کۆنکرێتـــی یارمەتیدەریان دەبێت بۆ ئەوەی خۆیان لە داعش رزگار بکەن لە ناوچەکانیاندا، بەدەستهێنانی ئەمەش چەندین مانگی دەوێت، ناشـــزانین ئایا ســـەرکەوتوو دەبێت، یان نا، بۆردومانکردنیش بە تەنها کێشەکە چارەسەر ناکات، ئەمەش تەنها پێویســـتی بە هێزی پێشـــمەرگە و کورد نییە، بەڵکو پێویســـتی بە هێزی خێڵە ســـوننەکانیش هەیە کە بەشداری شەڕەکە بکەن، بەلای منیشەوە روون نییە کە ئایا ئەمە لەسەر ئاستێکی بەربڵاو روودەدات بۆ رزگارکردنی پارێزگای ئەنبار لە کۆنترۆڵی دەوڵەتی ئیسلامی یان نا.

*** تاکە هێزێك کە بکرێت لەســـەر ئەرزی واقیع رووبەڕووی داعـــش ببێتەوە بریتییە لـــە هێزی پێشـــمەرگە و هەرێمی کوردســـتانیش لە ناوچەکەدا هەمان ستراتیژیەتی رۆژئاوای هەیـــە بۆ رووبەڕووبوونەوەی داعش، تـــا چ رادەیەك ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەی لە رووی مرۆیی و سەربازییەوە هاوکاری کوردستان بکرێت بۆ ئەوەی لەبری هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی شەڕی داعش بکات؟**

- رۆژئاوا لە ســـەرەتاوە هاوکاری هەرێمی کوردســـتان کرد کاتێك داعش ویستی بێتە هەرێمی کوردستانەوە، بەڵام دەبوو لەلایەن ئەمریکا و رۆژئاواوە کاردانەوەیەکی راستەوخۆ هەبێت بۆ رێگەگرتن لـــە روودانی ئەوە، تا ئێســـتا کوردەکان زۆر ئامادەن بۆ بەرهەڵســـتیکردنی هەوڵەکانـــی بەرفراوانبوونی دەوڵەتەکـــەی داعش. لەبەر ئەوە ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی رۆژئاوایی دەستیان کرد بە کارکردن لەگەڵ کورددا و هەروەها لە ســـووریاش. بەڵام بۆ بردنەوەی ئەم شەڕە دەبێت وڵاتانی رۆژئـــاوا قەناعەت بە وڵاتانی دیکـــەی عەرەب و وڵاتانی دیکەی رۆژئاوا بکەن کە ئەمە شـــەڕی ئەوانیشـــە و دەبێت ســـوننەکانیش بهێننە ریزی خۆیانەوە. بەس نییە تەنها کورد شەڕی دەوڵەتی ئیسلامی بکات. دەبێت ئەمریکا و ئیدارەی ئۆباما دەســـت بە دامەزراندنەوەی ســـوپای عێراقی بکەن و هەندێ یەکەی عێراق توانای شـــەڕکردنیان لە دژی داعش هەیە و ئەوەش چەند مانگێکی دەوێت بۆ ئەوەی ئەو ئامانجە بەدەست بهێنن. دەبێت هەوڵی پێکهێنانی هێزێکی میانڕەوی ســـووری بدەن بۆ شـــەڕکردن لە دژی داعش، ئەوەش کاتی دەوێت. لەســـەرەتادا رۆژئاوا و ئەمریکا ئەوەی پێویست بوو کردیان بۆ راگرتنی پێشـــڕەویی داعش لەوەی رێگەی نەدەن بێنە هەرێمی کوردســـتان، یان لە شـــنگال، یـــان چوونە نێو کۆبانێ، بەڵام ئەمە هەر تەنها راگرتنە و پاشەکشەپێکردنی رەوتی هەڵکشاوی داعش تەنها سەرەتای ئەم پرۆسەیە بووە.

*** ئایـــا کۆتایی هاتنی ئەم شـــەڕە دەبێتە هۆی گۆڕینی ســـنوورەکان، هەروەك ئەوەی شـــەڕی ئایینی سی ساڵە لە ئەوروپا ئەم دەرئەنجامەی لێکەوتەوە؟**

- ئەمە دەوەستێتە سەر ئەوەی کێ سەرکەوتوو دەبێت، ئەگەر داعش تێکبشـــکێندرێت، ئەوا ئەگەری ئەوە نییە سنوورەکان گۆڕانکارییان بەســـەردا بێت. پێموا نییـــە ئەو خاکانەی لە ئێستادا کۆنترۆڵیان کردووە، دەوڵەتێکی قابیلی بەردەوام بوون و بەرەوپێشچوونی بۆ داعش لێبکەوێتەوە، رێگەیەکی دوور و درێژی لە پێشە بۆ ئەوەی بگاتە ئەم حاڵەتە. تاکە دەوڵەتێکی نوێ کە ئەگەری ئەوە هەبێت لەم بارودۆخەوە دروســـت بێت، بریتییە لە هەرێمی کوردســـتان، چونکە خاکی خۆیان هەیە، بـــە چەشـــنی کوردەکانی ســـووریا نین کە ســـێ کانتۆنی جیاوازیـــان هەیە و لە رووی خاکەوە یەکپارچە نین. هەرێمی کوردســـتان خاکی خۆی هەیە و سەرچاوەی خۆی هەیە بۆ ئەوەی سەربەخۆ بێت، بە راشکاوی ئەگەر حکومەتی بەغدا نەتوانێـــت رێگەیەك بۆ دابەشـــکردنی داهاتی نەوت لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بدۆزێتەوە، کـــە ئەمەش نەك تەنها هەرێمی کوردستان، بەڵکو ناوچە ســـوننەکانیش بگرێتەوە، ئەوا بۆی

**بۆ هێشتنەوەی هاوپەیمانێتیەکە و پاشەکشەپێکردنی دەوڵەتی ئیسلامی هیچ بەدیلێکی دیکە جگە لە رووبەڕووبوونەوەی داعش نابینم**

**تاکتیکی داعش بە کوشتنی سەدان کەسی چەند خێڵێکی سوننەی دیاریکراو کە بەرهەڵستیان کرد، موعارەزەیەکی زۆری بۆ دروست کردوون**

**هەوڵدان بۆ رووماڵکردن، یان سەردانیکردنی ناوچەی ژێردەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی تیرۆریست باجێکی زۆری دەوێت و رەنگە کارێک بێت شایستەی ئەو باجەش نەبێت**


هەیە دەوڵەتێکی نوێ لەمەوە دروست بێت لە کوردستانی عێراق. بەڵام هێشتا گرفت هەیە لەوەی دەوڵەتی ئیسلامی ئابوورییەکی جێگیری هەبێت کە قابیلی بەردەوام بوون و گەشەکردن بێت، لەبەر ئەوەی لە هەر چوار لاوە بە دوژمن دەورە دراوە، کە دەڵێن رۆژانە یەك ملیۆن دۆلار لە فرۆشتنی نەوت- بە نایاسایی- بەدەست دەهێنن، کە دەکاتە ٣٦٠ ملیۆن دۆلار لە ساڵێکدا، بەڵام دەوڵەت بەوە بەڕێوە نابردرێت. من وانازانم ئابووریی دەوڵەتەکەی داعش قابیلی ژیان و گەشەکردن بێت.

*** ئەوەی مایەی نیگەرانییە ئەوەیە کە سیاسەتی دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا لەگەڵ سیاسەت و ستراتیژیەتی ئەمریکا ناگونجێت، بۆ نموونە تورکیا و وڵاتانی کەنداو بەرژەوەندی و تێڕوانینی جیاوازیان هەیە لە شەڕی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی، ئیسرائیلیش کە دۆست و هاوپەیمانی ئەمریکایە لە قەیراندایە، ئایا چۆن ئەم جیاوازییانە لە تێڕوانین و لە بەرژەوەندییەکاندا کاریگەریان دەبێت و چۆن بارودۆخەکە دەخوێنیتەوە؟**

- پێموایە هۆکاری ئەوە نیگەرانییە دیارە و هەندێك لە شارەزایانی ناوچەکەش لەو بارەیەوە نووسیویانە، ئەولەوییاتەکانی ئیدارەی ئۆباما یەك نین لەگەڵ ئەولەوییاتەکانی تورکیا و سعودیە و وڵاتانی کەنداو، کە بریتییە لەوەی سەرەتا دەسەڵاتی ئەسەد بڕووخێت، ئینجا کار بۆ تێکشکاندنی داعش بکرێت، لە کاتێکدا ئەولەوییەتی ئەمریکا ئەوەیە سەرەتا داعش تێکبشکێندرێت، ئینجا نەك شەڕکردن بە ئەندازەی ئەوەی چارەسەرێکی سیاسی بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی ئەسەد لە دەسەڵات دوور بخرێتەوە. ئەمە جیاوازیەکی جددییە لە ئەولەوییاتەکاندا. من نازانم چۆن دەوڵەتە عەرەبییەکانی ئەندامی هاوپەیمانێتییەکە کە ئێستا شەڕی داعش دەکەن لە هاوپەیمانێتییەکەدا دەمێننەوە، ئەگەر هیچ هەوڵێك نەدرێت بۆ بەهێزکردنی یاخیبووانی سووری و موعارەزەی ئەسەد، پێموایە هۆکاری باش لە ئارادایە کە نیگەران بین لەم بارەیەوە، منیش نیگەرانم.

*** وەك دواقسە چ پەیامێکت هەیە و دەتەوێ باسی چی بکەی؟**

- ئەمە شەڕێکی درێژخایەنە و رێگەیەکی راست و تەخت نییە و سەرکەوتنی کاتی و شکستی کاتی روودەدات، پێداگیرییەکی زۆری دەوێت و کارامەییەکی دیپلۆماسی زۆری دەوێت بۆ هێشتنەوەی هاوپەیمانێتیەکە پێکەوە بۆ پاشەکشەپێکردنی دەوڵەتی ئیسلامی، من هیچ بەدیلێکی دیکە نابینم جگە لە رووبەڕووبوونەوەی. ئەولەوییاتەکانی هاوپەیمانان چەند جیاواز بن لە ئەولەوییاتەکانی ئەمریکا، ئەوا دوژمنێکی هاوبەش هەیە، بەلای سعودیەوە خەلافەتێکی نوێ دەبێت لەلایەن داعشەوە کە درێژ دەبێتەوە بۆ سعودیە، بۆ مەککە و مەدینە، کەواتە دوژمنی هاوبەش هەیە، ئەگەرچی ئەولەویەتی جیاوازیش هەبێت، لەبارەی ئەوەی سەرەتا شەڕ لەگەڵ کێدا بکرێت.



- دیڤید ئۆتاوا لەساڵی ١٩٦٢ زانکۆی هارڤاردی تەواو کردووە و هەر لەو ساڵەدا بۆتە پەیامنێری ئاژانسی ئەسیۆشیدت پرێس و رووماڵی سەربەخۆیی جەزائیر لە هاوینی هەمان ساڵ دەکات.
- لەساڵی ١٩٦٤-١٩٦٦ دەبێتە رۆژنامەنووسێکی سەربەخۆ لەگەڵ رۆژنامەی نیویۆرك تایمز و گۆڤاری تایم.
- لەو ماوەی خەریکی ئامادەکردنی تێزی دکتۆراکەی بووە لەسەر یاسا و حکومەت، دوودڵ بووە لەوەی ئایا لەکاری ئەکادیمی بەردەوام بێت یان رۆژنامەگەری، هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: ئەزموونی رووماڵکردنی سەربەخۆبوونی جەزائیر قەناعەتی پێکردم بەردەوامی بەکاری رۆژنامەگەری بدەم.
- لەساڵی ١٩٧١ چووەتە رۆژنامەی واشنتۆن پۆست و کراوە بە سەرنووسەری دیسکی کاروباری دەرەوەی رۆژنامەکە.
- لەساڵی ١٩٧٣ وەك یەکەم پەیامنیر نێردراوە بۆ ئەفریقیا بۆ ئەوەی رووماڵی هەواڵەکانی ئەفریقیا بۆ واشنتۆن پۆست بکات.
- لەماوەی سالانی ١٩٧٣-١٩٩٦ بەرپرسی نووسینگەی ئەفریقیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری ئەفریقیا و رۆژهەڵات و باشووری ئەورووپا بووە .
- دوای ئەم کارانەی هەتا ساڵی ٢٠٠٦ بەرپرسی فایلی ئاسایش بووە لە واشنتۆن پۆست و هەر لەو ساڵەش خۆی خانەنشین کردووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٦ـەوە هەتا ئێستاش تۆێژەری باڵایە لە سەنتەری وۆردۆ ولسن و توێژینەوە لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی عەرەبی دەکات.
- لە میانەی کاری رۆژنامەنوسیدا بێجگە لە خەڵاتی پۆلیتز، چەندین خەڵاتی نیودەوڵەتی لەسەر لێکۆڵینەوە رۆژنامەییەکانی وەرگرتووە.
- دوایین توێژینەوەی بە ناونیشانی «کورد چۆن رێگەی خۆی دۆزییەوە؟» بە هاوبەشی لەگەڵ پرۆفیسۆر ماینا ئۆتاوا لە ژمارەی مانگی ئایار و حوزەیران لە گۆڤاری فۆرین ئەفیرز بلاو کردۆتەوە.



## گریگۆری گەوس

گەورە تۆێژەری ئامۆژگای برۆکینگز بۆ گوڵان:

# پەیوەندییەکی راستەوخۆی سەربازیی بەهێز لە نێوان هەولێر و واشنتۆن و دەوڵەتانی ئەوروپا دەستی پێکردووە

## سەرچاوەی گۆڕانکاری لەنەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەبێت



**پرۆفیسۆر گریگۆری گەوس گەورە توێژەری ئامۆژگای برۆکینگز و لقی دۆحەی هەمان ئامۆژگایە و ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سەرۆکی بەشی کاروباری نێودەوڵەتییە لە کۆلیژی بوش بۆ حکومەت و خزمەتگوزاری گشتی لە زانکۆی تەکساس. لەسەر ئاستی جیهانیش وەك توێژەر و شرۆڤەوانێکی جیهانی لەسەر سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی عێراق ناسراوە، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئەنجامداو بەمجۆرە بۆچوونەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** ئەگەر ئەو نائارامی و ناسەقامگیرییەی ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستبووە، تەشەنە بکات و شوێنی دیکەش بگرێتەوە، ئایا تاچەند لێرەوە سیستمی جیهانی گۆڕانکاری بەسەردا دێت؟**

-پێموایە خەڵکی مەیلی ئەوەیان هەیە زیادەڕەوی بکەن لەبارەی ئەو هەڕەشە و تەحدییانەی کە نائارامی و ناسەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ سەر ئاسایشی جیهان دروستی دەکات. بە دڵنیاییەوە چەند هەڕەشەیەك هەیە، بە تایبەتی لەپەیوەندی بە جیهادییە سەلەفییە رادیکاڵەکانەوە کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شەڕ دەکەن و ئەگەری ئەوەی بچنە شوێنەکانی دیکە بۆ ئەورووپا و بۆ چین و بۆ ئەفریقیا، ئەوە هەڕەشەیە، بەڵام پێموا نییە پێویستە بە زیادەڕەوی بکەن لەبارەی سروشتی ئەو هەڕەشەیەوە. دەبێت ئەوە بزانین کە لە زۆرێك لە وڵاتانی جیهان ئەو شەڕەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا روودەدات بە هەڕەشەیەکی بەپەلە و جددی نازانن بۆ خۆیان. دەبێت سەرنجی ئەوە بدەین کە کەموکوڕیی سەرەکی لە ئابووریی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بریتییە لە بازاڕی وزەکەی، کاتێك ئێمە ئەو هەموو ناسەقامگیرییە دەبینین لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوا نرخی وزە دادەبەزێت.

*** بەڵام لە ئێستادا کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رایەڵەیەکی توندی لەگەڵ کێشەکانی دیکەی جیهان و هەڵوێستی دەوڵەتان دروستکردووە، هەر بۆ نموونە رووسیا بە زەبری هێز بەشێکی ئۆکرانیای بەخۆیەوە لکاند، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بە ئاشکرا لەگەڵ مانەوەی رژێمەکەی ئەسەدە، چۆن سەیری ئەو رایەڵەیە دەکەیت؟**

- بە دڵنیاییەوە پێموایە کردەوەکانی رووسیا لە ئۆکرانیا بارگرژیی نوێی دروست کردووە لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ ئەورووپا و ئەمریکادا، گومان لەمەدا نییە، بەڵام باوەڕم وا نییە ئەو هەنگاوەی لە ئۆکرانیا هەڵگیراوە، پەیوەندییەکی بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەبێت، بەڵکو پاڵنەرەکەی بریتییە لەوەی کە روودەدات لە نێوان ئۆکرانیا و رووسیادا، بەڵام کاریگەری هەیە لە سەر جۆری پەیوەندیی نێوان رووسیا و ناتۆ. ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە هیچ هەماهەنگییەك رووناداتت لە هەندێ بواردا، ئێمە دەزانین رووسیا پشتیوانی رژێمەکەی ئەسەد دەکات، هیچ گۆڕانکارییەکیش لەمەدا روونەداوە. بەڵام جێی بایەخپێدان دەبێت ئەگەر ببینین رۆڵێکی ئیجابی ببینێت لە لە گفتوگۆکانی نێوان ئێران و گرووپی ٥+١ لەبارەی پرۆسەی ئەتۆمییەوە کە بە دڵنیاییەوە لە نێویاندا رووسیا رۆڵی بەرچاوی هەیە. ئەگەر رووسیا

دەیەوێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپادا باشتر بکات، ئەوا هەڵگرتنی هەنگاوێکی ئیجابی لە پەیوەندی بە گفتوگۆکانی پەیوەست بە توانا ناوەکییەکانی ئێرانەوە ئەو شوێنە دەبێت کە ئەو کارەی تێدا ئەنجام بدرێت، جێی بایەخپێدان دەبێت ئەو بەرەوپێشچوونە ببینین. من پێموایە بارگرژی نێوان رووسیا و رۆژئاوا زیاتر بووە، هەم بەهۆی هەڵوێستی رووسیا لە ئاست سووریا، هەم بەهۆی رووداوەکانی ئۆکرانیاوە. بەڵام باوەڕم وا نییە سەربکێشێت بۆ جەمسەرگیرییەکی تەواو بەو شێوازەی لە سەردەمی شەڕی سارددا بینیمان. هێشتا دەکرێت رووسیا لەسەر چەند پرس و هەنگاوێکی دیاریکراو هەماهەنگی بکات لەگەڵ ئەمریکا و هێزە ئەورووپییەکان و تاقیکردنەوەی راستەقینەش بۆ ئەو کارە ئێران دەبێت.

*** ئەوەی بۆتە هەڕەشەی جددی لە ناوچەکە دەرکەوتنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعشە، ئەم دەوڵەتە تیرۆریستە لەسەر ئەرزی واقیع نەخشەی سیاسیی ناوچەکەی گۆڕیوە، لەبەرامبەردا هاوپەیمانییەك لە ٦٠ دەوڵەت دروستبووە، کە تەنها لە ئاسمانەوە هێرش دەکەنە سەر داعش، لەسەر زەوی هێزی کاریگەر هەتا ئێستا هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، ئایا تاچەند ئەمریکا و هاوپەیمانان بۆ ئەوەی تیرۆریستانی داعش لەناو ببرێن، لەسەر زەوی بەشداری لەم شەڕە گەورە و مەترسیدارەدا دەکەن؟**

- پێموایە ئەمریکا زۆر دوودڵ دەبێت لەوەی خۆی پابەند بکات بە هێرشی زەمینی، جگە لە بڵاوکردنەوەی ژمارەیەکی سنوورداری راوێژکار و راهێنەر لە دژی داعش، پێموا نییە هێشتا ئەم ئیدارەیە ئامادە بێت ژمارەیەکی زۆری سوپا رەوانەی عێراق بکات. پێموایە ئەوان هەوڵدەدەن کە یەکەم: مەشق بە هێزی زیاتری سووریا بکەن و باوەڕم وا نییە ئەوە ئەگەری سەرکەوتنی هەبێت، مەسەلەی دووەم بریتیە لە پشتیوانی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان، کە باوەڕم وایە ئەوەیان زیاتر ئەگەری سەرکەوتنی لێدەکرێت. سێیەم کار لەگەڵ حکومەتی عێراقدا لە بەغدا دەکرێت، بۆ هاندانیان کە یەکەی مەحەلی لە ناوچە سوننەکان لە عێراقدا دروست بکرێت، ئەگەرچی ئەمەش مایەی کێشەیە دەبێت، بەڵام هێشتا لە واشنتۆن ئومێدی ئەوە هەیە کە سوپای عێراق لە دژی داعش رۆڵ ببینێت، بەتایبەتی لەسەر سنوورەکانی عێراق و سووریا کە داعش تێیدا چالاکە. ئایا تورکیا چالاکتر دەبێت لە شەڕکردن لە دژی داعش، ئەوا ئەمە پرسیارێکی دیکەیە و دڵنیا نین لە سەرکەوتنی ئەو سیاسەتە، بەڵام پێموا نییە بیر لەوە بکەنەوە کە ژمارەیەکی زۆری هێزی ئەمریکی رەوانەی عێراق بکەنەوە.

*** ئایا رای گشتی ئەمریکا لە پەیوەندی بە پرسی هەناردەکردنی هێزی زەمینی لە دوای سەربڕینی رۆژنامەنووسەکانیشەوە گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە؟**

- پێموایە هەڵکشانێك هەبوو لە پشتیوانی رای گشتیدا بۆ گرتنەبەری رێوشوێنی بەهێزتر لە دژی داعش لە سەرووی هەڵمەتە ئاسمانییەکانەوە، بەڵام کاردانەوەی جیاواز لە رای گشتیدا دەبینین، بۆ ئەوەی ئەمریکا ژمارەیەکی زۆری هێزی زەمینی رەوانەی ناوچەکە بکات.

*** تاکە هێزێك کە بکرێت لەسەر ئەرزی واقیع رووبەڕووی داعش ببێتەوە، بریتیە لە هێزی پێشمەرگە و هەرێمی کوردستانیش لە ناوچەکەدا هەمان ستراتیژیەتی رۆژئاوای هەیە بۆ رووبەڕووبوونەوەی داعش، تا چ رادەیەك ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی لە رووی مرۆیی و سەربازییەوە هاوکاری کوردستان بکرێت بۆ ئەوەی لەبری هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی شەڕی داعش بکات؟**

- یەکێك لە دەرئەنجامە گرنگە دوورمەوداکانی شەڕی داعش بریتییە سەرەتای پەیوەندییەکی سەربازیی راستەوخۆی نێوان هەولێر و واشنتۆن و زۆرێك لە هێزە ئەورووپییەکان، کە پێشتر واشنتۆن لەبەر بەغدا ئەو کارەی نەدەکرد، بەڵام ئێستا ئەو ترسە بەسەرچووە و، هاوکارییەکی سەربازی روو لە زیادبوون دەبینین لە نێوان هەرێمی کوردستان و نەك هەر تەنها ئەمەریکا بەڵکو لەگەڵ ژمارەیەك لە وڵاتە ئەورووپیەکانیشدا.

*** ئایا کۆتایی هاتنی ئەم شەڕە دەبێتە هۆی گۆڕینی سنوورەکان، هەروەك ئەوەی شەڕی ئایینی سی ساڵە لە ئەورووپا ئەو دەرئەنجامەی لێکەوتەوە؟**

- من باوەڕم وا نییە سنورەکان بەهۆی داعشەوە گۆڕانکارییان بەسەردا بێت، چونکە ئەگەرچی ئێستا ئەوان خاکیان بەدەستەوەیە، بەڵام ناتوانن لە مەودای دووردا کۆنترۆڵی ئەو خاکانەیان بەدەستەوە بێت، تەنانەت ئەگەر بشتوانن، ئەوا دانپێدانانی نێودەوڵەتی بەدەست تاهێنن. ئەوەی لە ناوچەکەدا بەدی دەکرێت، شەڕێکی ناوخۆیی درێژخایەن دەبێت، لە عێراق و سووریا بە چەشنی شەڕی ناوخۆیی لوبنان، کە سنووری لوبنانیش گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە، چیتر حکومەتێکی مەرکەزی دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە نییە، بەڵام بەهۆی لاوازبوونی بەغدا و زیادبوونی پەیوەندیی سەربازیی راستەوخۆ لە نێوان هەولێر و چەند وڵاتێکی مەزندا، ئەوەی زیاتر ئەگەری لێدەکرێت وەك سەرچاوەی گۆڕانکاری لە نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بریتییە

**بەهۆی لاوازبوونی بەغدا و زیادبوونی پەیوەندیی سەربازیی راستەوخۆ لە نێوان هەولێر و چەند وڵاتێکی مەزندا، ئەوەی زیاتر ئەگەری لێدەکرێت وەک سەرچاوەی گۆڕانکاری لە نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بریتییە لە سەربەخۆبوونی کوردستان**

**داعش ستراتیژیەتێکی راگەیاندنی زۆر پێشکەوتووی هەیە و بەشێک لەو ستراتیژیەتە بریتییە لەوەی رێگە بە کەسی دیکە نەدەن و خۆیان کۆنترۆڵی هەواڵ دەکەن لەو شوێنانەی کە داگیری دەکەن**



لە سەربەخۆبوونی کوردستان.

*** ئەوەی مایەی نیگەرانییە ئەوەیە کە سیاسەتی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان لە ناوچەکەدا لەگەڵ سیاسەت و ستراتیژیەتی ئەمریکا ناگونجێت، ئایا ئەم جیاوازییانە لە تێڕوانین و لە بەرژەوەندییەکاندا تا چەند کاریگەری نەرێنییان دەبێت و چۆن بارودۆخەکە دەخوێنیتەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە من لەگەڵ ئەوەدا هاوڕام کە ژمارەیەك لە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا ئەولەوییەتی جیاوازیان هەیە، ئەوەی گرنگە هەموو لایەك دژی داعشن، بەڵام هەموو لایەنەکان هەمان ئەولەییەتی ئەمریکایان نییە لە پەیوەندی بە رووبەڕووبوونەوەی داعشەوە، ئەمە ئەو دۆخەیە کە ئەمریکا دەبێت ئەم کارە بکات و هەوڵ بدات بۆ ئەوەی هاوپەیمانەکانی قەناعەت پێ بهێنێت کە هەڵوێستێکی بەهێزتر بگرنەبەر. ئەوەش مایەی سەرسوڕمان نییە و لە رابردووشدا و لە چەندین بۆنەدا ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە هەندێ پرسدا تێڕوانینی جیاوازیان هەبووە، کەواتە ئەمە لە زۆر رووەوە مایەی سەرسوڕمان نییە، بەڵام ئەمە تەحەددیەکە بۆ دیبلۆماسیەتی ئەمریکا.

*** جیهان رووبەڕووی هەڕەشەیەکی مەترسیداری وەك دەوڵەتی ئیسلامی بۆتەوە، کە رێگە بە رۆژنامەنووسان نادات روماڵی شەڕەکە بکەن، واتە ئەمە یەکەم شەڕە کە رێگە بەوە نادرێت رۆژنامەنووسان بە رووماڵکردنی رووداوەکان هەستن، تا چ رادەیەك ئەم تاکتیکەی داعش بۆتەهۆی دژوارتربوونی جیهان؟**

- پێموایە یەکێك لە خاڵە زۆر بەهێزەکانی داعش بریتییە لە ستراتیژییەکەی لە ئاست زانیاریدا و دەیەوێت کۆنترۆڵی ئەو زانیارییانە بکات کە لەو شوێنانەوە سەرچاوە دەگرن کە لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیدان، لەبەر ئەوە رێگە نادات بە بوونی سەرچاوەی بەدیلی زانیاری. ستراتیژیەتی زانیاری ئەوان خزمەت بە چەند ئامانجێك دەکات، لەلایەك دەبێتە هۆی درێژکردنەوەی کاریگەری ئەوان بۆ هێنانەڕیزی ئەندامی نوێ و زیادەڕۆییکردن لە رۆڵی مەرکەزی ئەوان لە بەرامبەر گرووپەکانی دیکەدا کە یارمەتی دەدەن، ئەمەش وایان لێدەکات بەهێزتر بن، لەبەر ئەوەی خەڵکی دەیانەوێت بچنە نێویان. من پێموایە داعش ستراتیژیەتێکی راگەیاندنی زۆر پێشکەوتووی هەیە و بەشێك لەو ستراتیژیەتە بریتییە لەوەی رێگە بە کەسی دیکە نەدەن و خۆیان کۆنترۆڵی هەواڵ دەکەن لەو شوێنانەی کە داگیری دەکەن.

**یەکێک لە دەرئەنجامە گرنگە دوورمەوداکانی شەڕی داعش بریتییە سەرەتای پەیوەندییەکی سەربازیی راستەوخۆی نێوان هەولێر و واشنتۆن و زۆرێک لە هێزە ئەوروپییەکان، کە پێشتر واشنتۆن لەبەر بەغدا ئەو کارەی نەدەکرد، بەڵام ئێستا ئەو ترسە بەسەرچووە**



1000
گوڵان

**د. بێوار خنسی**

**راوێژکاری ئاسایشی ئابووری لە ئاژانسی پاراستنی کوردستان بۆ گوڵان:**

# سیاسەتی نەوتی حکومەتی هەرێم سەرکەوتووانە توانی بەڕێوەبردنی نەوتی کوردستان لە بەغداوە بۆ هەولێر بگوازێتەوە

# ئەگەر پەرە بە پیشەسازیی پەترۆکیماویی بدەین سێ هێندەی فرۆشتنی نەوت داهات دابین دەکەین

**هەتا ساڵی ٢٠٠٧ نەوتی کوردستان سەرچاوەی هەموو کاولکاری و نەهامەتییەکان بووە بۆ گەلی کوردستان، بەڵام لەدوای ئەو ساڵەوە و دەرچوونی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، توانرا بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا کوردستان بخرێتە سەر نەخشەی وزەی جیهان و وەك وڵاتێکی بەرهەمهێنەری نەوت کوردستان بە جیهان بناسرێتەوە، سیاسەتی لۆژیکانەی نەوتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی لەلایەن حکومەتی بەغداوە بە بەردەوامی دژایەتی کراوەو هەرەشە لەو کۆمپانیانە کراوە کە دێنە کوردستان و بۆ گەڕان بەدوای نەوتدا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆنتراکت دەکەن، هەروەها ماوەی ١١ مانگیشە حکومەتی بەغدا شەڕی بودجە و مووچەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ڕاگەیاندووە، بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر بەرەو پێشەوە دەچێت و زیاتر بۆتە فاکتەرێکی ئیجابی بۆ ئاسایشی ئیقلیمی و باشبوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ دراوسێکانی کوردستاندا. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە، ئەم وتووێژە تێروتەسەلەمان لەگەڵ د.بێوار خنسی شارەزا لە بواری نەوت و ڕاوێژکاری ئاسایشی ئابووری لە ئاژانسی پاراستنی کوردستان ئەنجامداو بەمجۆرە وردەکاری ئەم پرسە گرنگەی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** ئەوە دەچینە مانگی ١١هەمین و حکومەتی عێراق بەردەوامە لە بڕینی بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها ڕێگە لەبەردەمیدا ئەوەیە کە نەوتی زیاتر هەناردە بکات و بیفرۆشێت بۆ ئەوەی ئەم گرفتە چارەسەر بکات، ئایا وەك ڕاوێژکاری ئاسایشی ئابووری چۆن سەیری سیاسەتی نەوتی هەرێمی کوردستان دەکەیت؟**

- ئەوەی لە سیاسەتی نەوتی هەرێمی کوردستان بە سەرکەوتن هەژمار دەکرێت، ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان توانی لە ساڵی ٢٠٠٧ و لە چوارچێوەی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبردنی نەوتی کوردستان لە بەغداوە بگوازێتەوە بۆ هەولێر، ئەم هەنگاوە هەنگاوێکی لۆژیکانە بوو، لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی بۆ چارەسەرکردنی گرفتێك هەڵگرت، بەرلەوەی گرفتەکە دروست بێت، دیارە ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٧ جێبەجێ کراو بووە یاسا، بەرەنجامی دیراسەت و لێکۆڵینەوەیەکی ورد بووە، بۆ پێویستی هەرێمی کوردستان بە یاسای نەوت و گازی خۆی بوونی وەزارەتێکی تایبەت بۆ بەڕێوەبردنی سامانە سروشتییەکان، بەتایبەتیش هەر دوو کەرتی نەوت و گاز لە کوردستاندا، ئەگەر ئەم هەنگاوە دووربینانەیە هەڵنەگیرایە، ئەوا حکومەتی ناوەندی خۆی دەهاتە کوردستان و خۆی کۆنتراکتی لەگەڵ کۆمپانیا جیهانییەکان دەکرد، لەم حاڵەتەشدا کوردستان نەیدەتوانی بنەمایەکی بۆ دارشتنی ئابوورییەکی سەربەخۆ هەبێت، ئەزموونەکانی جیهانیش سەلماندوویانە، لەهەر دەوڵەتێکی فیدراڵیدا ئەگەر

هەرێمە خۆبەڕێوەبەرەکان خاوەنی ئابووریی سەربەخۆ نەبن، ئەوا هیچ ئایندەیەکیان نابێت و هەردەبێت پاشکۆی حکومەتی ناوەندی بن. کەواتە هەنگاوی یەکەم هەستکردن بوو بە پێویستی ئەوەی هەرێمی کوردستان خۆی کەرتی نەوت و گازی خۆی بەڕێوە بەرێت، هەنگاوی گەورەتر ئەو شێوازە مۆدێرن و پێشکەوتووەیە کە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی لەسەر داڕێژراوە، یاساکە بە شێوەیەکی دامەزراوەیی نەخشەڕێگەی بۆ بەڕێوەبردنی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دیاری کردووە، لەلایەکی دیکەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسای وەبەرهێنانیشی بە شێوەیەك داڕشتووە کە ببێتە بنەمایەك بۆ کۆمپانیاکان بۆ ئەوەی وەبەرهێنان لە هەر دوو کەرتی نەوت و گاز بکەن، لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەو ئارامییەی لە هەرێمی کوردستان دابینکراوە، دیسان فاکتەرێکی زۆر گرنگ و گەورە بوو بۆ ئەوەی سەرنجی کۆمپانیاکان رابکێشرێت، بە تایبەتی کۆمپانیا گەورەکان بۆ ئەوەی بێنە کوردستان و وەبەرهێنان لە بواری نەوت و گاز بکەن. من هەمووجار گوتوومە وەبەرهێنەر وەك پەزی کێوی وایە، لە هەر شوێنێك ئارامی هەبێ، رووودەکاتە ئەو شوێنە، کە ئارامییشی لێ نەبوو، لێی دووردەکەوێتەوە. بۆیە سیاسەتی نەوتی کوردستان سیاسەتێکی زۆر سەرکەوتووانە بووە و ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو هەنگاوەی هەڵنەگرتایە، ئێستا ئایندەیەکی رۆشنمان لێ دیار نەدەبوو. بۆیە ئەگەر ئێستا سەیری ئەو دەستکەوتانە بکەین کە لە سایەی سیاسەتی نەوتی کوردستان بەدەست هاتوون، دەبینین ٥٣ کۆمپانیا هاتوونەتە کوردستان کە لەناو ٥٧ بلۆکی نەوت و گاز کار دەکەن. دوای پشکنینەکانی جیۆلۆجی و جیۆفیزیایی توانراوە ١٤- ١٥ کێڵگەی نەوت بدۆزنەوە، هەتا ئێستا توانراوە نزیکەی ١٣٠-١٣٥ بیری نەوت لێبدەن، لە ساڵی ٢٠٠٧ تەنها دوو ئامێری بیرهەڵکەندنی نەوتمان هەبوو، ئێستا ٢٥ ئامێری هەڵکەندنی بیری نەوتمان هەیە و مەزندەکان بەو جۆرەن هەتا کۆتایی ٢٠١٥ ببنە ٤٠ ئامێر، ئەم هەنگاوانە هەمووی بۆ ئەوەیە کە بتوانرێت بە خێرایی ژێرخانێکی پتەو بۆ ئابووریی کوردستان بونیات بنرێت. لەمەش گرنگتر یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان توانیویەتی بە بڕی ٣٠ ملیار دۆلار وەبەرهێنان لەم بوارە بکات، خۆ ئەگەر ئێمە هەوڵمانبدایە لە رێگەی بەغدا ئەو پارەیە دابین بکەین و هەر ساڵێك یەك ملیار دۆلاریشمان خەرج بکردایە، بە ماوەی ٣٠ ساڵی دیکە نەدەگەیشتینە ئەو قۆناخەی کە ئێستا پێی گەیشتووین، هەروەها نەدەگەیشتینە ئەوەی ئێستا کە نزیکەی ٢٧ کونسوڵخانەی وڵاتانی جیهان لە هەولێر بکرێتەوە، کە ٣٦٠ کۆمپانیای ئەو دەوڵەتانە تەنها لە کەرتی نەوت و گاز کاردەکەن. هەروەها نزیکەی ٢١ هەزار کۆمپانیای کەرتی تایبەت ئێستا لە کوردستان کاردەکەن.

*** دیارە ئێستا کە باسی نەوتی هەرێمی کوردستان دەکەین، تەنها باسی ئەو کێڵگە نەوتییانە دەکەین کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ لە ناوچەکانی ژێر ئیدارەی هەرێمی کوردستان وەبەرهێنیان تێدا کراوە، ئەمەش واتە باسی کێڵگە نەوتییەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم ناکەین، ئایا ئەم نەوتە هێندە دەبێت کە ژێرخانێکی پتەوی ئابووری لەسەر بونیات بنرێت؟**

- تەنها لەو ٥٧ بلۆکەی لە ماوەی ٢٠٠٧-٢٠١٤ کۆمپانیا بیانییەکان کاریان تێدا کردووە، توانیویانە ١٤ -١٥ کێڵگەی نەوت بدۆزنەوە، توانیویانە لە ئاکامی هەڵسەنگاندنەکانیان، مەزندەی ئەوە بکەن ٤٥ ملیار بەرمیل نەوت وەك یەدەگ لە هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلیمانی و دهۆك هەیە، نزیکەی ٣-٦ ترلیۆن مەتر سێجا گازی سروشتی لەو ناوچەیە بوونی هەیە، ئەگەر ئەم سامانە سروشتییەی ژێر زەویی کوردستان بکەینە پارە، تەنها پارەی نەوت نزیکەی ٤٥٠٠ ملیار دۆلار دەکات، هەروەها بەهای گازی سروشتییش نزیکەی ١٠-١٢ ترلیۆن دۆلارە، ئەوجا ئەگەر لێرەوە سەیری ئەو پڕۆگرامە بکەین کە کۆمپانیاکان نەوتی پێدەردەهێنن، دیارە پڕۆگرامەکەیان بەو جۆرەیە کە هەتا ٣٧٠٠ مەتر بیرەکان قووڵ بکەن. لەمەش زیاتر دوای ئەوەی پرۆسەی بەرهەمهێنانی نەوت دەستی پێکردووە، حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی دوو پاڵاوگەی گەورە بۆ بەرهەمهێنانی بەنزین دابمەزرێنن، ئەم دوو پاڵاوگەیە ئێستا رۆژانە نزیکەی ١٠٠ هەزار بەرمیل نەوت بۆ بەرهەمهێنانی بەنزین دەپاڵێوێت، بەمەش توانراوە تا رادەیەکی زۆر باش پێداویستی بەنزینی کوردستان دابین بکات. ئەمەش هەنگاوێکی دیکەیە بۆ سەربەخۆیی ئابووری، خۆ ئەگەر ئێستا ئەم هەنگاوانە هەڵنەگیرابایە و بە تەمای بەنزینی بێجی بووینایە، ئێستا ئێمە یەك لیتر بەنزینیشمان لە رێی بەغداوە دەست نەدەکەوت. ئەمە لە کاتێکدا لە هەموو پاڵاوگەکانی بەنزین لە عێراقدا رۆژانە ٧٠٠-٧٥٠ هەزار بەرمیل نەوت بۆ بەرهەمهێنانی بەنزین لە پاڵاوگەکانی عێراق بەکاردەهێنرێت، ئەم نەوتەش لە چوارچێوەی بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوتی عێراق

**ئەو پێشکەوتنەی لەماوەی ساڵی ٢٠٠٧- ٢٠١٤ لە کەرتی نەوت و گاز هاتۆتەدی ئەگەر وردبینی و دووربینی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبووایە بە ٣٠ ساڵی دیکەش لە کوردستان روونەدەدا**

**بەرهەمی سیاسەتی نەوتی کوردستان بریتییە لە دامەزراندنی ٥٧ بلۆکی نەوت و دۆزینەوەی ١٤-١٥ کێڵگەی نەوت و هەڵکەندنی ١٣٠-١٣٥ بیری نەوت و بوونی ٢٥ ئامێری هەڵکەندی بیری نەوت**

**تەنها لە ناوچەکانی ژێر ئیدارەی هەرێمی کوردستان ٤٥ ملیار بەرمیل یەدەگی نەوت و ٣-٦ تریلیۆن مەترسێجا گازی سروشتی هەیە، مەزندە دەکرێت لە ناوچە کوردستانییەکانی رۆژئاوای دیجلەش ١٠-١٢ ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگ هەبێت، کەرکووکیش بە تەنها ١٥-١٦ ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگی هەیە**



حیساب ناکرێت، لەم رێژەیە پێویست بوو حکومەتی عێراق ١٧٪ی کە رۆژانە دەکاتە نزیکەی ١٢٠-١٣٠ هەزار بەرمیل وەك پشکی کوردستان بیدایە بە هەرێم، بەڵام حکومەتی عێراق ئەمەشی بردووە بۆ خۆی، لە بودجەی عێراقیش کە بڕیارە ١٧٪ بنێرێت، جیا لەوەی ئەوە ساڵی ٢٠١٤ نەیناردووە، پێشتریش ١٠٪ کەمتری ناردووە، وێڕای هەموو ئەمانەش لەم بارودۆخەدا کە تیرۆریستانی داعش ناوچەی (بێجی)یان داگیر کردووە، ئەگەر ئەم سیاسەتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبوایە، ئێمە نەماندەتوانی لەم ژینگە سیاسییە ئاڵۆزە پێداویستی خۆمان لە بواری وزە دابین بکەین.

*** ئەگەر ناوچە کوردستانییەکانی دیکەش بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان و نەوتی ئەوانیش بە کەرکوکیشەوە حیساب بکەین، ئایا ئەو کاتە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستان چەند بەرز دەبێتەوە؟**

- پێش ئەوەی باسی نەوتی کەرکووك و ناوچەکانی دیکەی کوردستان بکەم، پێشتر ئاماژەم بەوە کرد، ئێستا پڕۆگرامی کۆمپانیاکان بۆ هەڵکەندنی بیری نەوت هەتا ٣٧٠٠ مەترە، بەڵام دەتوانرێت هەتا ٦٠٠٠ مەتریش نەوت دەربهێنرێت، بۆیە ئەم ٤٥ ملیارە بەشێکە لە نەوتی کوردستان، ئەوجا بابێینە سەر ئەو نەوتەی لە رۆژئاوای دیجلە بوونی هەیە، واتە لە ناوچەکانی زوممار و رەبیعە و شنگال، ئەویش بە نزیکەی ١٠ ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگ مەزندە دەکرێت، کەرکووکیش ١٠٪ی کۆی هەموو یەدەگی نەوتی عێراق پێکدەهێنێت. ئەمەش واتە نزیکە ١٥-١٦ ملیار بەرمیلی یەدەگ تەنها لەکەرکووك هەیە.

*** ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئابووریی کوردستان، دیارە پێشتر حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاندبوو، هەتا کۆتایی ئەمساڵ ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت دەگەیەنێتە ئەو ئاستەی کێشە ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان چارەسەر بکات، بەڵام وەك دەبینین لە پڕ نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان دابەزی، ئایا تاچەند دابەزینی نرخی نەوت کێشە دروست دەکات؟**

- بەپێی ئەو پڕۆگرامەی کۆمپانیاکان رایانگەیاندووە، ساڵی ٢٠١٢ ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت دەگەیەننە ٢٠٠ هەزار بەرمیل، لە ٢٠١٤ دەیگەیەننە ٤٠٠ هەزار بەرمیل لە ساڵی ٢٠١٥ دەیگەینە ٥٠٠ هەزار بەرمیل، ئەوجا لەسەر ئەم بنەمایە پێشتر بەرمیلی نەوت لە نێوان ١٠٠- ١١٢ دۆلار بووە، بۆیە ئەگەر لەسەر ئاستی مامناوەندی حیسابی بکەین، بەرمیلی بە ١٠٠ دۆلار و رۆژانە ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوت بفرۆشین، ئەوا

داهاتەکەی لە ساڵێکدا دەگاتە ١٤ ملیار و ٤٠٠ ملیۆن دۆلار، لەم پارەیە ئەگەر ٢٠٪ی بدەینە کۆمپانیاکان بۆ هەقی بەرهەمهێنانی نەوت، ئەوا هێشتا نزیکەی ١١-١٢ ملیار دۆلار بۆ کوردستان دەمێنێتەوە، خۆ ئەگەر بگەیەندرێتە ٥٠٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا، ئەوکات دەگاتە ئاستی ١٨ ملیار دۆلار لە ساڵێکدا، بەڵام ئەوەی گرنگە بۆ دیاریکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت، پێویستە بەپێی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، جڤاتێکی باڵای نەوت و گاز دروستبکرێت، بۆ ئەوەی ئەم جڤاتە بڕیار بدات بەپێی پێداویستی کوردستان نەوت بەرهەم بهێندرێت. ئەمەش بەو مانایە ئەم جڤاتە کە پێکدێت لە کۆمەڵێك پسپۆڕی شارەزای ئابووری و هەموو پێداویستییەکانی وڵات لە خۆشگوزەرانی خەڵك و پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام لەبەر چاو دەگرێت و مەزندەی خۆی بۆ پێداویستیی داهاتی ساڵێکی کوردستان دەخاتەڕوو، هەر بۆ نموونە بابڵێین ئەم ئەنجوومەنە بۆ هەرێمی کوردستان پێشنیار دەکات بۆ ساڵی ٢٠١٥ کوردستان پێویستی بە ١٤ ملیار دۆلار هەیە، ئەوا ئەگەر بە نرخی کۆن جڤاتی باڵا بڕیار بدات، نەوت بەرهەم بهێنرێت و ئەگەر ٥٠٠ هەزار بەرمیل رۆژانە بفرۆشرێت، ئەوا دوای جیاکردنەوەی هەقی کۆمپانیاکانیش ١٤- ١٥ ملیار دۆلار دەمایەوە، بەڵام بۆ ئێستا ئەمە نابێت، لەبەر ئەوەی بەهای یەك بەرمیل نەوت بە یەکجار لە ١١٢ دۆلار هاتۆتە خوارەوە بۆ ٨٠ دۆلار، کەواتە کە تۆ لەسەر ئەم واقیعە پێداویستی داهات دیاری دەکەیت، ئەوا دەبێت نرخی بەرمیلی نەوت لەخوار ٨٠ دۆلار حیساب بکەی، هەر بۆ نموونە فەنزویلا لەسەر بنەمای نرخی یەك بەرمیل نەوت بە ٦٠ دۆلار بودجەی ئەمساڵی خۆی ئامادە کردووە، ئەمەش شەڕێکی ئاشکرایە دژی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت بەرپاکراوە، هەر بۆ نموونە ئەگەر بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق ٢,٥ ملیۆن بەرمیل بێت و نرخی نەوت لەسەر ١٠٠ دۆلار حیساب کرابێت، رۆژانە ٢٨٠ ملیۆن دۆلار زیانی پێدەکەوێت، هەرێمی کوردستان ئەگەر ٢٠٠ هەزار بەرمیلی بەرهەم هێنابێت، ئەم دابەزینی نرخی نەوتە، رۆژانە ٦ ملیۆن دۆلار زیانی لێدەدات. بۆیە دابەزنی نرخی نەوت ناتوانێت ئەو داهاتە لە ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوت وەك پێویست دابین بکات، ئەمە بێجگە لەوەی لە بەبازاڕکردن و فرۆشتنی نەوتیش هەرێمی کوردستان کێشەی هەیە، بەڵام وێڕای ئەم هەموو ئاستەنگانەش ئەگەر ئاستی بەرهەمهێنان بگاتە ٥٠٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا و نەوت لە ٨٠ دۆلار نەیەتە خوارەوە، ئەوا دەتوانین کێشەکانی خۆمان چارەسەر بکەین.

*** وێڕای دابەزینی نرخی نەوت، لە هەمانکاتدا ئابووریی کوردستان دوچاری ئاستەنگی دیکە بۆتەوە، هەر بۆ نموونە بە درێژایی ١٠٥٠ کیلۆمەتر بەرەیەکی شەڕمان لەگەڵ تیرۆریستانی داعش بۆ دروستبووە، هەروەها زیاتر لە ١,٥ ملیۆن ئاوارە هاتوونەتە کوردستان، ئەمانەش رۆژانە پێویستیان بە پارەیەکی زۆر هەیە و هەبێ و نەبێ دەبێت بۆیان دابین بکرێت، هەروەها ئەم بارودۆخە وادەکات پێداویستی ناوخۆ لە هەموو بوارەکانی ئاو، کارەبا و سووتەمەنی زیاتر بێت، ئایا لەم بارودۆخەدا تاچەند پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان دووبارە چاوخشاندنەوەیەك بە ئابووریی کوردستاندا بکات؟**

- وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاندووە، تەنها پێداویستی مووچەی کارمەندانی هەرێم بڕی ٨٥٠ ملیار دینارە لە مانگێکدا، پێداویستی حکومەت ٢٠٠ ملیۆن دینارە لەمانگێکدا، هەروەها پێداویستی بۆ بەردەوامی پرۆژەکانی پەرەپێدانیش نزیکەی ٢٠٠ ملیۆن دینارە، ئەمانە هەمووی پێکەوە زیاتر لەیەك ملیار دۆلار دەکات لە مانگێکدا، وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، ئەگەر بێ ئەوەی هیچ ئاستەنگێك بێتە پێشەوە ٤٠٠ هەزار بەرمیل رۆژانە بفرۆشین، لەبەر ئەوەی نرخی نەوت دابەزیوە، تەنها پێداویستی حکومەت دابین ناکات، بەڵام سەرباری ئەمانەش وەك ئاماژەت پێکرد، بارودۆخێکی نائاسایی دیکە هاتۆتەئاراوە ئەویش بەرەکانی شەڕی پێشمەرگەیە لەگەڵ تیرۆریستان، هەروەها ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارە کە ڕوویانکردۆتە کوردستان، دیارە دابینکردنی پێداویستییەکانی بەرەکانی شەڕ، لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە و هەبێ یان نەبێ، دەبێت دابین بکرێت، لەبەر ئەوەی بەرەکانی پێشمەرگە مان و نەمانی کوردستانە، سەبارە بە ئاوارەکانیش هەر دەبێت لانیکەمی خزمەتگوزاریی سەرەکییان بۆ دابین بکرێت، بەتایبەتی کە بەرەو زستان دەڕۆین، بۆیە ئەمانە وادەکات حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم بارودۆخە نائاساییە هەنگاوی نائاسایی بگرێتەبەر لە سەرجەم بوارەکان خەرجییەکانی کەم بکاتەوە و ئەولەوییەتی بەرنامەی ئابووریی خۆی جارێکی دیکە ڕێکبخاتەوە، هەتا ئەم بارودۆخە تێدەپەڕێنین و خەڵکی کوردستانیش دەبێت هاوکاری حکومەتی خۆی بێت لەم بارە نائاساییە و وەك کوردیش دەڵێت: تەنگانە بەری کورتە و پشتیوان بەخوا ئەم کێشانەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش

ماوەیەکی کاتی و زۆر کەم دەبێت و سەربەزرانە ئەم قۆناخە تێدەپەڕێنین.

*** وەك راوێژكارێكی ئابووری، ئێستا خەرجی شەڕی داعش رۆژانە لەسەر کوردستان بە چەندە مەزەندە دەکەی؟**

- بە گوێرەی ئەوەی بیستوومە حەفتانە دەگاتە دوو ملیار دینار، بەڵام ئەگەر سبەی شنگال ئازاد بكرێت، رووبەری بەرەی جەنگ بەرفراوانتر دەبێت، بەمەش خەرجییەكانی زیاتر دەبن، ئەگەر بە شێوەیەكی بیركاریش حیساب بكەین لە هەر ١٠ كیلۆمەتر فەوجێكی پێشمەرگە دابنێی، پێویستت بە ١٠٠ فەوجی پێشمەرگە هەیە، ئەگەر فەوجەكان پێكەوە بەستراو بن بە رێگەی هاتوچۆ و خواردن و پەیوەندیی نێوانیان ئەمانەی هەموویان پێویستیان بە داهاتێكی زۆر هەیە.

*** ئەی سەبارەت بە ئاوارەكان پێویستمان بە چەند پارە هەیە؟**

- یەك ملیۆن و چوار سەد هەزار ئاوارە لە كوردستان هەن، ٦٠٪یان لە دهۆك و ٢٠٪یان لە هەولێر و ١٧٪یان لە سلێمانێ نیشتەجێ كراون، ئەگەر خەرجی رۆژانەی هەر یەكیان تەنیا ٥ دۆلار بێت، بزانە چەند دەكات؟ ئەمە جگە لە ئاو و كارەبا و تەندروستی و قوتابخانە و هاتنی زستان و سەرما، ئەم بارودۆخە زۆر سەختە بە جۆرێك حكومەتی هەرێم بە ئاشكرا رایگەیاند كە ناتوانێت بە تەنیا رووبەڕووی ئەم بارودۆخە ببێتەوە و پێویستە حكومەتی عێراق و وڵاتان هاوكاری بكەن.

*** وەك راوێژكارێكی ئاسایشی ئابووری بۆ وڵاتێكی وەك وڵاتی ئێمە پێویستە چ هەنگاوێك بۆ ژێرخانێكی پتەوی ئابووری هەڵبگرین، بۆ ئەوەی لەباری نائاساییدا بتوانین لەسەر پێی خۆمان رابوەستین؟**

- بۆ هەموو ئەو دەوڵەتانەی كە لەسەر یەك سەرچاوەی داهات كە ئەویش نەوتە، بنەمای ئابووریی خۆیان دادەڕێژن، پێویستە پێشوەختە ئەو پرسیارە لەخۆیان بكەن، ئەگەر گۆڕانكاری بەسەر ئەو سەرچاوەی داهاتەدا هات، یان نرخی دابەزی، ئایا چ هەنگاوێك دەگرنەبەر؟ هەر بۆ نموونە پێشتر مەزندەی ئێمە ئەوە بوو ئەگەر ٤٠٠ هەزار نەوت بەرمیل لە رۆژێكدا بفرۆشین، ئەوا پێداویستی داهاتی خۆمان دابین دەكەین، بەڵام لەپڕ نرخی نەوت دابەزی كە ئەو داهاتەی مەزندەمان كردبوو نزیكەی دوو ملیار دۆلار كەم دەكات، ئەوجا لەبەر ئەوەی ٩٥٪ی ئابووریی عێراق و كوردستایش پشتی بە داهاتی فرۆشتنی نەوت و تەنیا ٥٪ پشتی بە داهاتی

**مەزندەی نەوتی كوردستان لەسەر قووڵایی ٣٧٠٠ مەتر بۆ بیرەكان خەمڵێندراوە، تا ٦٠٠٠ مەتر توانای دەرهێنانی نەوت هەیە، بۆیە یەدەگی نەوتی كوردستان دوو ئەوەندەی رێژە مەزندەكراوەكەش دەبێت**

**حكومەتی عێراق بۆ ١١ پاڵاوگەی بەنزین ٧٥٠ هەزار بەرمیل نەوت رۆژانە بەكاردەهێنێت و لە سەر رێژەی بەرهەمهێنانی نەوت حیسابی ناكات، لەم رێژەیەش رۆژانە ١٣٠ هەزار بەرمیلی پشكی كوردستانە و حكومەتی عێراق حیسابی ناكات**

**پێویستە جڤاتێكی باڵای نەوت و گاز لە هەرێمی كوردستان دابمەزرێت و ئەم جڤاتە پێداویستی و داهاتی هەرێمی كوردستان دیاری بكات و بەپێی پێداویستی هەرێم ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت زیاد و كەم بكرێت**



ناوخۆ بەستووە، ئەوا لەبەر ئەوەی نەوت وەك سەرچاوە سەرەکییەکە کێشەی تێکەوتووە، ئەوا کارێکی قورسە ئەو ٥٪ـە خۆی پێ راستبکاتەوە، بۆیە شارەزایانی ئابووری بەتایبەتی بۆ وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت پێشنیاریان بەوجۆرەیە کە بە داهاتی نەوت سەرچاوەی داهاتی دیکە دروست بکەن، ئەمەش واتە بە داهاتی نەوت، وەبەرهێنان لە کشتوکاڵ و پیشەسازیدا بکرێت، بۆ ئەوەی لە چەندین سەرچاوەوە داهات دابین بکرێت، هەر بۆ نموونە شێخ زاید ئەمیری دەوڵەتی ئیمارات لە ساڵی ١٩٨٠ کاتێك پسپۆڕانی ئابووری لە کۆتایی ساڵ لیستی داهاتی وڵاتی ئیماراتیان پێشکەشی کرد، شیخ زاید پێی گوتن: ئەم داهاتە سەرچاوەکەی چییە؟ پسپۆڕانیش پێیانگوت: ٩٥٪ی داهاتی نەوتە و ٥٪ی داهاتی ناوخۆیە، بۆیە شێخ زاید پێی گوتن: ئەی ئەگەر سبەی بارودۆخێك هاتە پێشەوە، نەمانتوانی نەوت بفرۆشین، یان نرخی نەوت زۆر دابەزی، ئایا ئەو کاتە چی دەکەن؟ بۆیە شێخ زاید بڕیاری دا کە دەبێت سەرچاوەی هەمەڕەنگی داهات دروست بکرێت و ئاستی داهاتی ناوخۆ بەرز بکرێتەوە، هەرواش بوو داهاتی نەوتی لە بواری گەشت و گوزار و کشتوکاڵ و فڕۆکەوانی و زۆر بواری دیکە خستەگەڕ، بەمەش کارێکی کرد دوای ١٠ ساڵ هەمان پسپۆڕانی ئابووری لیستی داهاتیان بردە لای شیخ زاید، ئەویش دیسان لێی پرسین: ئایا سەرچاوەی ئەم داهاتە چییە؟ ئەوانیش پێیان گوت ٦٨٪ی داهاتی ناوخۆیە و تەنها ٣٢٪ داهاتی نەوتە، ئەوجا شێخ زاید گوتی: ئێستا ئێمە دەتوانین لەسەر پێی خۆمان رابوەستین و مەترسیمان لەسەر ئایندەی خۆشگوزەرانی هاووڵاتیانمان نەبێت. ئەم نموونەیە بۆ هەرێمی کوردستان باشترین نموونەیە و دەتوانین سوودێکی یەکجار زۆری لێ وەربگرین.

ئەگەر لەسەر کەرتی نەوتیش رابوەستین، ئەوا نابێت تەنها پشت بە فرۆشتنی نەوتی خاو ببەستین، بەڵکو پێویستە لە ناو وڵاتی خۆمان پیشەسازیی نەوت دروست بکەین، لەبەر ئەوەی کاتێك بەرمیلێك نەوتی خاو بە ١٠٠ دۆلار بفرۆشین، ئەوا ئەگەر ئەو بەرمیلە نەوتە لە پیشەسازی پترۆکیماوی بەکاربهێنینەوە، نرخی ئەو بەرمیلە نەوتە ٢٨٠ دۆلار قازانج دەکات، یان دەتوانین بەرهەمەکانی نەوت زیاد بکەین، هەر بۆ نموونە: دەوڵەتێکی وەکو ئوردن کە هەژارە و هیچی نییە، دێت ٢٠٠ هەزار بەرمیل نەوت لە عێراق و دەوڵەتانی کەنداو دەکڕێت و لە پاڵاوگەکانی خۆی دەیکاتە بەنزین و بەرهەمی دیکە، ئەردەن ئەو بەرمیلەی بە ١٠٠ دۆلار دەیکڕێت لە وڵاتی خۆی بە ١٧٠ دۆلار دەیفرۆشێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە لە پیشەسازی نەوت رۆژانە ١٢ ملیۆن دۆلار قازانج دەکات. بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان کە هەندێك جار کێشەمان لە فرۆشتنی نەوت بۆ دروست دەکەن، بۆ خۆ رزگارکردن لەو کێشانە دەتوانین نەوتەکە لەناو وڵاتی خۆمان بکەینە پیشەسازی پترۆکیمیاوی و لەبری ئەوەی بەرمیلێك نەوت بە خاوی بدەین بە ١٠٠ دۆلار، زیاتریش قازانج دەکات و دەشتوانین ئەو کارە بکەین، لەمەشدا دەتوانین سوود لە تواناکانی کۆمپانیا گەورەکانی وەك ئێکسۆن مۆبیل وەربگرین کە شەش بلۆکی نەوتی لە کوردستان هەیە، هەروەها دەتوانین بیکەینە پیشەسازی و داهاتی ناوخۆ دابین بکەین، بێ ئەوەی ناچار بین نەوت هەناردە بکەین و بە خاوی بیفرۆشین.

*** تا ئێستا بیر لەوە کراوەتەوە پیشەسازی پترۆکیمیاوی پەرەی پێبدرێت؟**

- ئەوەی لە وەزیری سامانە سروشتییەکان بیستوومە کە بەنیازن گازی سروشتی (LPG) بەرهەم بهێنن وەك سووتەمەنی ئۆتۆمبێل لە جیاتی بەنزین بەکار بێت، هەروەها ئەوەشم بیستووە کە بەنیازن لە ڕێگەی چەند کۆمپانیایەك پیشەسازیی پترۆکیمیاوی پەرە پێبدەن، ئەگەر موئەسەساتی نەوتی هەبوایە، ئەم کارانە هەموویان دەکران، چونکە کارەکە ئاسان نییە.

*** ئەگەر ئەم ساڵ لەسەر حیسابی ٦٠ دۆلار بۆ یەك بەرمیلی نەوت بودجەی خۆمان دانا، بارودۆخی ئابووریمان چۆن دەبێ؟**

- مادام سەرچاوەی سەرەکی داهاتمان نەوتە پێویستە بیر لە کەمترین بەهای یەك بەرمیلی نەوت بکەینەوە، کاتێك فەنزویلا تووشی قەیران بوو، بەهای نەوت لە ١١٠ دۆلارەوە گەیشتە ٨٠ دۆلار، بۆیە بڕیاریدا لە ساڵی داهاتوو نرخی یەك بەرمیل نەوت بە ٦٠ دۆلار بخەمڵێنێت بۆ ئەوەی ئەگەر نرخەکەی زیاد بوو، ئەوا باشتر، ئەگەر زیادیشی نەکرد، بتوانێت دەرگای دیکە بکاتەوە، پێویستە ئێمە لەسەر ٨٠ دۆلار وستابایەن، چونکە من لەو بڕوایەدام هیچ شتێك نییە شوێنی نەوت بگرێتەوە و بە هەزاران ماددەی پیشەسازی لە نەوتدا هەیە و لەبەر ئەوەی ئێستا لە هەموو بوارەکانی ژیاندا نەوت بەکاردەهێندرێت و داهاتەکەی هەشت ئەوەندەی خۆی زیادی کردووە، بۆیە ئەگەر گرنگیی زیاتر بە کەرتی نەوت بدرێت، ئەوا سوودی زۆری دەبێت بۆ ڕێکخستنی کەرتەکانی دیکەی ژیان، هەروەها ئەگەر داهاتی ناوخۆیی بە شێوەیەکی

تەندروست و بە ئیرادەیەكی بەهێزەوە ڕێك بخرێت، ئەوا دەتوانێت بۆشـــاییەكی زۆر پڕ بكاتەوە، یان بە لایەنی كەمەوە ئەو كەموكوڕییەی لە نرخی فرۆشـــتنی نەوت دروست دەبێت، ئەویان پڕ بكاتەوە.

*** تـــا چەند ئاگاداری ئەو لیژنەیەی كە پەرلەمان بۆ پێداچوونەوەی بارودۆخی ئابووریی كوردستان دایناوە؟**

- ئـــەوەی ئـــاگادار بم لیژنەی ئابـــووری و لیژنەی سامانە سروشتییەكان دانیشتوون و چەند پێشنیارێكیان خســـتۆتەڕوو بۆ ئـــەوەی حكومەتـــی هەرێم چۆن ڕووبەڕووی ئەم بارودۆخە نەخوازراوەی ئێستای هەرێم ببێتەوە لەسەر ئاســـتی عێراق و شەڕی داعش و ئەو ژمـــارە زۆرە ئاوارانەی ڕوویان لە كوردســـتان كردووە و كێشـــەكانی داهات و نەبوونـــی بودجە، بە گوێرەی زانیارییەكانی من زۆر كەس لەســـەر ئەو ڕایە كۆكن كە حكومەت پەلە نـــەكات لە بڕیاردان بۆ وەرگرتنی قەرزێكـــی زۆر لە دەرەوە كە نەتوانێت بیداتەوە، ئەگەر قەرزەكەشـــی وەرگرت، بزانێت سەرچاوەكەی كوێیە و قازانج و ئامانجی سەرچاوەی قەرزەكە چییە لە پێدانی ئەم قەرزە بە كوردســـتان، باس لە وەرگرتنی بڕی ٥ ملیار دۆلار دەكرێـــت وەك قەرز، بەڵام ئایا ئەم قەرزە لە كێ وەردەگیرێ و چۆن ئەو قەرزە وەردەگیرێ؟ ئەو قەرزە بۆ كێیە؟ چۆن خەرج دەكرێ؟ چ بۆشاییەك پڕ دەكاتـــەوە؟ ئەگەر قەرزەكە بـــۆ مووچەیە، ئەوا تەنیا بەشی ٥ مانگ دەكات، هەندێك لە ئابووریناسان دەڵێن لە مـــاوەی ئەو ٥ مانگەدا داهاتی خۆمان زیاتر ڕێك بخەینەوە باشترە لە وەرگرتنی قەرز بۆ پێدانی مووچە یاخود سندوقێكی تایبەت بكرێتەوە كە خەڵكانێك پارەی خۆیان تێدا دابنێن و ببێتە ســـەرچاوەیەكی دارایی بۆ حكومەت و بۆ بارودۆخی لەناكاو .

*** ئێمە لەگەڵ بەغدا پێشـــتر كێشەی یاسای نەوت و گازمان هەبوو، ئێستاش كێشەی كۆمۆ و سۆمۆ، ئەم كێشەیە چییە؟**

- لە دەستووری عێراقدا چەند ماددەیەك هەیە سەبارەت بـــە چۆنیەتی بەكارخســـتنی كەرتی نـــەوت و گاز، ماددەكانـــی ١١١ و ١١٢ بە وردی باس لەوە دەكەن و دەڵێت بۆ ئەوەی ئەم دوو ماددەیە بكەونە كار پێویستە بە یاســـایەك ڕێك بخرێن، ئەو یاسایەش ناوی (یاسای نەوت و گازە)، لە ساڵی ٢٠٠٧ ڕەشنووسێك پێشكەش كرا، ئێستا چەند ڕەشنووسێكی دیكە هەیە و پەرلەمان و حكومـــەت و وەزارەت هەر یەكەو ڕەشنووســـێكیان پێشـــكەش كرد، لە هەرسێ ڕەشنووســـەكە تا ئێستا هیچیان نەچووەتە پەرلەمان بۆ ئەوەی دەنگی لەســـەر

**دابەزینی لە ناكاوی نرخی نەوت لە ١١٢ دۆلارەوە بۆ ٨٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك نەوت شەرێكە دژی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت بەرپاكراوە، بۆیە دەبێت بۆ داڕشتنی بودجەی هەرێمی كوردستان نرخی نەوت زۆر لەوە كەمتر حیساب بكرێت**

**خەرجی هەفتەیەكی بەرەكانی پێشمەرگە لەبەرامبەر تیرۆریستانی داعش نزیكەی دووملیار دینارە و ئاوارەكانیش ئەگەر ڕۆژانە هەریەكەو ٥ دۆلار خەرجی بوێت، ڕۆژانە ٧,٥ ملیۆن دۆلار خەرجیان دەوێت**



بدرێت، لەبەر ئەوەی بەغدا حەز ناکات ئەم یاسایە هەبێت، چونکە ئەگەر ئەم کەرتە رێك بخرێت، پێویستە دەسەڵاتێکی فیدراڵی هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و نوێنەری هەموو پارێزگا و هەرێمەکان تێدا دەبێت و بە گەورەترین دەسەڵات دادەنرێت و نەبەستراوەتەوە بە ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی نەوتەوە، تەنیا لەلایەن پەرلەمانەوە چاودێری دەکرێت، ئەم دەسەڵاتە هەڵدەستێت بە دووبارە بنیادنانەوەی وەزارەتی نەوت و سیستمێکی ئەوتۆی بۆ دابنێت کە لەگەڵ سیستمی فیدراڵیدا بگونجێت، چونکە سیستمی وەزارەتی نەوت هەمان سیستمی پێش ٢٠٠٣یە و لەگەڵ ئەم سەردەمە ناگونجێت، بۆیە ئەگەر ئەم سیستمە سەر لەنوێ بنیاد بنرێتەوە ئەو کات بەڕێوەبەرایەتییەکی باش و کارا دێتەئاراوە.

سۆمۆش بە هەمان شێوە بەرهەمی ئەو وەزارەتەیە کە پێش ساڵی ٢٠٠٣ بەڕێوەدەچو، چونکە لۆژیك نییە ئەگەر لیژنەی نەوت و وزە لە ئەنجوومەنی وەزیران هەبێت و دوو یان چوار یان بە گوێرەی دانیشتووانی هەرێم نوێنەر یان راوێژکاری کوردستانی تێدا نەبێت بۆ ئەوەی بزانن سیاسەتی نەوت چۆن پیادە دەکرێ و داهاتی چەندەن. بەهەمان شێوە ناکرێ کورد دوو نوێنەری لە سۆمۆدا نەبێت بۆ ئەوەی بزانن ئەم نەوتە لە کوێ دەردەهێندرێت و چۆن دەگوازرێتەوە و چۆن دەفرۆشرێ و داهاتەکەی بۆ چ کۆمپانیایەك دەبێت و پارەکەی چۆن دەگەڕێننەوە (VFI)، دوای ئەوەی عێراق لە ساڵی ٢٠١٠ بوو بە ئەندام لە رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی، یەکەم راپۆرت کە دەرچوو دەربارەی نەوت بوو، لەم راپۆرتەدا دەرکەوت ئەو داهاتەی کە کۆمپانیاکان دەڵێن لە سۆمۆیان کڕیوە و پارەکەیان داوەتە (VFI) و ئەو نەوتەی سۆمۆ دەڵێت فرۆشتوومە، جیاوازییەکەیان یەك ملیار و ٥ سەد ملیۆن دۆلار بوو، لە کاتێکدا بەپێی دەستوری عێراق ئەو داهاتە داهاتی هەموو خەڵکی عێراقە و لەلایەن کۆمپانیای سۆمۆوە دیار نەماوە، ئەمە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ سیستمی فیدراڵی یەك ناگرێتەوە، لەلایەکی دیکەوە ئەوەی زۆر سەیرە ئەوەیە جگە لەو نەوتەی دەفرۆشرێ رۆژانە لە ٧٠٠-٧٥٠ هەزار بەرمیل دەنێردرێتە پاڵاوگەکان کە ژمارەیان ١١ پاڵاوگەیە، بەپێی پیلانەکانی وەزارەتی نەوت دەیانەوێ ئەم بڕە نەوتەش زیاد بکرێ بۆ یەك ملیۆن و ٥ سەد هەزار بەرمیل، ئەمەش نازانین بۆچی و لەسەر چ بنەمایەك دەکرێت، چونکە داهاتی ئەم ٧٥٠ هەزار بەرمیلە تا ئێستا ناچێتە ناو بودجەی عێراقەوە کە دەکاتە ٢٠٪ی داهاتی نەوتی عێراق و ساڵانە دەکاتە نزیکەی ٢٥ ملیار دۆلار و ئەگەر رێژەی کوردستان تێیدا ١٧٪ بێت دەکاتە نزیکەی ٥ ملیار دۆلار، ئەگەر حیسابی ئەوە بکەین لە هەر یەك ملیۆن بەرمیل سەد هەزار بە هەڵە دەڕوا لەبەر نەبوونی ئامێر و سیستمی مەستەری، تا ٢٠١٠ رۆژانە ٣٠٠ هەزار بەرمیل بە فیڕۆ دەچوو، ئەگەر لێرەش بەشی هەرێم بە ١٧٪ حیساب بکەی، رۆژانە ٥١ هەزار بەرمیلی بەشی هەرێم ون دەبێت، بێ ئەوەی کەس باسی بکات، یان بەدواداچوون بۆ چارەنووسی بکات، ئەم بێ سەروبەرییە کاریگەرییەکی سلبی زۆری لەسەر هەرێمیش هەبووە.

*** بڕیارە شاندێکی کوردستان سەردانی بەغدا بکات، ئایا بەو سەردانە کێشەی کۆمۆ و سۆمۆ چارەسەر دەکرێ؟**

- ئەم سیستمە بەو سەردانانە چارەسەر ناکرێ، رەنگە چارەسەرێکی کاتی بدۆزرێتەوە، لەوانە رەنگە ئەم ساڵ کرێی کۆمپانیاکان بدات، یان بودجەیەك بنێرن، بەڵام ساڵی داهاتوو ئەمە ناکەن، بەڕای من دوو چارەسەر هەیە، یەکەمیان ئەوەیە: یان خۆمان بە دەوڵەتێك دەبەستینەوە بە ناوی دەوڵەتێکی فیدراڵ کە ٩٥٪ی داهاتەکەی نەوتە و کەرتی نەوتی زۆر بێسەروبەرە و بووەتە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکیی سیاسی و گەندەڵییەکی بێ وێنە کە دەرەنجام درووستبوونی چەندین رێکخراوی توندڕۆی لێکەوتۆتەوە و عێراقی بەرەو قۆناغێکی سەخت و دژوار بردووە، هەروەها زیادبوونی داهاتی نەوت بووەتە هۆی ئەوە کە پرۆسەی بە دیموکراتی بوونیش بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە بە بەراورد لەگەڵ ئێستا و ساڵی ٢٠٠٩، واتە پرۆسەی دیموکراتی بووەتە قوربانی خراپ بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و پەیوەندییەکی پێچەوانە درووستبووە لە نێوان زیادبوونی داهاتی نەوت و پرۆسەی دیموکراتی، ئەمانە زەنگێکی مەترسیدارن بۆ ئەوەی هەوڵ بدرێت چۆن خۆت لەو بارودۆخە رزگار بکەی.

بژاردەی دووەم ئەوەیە: دەبێ هەوڵ بدەین لەگەڵ هەموو هێز و لایەنە پێشکەوتووخوازەکان ئەمرێکی واقع درووست بکەین و سیستمێکی دیموکراتی هاوچەرخ و موئەسەساتی بەرپرسیار دابمەزرێنین و ئاسایش و ئارامی لە ناوچەکە بەرقەرار بێت و داهاتەکەمان جێگر بێت و مەترسی بڕینی لەسەر نەبێت و گۆڕینی سەرۆك وەزیران نەبێتە هۆی گۆڕینی سیستمەکە، ئێمە پێویستمان بەم جۆرە دەوڵەتە هەیە، بێگومان

ئەمەش کارێکی زۆر سەختە، چونکە ئێمە بەشێکین لە گشت و بەشیش ناتوانێت بە تەنیا بڕیار بدات، بۆیە پێویستە هێزی دیکە کۆبکەینەوە بۆ ئەوەی ئەم موئەسەساتانە بنیاد بنێین، چونکە ئەگەر ئەمە نەکرێ، هیچ چارەسەرێك ناکرێ، ئەم بێسەروبەرییەی کە هەیە، تەنیا لە کوردستان نییە، لە هەموو بەشەکانی دیکەش بە هەمان شێوەیە، پارێزگایەکی وەکو بەسرا کە ڕۆژانە نزیکەی دوو ملیۆن بەرمیل نەوتی لێ بەرهەم بهێندرێت و ژیانی خەڵکیش لە هەموو بوارەکاندا لەو پەڕی خراپیدایە، لە کوردستان هەر هیچ نەبێت، توانراوە ئەمن و ئاسایش بەرقەرار بێت، بۆیە ئێستا بەسراش بەم بارودۆخە رازی نابێت، هەر ئەمەش وایکردووە کە فشارێکی زۆر لەسەر هەرێم درووست بکرێت و بە دڵنیاییەوە ئەگەر هەرێمێکی دیکەی هاوشێوەی کوردستان هەبووا، ئەوا فشارەکان بەم شێوەیە نەدەبوون لەسەر هەرێمی کوردستان.

*** چۆن دەتوانین هەرێمێکی فیدراڵی بین و ئابووریی خۆمان لە عێراق جیا بکەینەوە؟**

- پێویستە بەر لە ڕوودانی بارودۆخێکی لەناکاو ئێمە خۆمان ئامادە کردبێت، بەڵام کاتێك ڕووبەڕووی بارودۆخێکی نەخوازراو دەبیتەوە، ئینجا بیر لە چارەسەر بکەیتەوە، ئەو کاتە چارەسەر سەختە، کادیری سەرکەوتوو ئەوەیە کە پێشبینی ڕوودانی شتێك دەکات بەر لە ڕوودانی، ئابووریناسێك، جیۆلۆجییەکی نەوت، پسپۆڕێکی شارەزای نەوت، پێویستە بزانێت ئەو بارودۆخەی ئێستا لە بواری نەوت و کشتوکاڵ بەرەو چارەنووسێکی ناڕۆشن و ناخۆشمان دەبات و ئەگەر تووشی گرفتێك ببینەوە و ناتوانین خۆڕاگر بین وەکو پێویست و زیانی زۆرمان بەردەکەوێت و ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی خۆراك و ئاسایشی ئابووریمان دەکەوێتە مەترسییەکی زۆرەوە، ئێستاش دەتوانین لەم قەیرانەدا سەرکەوتوو بین.

من لە ماوەی ڕابردوودا بەدواداچوونێکم کرد بۆ زانینی ئاستی بەرهەمی گەنم لە کوردستان کە بەشێکی سەرەکیی خۆراکی ڕۆژانەیە، بۆم دەرکەوت نزیکەی ٧٠٠ هەزار تۆن گەنم لە سایلۆکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی کۆکراوەتەوە، ئەو گەنمە دەچێتە بەشەکانی دیکەی عێراق تا دەگاتە بەسرا، ئەگەر ئێمە داهاتێکی باشمان هەبووایە پێویست بوو بۆ خۆمان ئەم گەنمە بکڕینەوە، بەڵام وادیارە هیچ حیسابێك بۆ ئەم خاڵە گرنگەی ئابووری نەکراوە و تا ئەو کاتەی نەکەوی، هەستی پێ ناکەی.

بارودۆخی ئێستا لە بواری نەوت و کشتوکاڵ بەرەو چارەنووسێکی ناڕۆشن و ناخۆشمان دەبات و ئەگەر تووشی گرفتێک ببینەوە و ناتوانین خۆڕاگر بین و ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی خۆراک و ئاسایشی ئابووریمان دەکەوێتە مەترسییەکی زۆرەوە

نزیکەی ٧٠٠ هەزار تۆن گەنم لە سایلۆکانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی کۆکراوەتەوە، ئەو گەنمە دەچێتە بەشەکانی دیکەی عێراق تا دەگاتە بەسرا، ئەگەر ئێمە داهاتێکی باشمان هەبووایە پێویست بوو بۆ خۆمان ئەم گەنمە بکڕینەوە





## ئێدوارد کیسی

تایبەتمەند لەبارەی ناساندنی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و ژینۆساید بۆ گوڵان:

# بە تەنها ناچارکردنی ئێزیدییەکان بەوەی دەست لە ئایینی خۆیان هەڵبگرن، بەشێکە لەو پێناسەی بۆ ژینۆساید کراوە

**پرۆفیسۆر ئیدوارد کیسی ئوستادی دیراساتی ئەفریقییە لە زانکۆی باشووری فلۆریدا و یەکێکە لەو پسپۆڕانەی کە لەبارەی کەیسی بە ژینۆساید ناساندنی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لە ڕێکخراوی یونیسکۆی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان کاری کردووە، هەروەها کارێکی زۆری لەسەر پرۆسەی ژینۆسایدی هۆلۆکۆست و تاوانە دژ بە مرۆڤایەتییەکان لە وڵاتانی ئەفریقیا کردووە، سەبارەت بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییانەی تیرۆریستانی دەوڵەتی ئیسلامی داعش بەرامبەر بە کوردانی ئێزیدی و بە کۆیلەکردنی ژن و کچەکانیان، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئەنجامداوە بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** ئەوەی تیرۆریستانی داعش بەرامبەر کوردانی ئێزیدیان کرد لە شنگال بریتی بوو لە کوشتنی بەکۆمەڵ و بەشێوەی ئەنقەست، ئایا کوشتنی بەکۆمەڵ و بە کۆیلەکردنی مرۆڤ، لە چ خانەیەکی تاواندا لەسەر ئاستی نیودەوڵەتی پێناسە دەکرێت؟**

- کوشتنی بەئەنقەستی ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی گرووپێکی ئیتنی، یان نەتەوەیی و بەو شێوەیەی تیرۆریستانی داعش دژی کوردانی ئێزیدی ئەنجامیانداوە، جۆرێکە لە کوشتنی بەکۆمەڵ، کە لە سایەی یاسای نێودەوڵەتیدا بە «تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی» لێدەدرێتەوە. هەروەها بە کۆیلەکردنی ئافرەتان و پیاوانی گرووپەکە بە ئامانجی کوشتنیان بە هەمان شێوە تاوانە لە سایەی یاسای نێودەوڵەتیدا و دەکەوێتە خانەی ئەوەی پێی دەگوترێت: « تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی.» تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بە زۆری ئەو تاوانانەیە کە کوشتنی هەڕەمەکی و ڕەشەکوژی خەڵکانێك، یان ئەندامانی گرووپێکی ئیتنی، یان ئایینی دیاریکراو، یاخود کۆکردنەوەی گرووپە بە ئامانجیکراوەکە لە کامپێکدا، یان شوێنێکی داخراودا بۆ ئەوەی بەکاریان بهێنن بۆ ئامانجی تاقیکردنەوە، یاخود تێرکردنی ئارەزووی سێکسی بە شیوەیەکی ئاژەڵییانە.

*** ئەوەی مەترسییەکانی تیرۆریستانی داعش زیاتر دەکات، ئەوەیە کە ئەو کردەوانە لەلایەن ڕێکخراو، یان دەوڵەتێکی تیرۆریستییەوە ئەنجامدراوە کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی شەرعیەتیان نییە، ئایا چۆن داکۆکی لەمافی ئەو خەڵکە دەکرێت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە چ شیوەیەك مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە دەکات؟**

- پێموایە لەسەر پرسێکی لەمشیوەیە بۆچوونێکی هاوبەش نییە لە نێو زۆرێك لە توێژەرانی مافەکانی مرۆڤدا. ئەگەرچی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان، یاخود گرووپە میلیشیا چەکدارەکان «دەوڵەت» یان «نەتەوە» نین و بە زۆری ئیمزایان لەسەر یاسایەکی نێودەوڵەتی دیاریکراو نەکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناچارن ڕێز لە یاسا نێودەوڵەتییەکان بگرن، کاتێك لە وڵاتێکدا چالاکی دەکەن کە ئەو وڵاتە ئیمزای لەسەر ئەو یاسا نێودەوڵەتییە کردووە. کاتێك گرووپە چەکدراەکان دەست بەسەر خاکێکدا دەگرن کە مرۆڤی تێیدا نیشتەجێیە، ئەوا پابەندبوونێکی یاساییان لە ئەستۆیە کە بە کەرامەتەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو مرۆڤانەدا بکەن، هەروەها بە گوێرەی یاسای نێودەوڵەتی کە جەخت لەسەر مافی ژیانی هەموو تاکەکەس و گرووپێك دەکاتەوە. بە کۆیلەکردنی ئافرەتانی کوردی ئێزیدی و هەر گرووپێك لە خەڵك، پێشێلکردنی ئەخلاق و یاسای نێودەوڵەوتییە.



نابێت لە سایەی هیچ هەل و مەرجێکدا تەحەمول بکرێت و نابێت چاوپۆشی لێبکرێت، یان بەرگری لێبکرێت. لەم رووەشـــەوە دەبێت کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی باشتر سزای تیرۆریستانی داعش بدات.

*** لە ســـەدەی بیستەمدا چەند جارێك ژینۆساید دژی نەتەوەی کورد و ژمارەیەك نەتەوەی دیکە کراوە، ئەوەی لە ئێمە وەك کورد نزیکە و ژینۆسایدکراون، ئەرمەنییەکان بوون، دیارە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان لەسەر ئاستی جیهان وەك ژینۆســـاید ناســێندرا، بەڵام ئێستا جیهان نەك هەر بەرامبەر کۆمەڵکوژکردن، بەڵکو بەرامبەر بە کۆیلەکردنی ئێزیدییەکان دوودڵە لەوەی بە ژینۆســـاید بیناسێنێت، هۆکارەکانی ئەوە لە چیدا دەبینن؟**

* ئەمـــە پرســـیارێکی زۆر باشـــە. ژینۆســـایدی ئەرمەنییەکان لەلایەن دەوڵەتی عوســـمانی تورکیاوە لە دەیەی دووەمی ســـەدەی بیستدا، نموونەیەکە لە بارەی بـــە ئامانجگرتنی بەئەنقەســـتی کەمینەیەکی ئایینی (گرووپی مەســـیحی ئەرمەنییـــەکان لە کۆمەڵگەیەدا کە تێیدا زۆرینە موســـڵمانن) بۆ لەناوبردنیان. ئەوە لە رێی کوشـــتنی راستەوخۆ و برســـیکردنەوە ئەنجام درا، هەروەها لە رێی ئەوەی خرانە بارودۆخێکەوە کە ئامانج لێـــی لەناوبردنیان بوو وەك گرووپێکی ئایینی. ئەمەش مایـــەی بەدبەختیە کە هەندێکجار «سیاســـەت» ئەوە دیاری دەکات کە نەتەوەکان و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان خوازیار بن چی بە ژینۆساید دابنێن و لەبەرامبەر چیدا دوودڵ بن لەوەی ئەم ناوی بەسەردا دابڕن. ئەوە کارێکی خراپە، چونکە ژینۆساید هەر ژینۆسایدە، ئیدی لەلایەن قەوارەیەکی جیهانییەوە دانـــی پێدابنرێت یاخود نا. لە راستیدا بەلای منەوە پێویســـتە فاکتەکانی ژینۆساید زۆر گرنگتر بن لە سیاسەتی دانپێدانان. کاتێك گرووپێك دەکرێتـــە ئامانج بۆ ئـــەوەی لە نـــاو ببردرێت، تا ئەو رادەیەی تاوانکاران بە روونی گوزارشـــت لە نییەتی لەناوبردنی گرووپەکە دەکەن، یاخود نییەتی لە ناوبردنی گرووپەکە بۆ هەموان روونە، ئەویش بەهۆی ناسنامەی ئیتنی، رەگەزی، ئایینی، یاخود نەتەوەیی گرووپەکەوە، یان تەنانەت بەهۆی ناســـنامەی سیاسی و رەگەزیی گرووپەکەوە، ئەوە حاڵەتێکی روونی ژینۆسایدە. پێویستە فاکتەکان ئەوە دەستنیشان بکەن کە ئایا کۆمەڵکوژییەکی دیاریکراو ژینۆسایدە، یاخود نا. «دانپێدانان» بابەتێکی دیکەیە کە هەنـــدێ جار دەکەوێتە ژێـــر ئیعتیباراتی سیاسییەوە. بەڵام ئەوەی پێش هەموو شت گرنگە ئەوەیە ئێوە کارێکی باش دەکەن کە دەربارەی ئەو تاوانانەی لە لایەن تیرۆریستانی دژ بە کوردانی ئێزیدی ئەنجامدراوە، لێکۆڵینەوەی رۆژنامەوانـــی دەکەن و پەیوەندی دەکەن و جیهانـــی لێ ئاگادار دەکەنـــەوە، هەروەها هەوڵدەدەن میحنەتی ئێزیدییەکان لە ئێســـتادا بـــەراورد بکەن، بە میحنەتی ئەرمەنییەکان لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، بەمەش ئێوە جیهان هۆشیار دەکەنەوە لە تاوانێکی بەردەوام دژ بە خەڵکی ئێزیدی و سەرنجی جیهان بۆ ئەم تاوانانە رادەکێشن. نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرجەم رێکخراوەکان و خەڵکی خاوەن ویژدان بەرپرسیارێتی پاراستنی ژیانی ئێزیدییەکانیان لە ئەســـتۆیە. هەروەها نەتەوەکانی ئەو شـــوێنانەی ئێزیدییەکانی تێیدا دەژین، رۆژنامەنووسان و قوتابیـــان و چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤ لەوێ و لە سەرتاسەری جیهاندا ئەرکی ئەوەیان لەسەر شانە کە قسە بکەن و بنووسن لەبارەی کوشتن و بە کۆیلەکردنی ئێزیدییەکانەوە. لە بارودۆخگەلی لەم چەشـــنەدایە کە پێویستە هەســـتی ئەخلاقی و ویژدانیمان بجووڵێت بۆ پاراســـتنی مرۆڤایەتی و براو خوشـــکی مرۆڤمان لە رێگەی کۆمـــەك و چالاکییەوە. نابێت جیهان بێدەرەتان بێت لە کاتێکدا روودانی ژینۆساید لە ئارادا بێت.

*** جگـــە لە بە کۆیلەکردنیان تیرۆریســـتانی دەوڵەتی ئیســـلامی داوایان لە مەسیحی و ئێزیدییەکان کرد ببنە ئیسلام، ئایا ئەمە ژینۆساید نییە دژی بە کەمینەکان و ئایا ئەم ژینۆسایدە بێ لێپرسینەوە تێدەپەڕێت؟**

**نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرجەم رێکخراوەکان و خەڵکی خاوەن ویژدان بەرپرسیارێتی پاراستنی ژیانی ئێزیدییەکانیان لە ئەستۆیە**

**گۆڕینی زۆرەملێی بیروباوەڕی گرووپێک بۆ بیروباوەڕێکی دیکە هێرشکردنەسەر ناسنامەی ئەو گرووپەیە. لە رووی مێژووییەوە ئەوە ژینۆسایدە**

**ستایشی گۆڤارەکەتان دەکەم بۆ ئاگادارکردنەوەی جیهان لەوەی بەسەر ئێزیدییەکاندا دێت**



- نابێت ئەم تاوانە تێپەڕێت. گۆڕینی زۆرەملێی بیروباوەڕی گرووپێك بۆ بیروباوەڕێكی دیكە هێرشكردنەسەر ناسنامەی ئەو گرووپەیە. لە رووی مێژوییەوە ئەوە ژینۆسایدە، لەبەر ئەوەی بە زۆری ژینۆساید لە رێی هێرشكردنەسەر ناسنامە و كەلتووری گرووپێك روویداوە. ئەوەی ئێمە دەكاتە مرۆڤ هەر ئەو ژیانە نییە كە ئێمە هەمانە وەك كەسانێكی زیندوو. بەڵكو مرۆڤایەتی ئێمە لەو جۆرەی ژیانمان سەرچاوە دەگرێت كە چۆنی بەسەر دەبەین. كەلتوور و زمان و بیروباوەڕەكانمان بەشێكن لە ئێمە. هێرشكردنە سەر كەلتوور و بیروباوەڕ جۆرێكە لە ژینۆسایدی كەلتووری. لە راستیدا، كاتێك داڕێژەری دەستەواژەی ژینۆساید، رافایڵ لەمكین بۆ یەكەم جار لە ساڵی ١٩٣٣دا ئەوەی روون كردەوە كە مەبەستی چی بووە لە ژینۆساید، ئاماژەی بەوە كرد كە بە زۆری لە ناوبردنی كەلتووری گرووپێك دەكەوێتە پێش لە ناوبردنی ئەنقەستی گرووپەكەوە (ژینۆساید). بیروباوەڕە ئایینییەكان بەشێكن لە كەلتووری ئێمە وەك مرۆڤ. ناچاركردنمان بۆ ئەوەی دەست لە بەشێك لە كەلتوورەكەمان هەڵبگرین بۆ ئەوەی تەبەنی كەلتوورێكی دیكە بكەین، بریتییە لە كوشتنی كەلتوورییانەی ئێمە.

*** ئایا دەكرێت قوربانییانی ئێزیدی بۆ ئەوەی قەرەبوو بكرێنەوە، سكاڵا لە دادگای نێودەوڵەتی تۆمار بكەن؟**

بە دڵنیاییەوە، لە جیهانی ئێستادا هەر گرووپێك كە قوربانی دەستی ژینۆساید بووە، یان قوربانی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بووە، هەروەك ئەوەی ئەم چەمكانە لەلایەن یاسای نێودەوڵەتییەوە پێناسەكراون، دەتوانێت پەنا بباتە بەر دادگای تاوانی نێودەوڵەتی. پێویستە قوربانییانی ئێزیدی ئەو ئێش و ئازارەی بەسەریاندا هاتووە بە دۆكیۆمێنتی بكەن. بەهۆی ئەو پاڵپشتی و بەڵگانەی چالاكوانە ئێزیدییە خاوەن نفوزەكان و گرووپەكانی دیكەی مافەكانی مرۆڤ، ئێزیدییەكان دەتوانن پەنا ببەنە بەر دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، یاخود نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ ئەوەی گوێ لە كەیسەكەیان بگرن. ئێمە هەموومان دادگاییكردنەكانی (نۆرمبێرگ)مان لە یادە. لەمڕۆدا هیچ تاوانكارێكی تاوانەكانی دژ بە گرووپێك ناتوانێت لە دەستی دادپەروەری دەربازی بێت. ئێزیدییەكان شایستەی هاوكاری ئێمەن، شایستەی هاوسۆزی ئێمە و پشتوانی ئیمەن بۆ دادپەروەری. من ستایشی ئێوە و گۆڤارەكەتان دەكەم بۆ ئاگاداركردنەوەی جیهان لەوەی بەسەر ئێزیدییەكاندا دێت.

**كوشتنی بەئەنقەستی ژمارەیەكی زۆری ئەندامانی گرووپێكی ئیتنی، یان نەتەوەیی و بەو شێوەیەی تیرۆریستانی داعش دژی كوردانی ئێزیدی ئەنجامیانداوە، جۆرێكە لە كوشتنی بەكۆمەڵ، كە لە سایەی یاسای نێودەوڵەتیدا بە «تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی» لێدەدرێتەوە**


E141

# هەر کوردانی ئێزیدی و بەکۆیلەکردنی کیژۆڵەکانیان



تیمێکی گۆڤاری گوڵان بۆ بەسەرکردنەوەی ئاوارەکانی ئێزیدی سەردانی دەڤەری شێخان و پەرستگای لالش و چەند خێوەتگەیەکی کردو لەنزیکەوە گوێبیستی ئەو تاوانە وەحشیگەرییانە بوو کە کوردانی ئێزیدی لە شنگال و دەوروبەری لەسەر دەستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ( داعش ) و گرووپە شۆڤێنیەکانی دیکەی هۆزە عەرەبەکان دەرهەقیان کراوە. شایەتحاڵەکان باسی تاوانەکانی چەکدارانی داعش دەکەن و زیاتر لە خەمی بێسەروشوێنکردنی ئازیزان و رفاندن و بەکۆیلەکردنی ئافرەت و کچەکانیانن، هاوکات داوا لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسیی کورد و هێزەکانی پێشمەرگە دەکەن، بە هەموو توانایەکەوە هەوڵ بدەن، شارەکەیان رزگار بکەن و بچنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و تۆمەتبارانی ئەو کۆمەڵکوژییەش سزا بدرێن، کە بە قسەی شایەتحاڵەکان گوندە عەرەبەکانی دەوروبەری شنگال دەستیان لەو تاوانە قێزەونە هەبووە.

● **شایەتحاڵەکان کارەسات و تراژیدیای زۆریان بینیوە**

«کاتێك گەیشتینە چیای شنگال و لەدەست داعشەکان رزگارمان بوو، هێشتا مردن هەڕەشەی لێدەکردین، چونکە بەهۆی بەرزی پلەی گەرماو بێئاوی و نەبوونی خواردن و خراپی باری تەندروستی منداڵ و ئافرەت و پیاوە بەتەمەنەکان و چەندین کەسی ئازیزمان گیانی لەدەست دا، من بە چاوی خۆم دایکێکم بینی، کاتێك منداڵەکەی مرد خۆی لە بەرزاییەك فڕێدایە خوارەوە و گیانی لەدەست دا».

ئەوە قسەی بەرەکات حەجی بوو. ئەو خەڵکی شاری (شنگال)ە و ماوەیەکی کەمە خۆی و خێزانەکەی لە چیای شنگال رزگاریان بووەو ئێستا لەپەرستگای لالش دەژین.

لە درێژەی چاوپێکەوتن و بەسەرکردنەوەی کوردانی ئاوارە، ئەمجارەیان تیمێکی گۆڤاری گوڵان بەرەو شێخان و پەرستگای لالش بەڕێکەوت و لە چەند کەمپ و خێوەتگەی دیکەی ئاوارەکانی کوردیی ئێزیدی گوێبیستی ئەو کارەساتانە بوون کە کوردانی ئێزیدی لە شنگال و دەوروبەری لەسەر دەستی رەشی چەکدارانی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی داعش رووبەڕووی بوونەوە. ئەوان باسی کوشتنی هەزاران کوردی ئێزیدی و بەکۆیلەکردن و رفاندن و دەستدرێژیکردنە سەر زیاتر لە ٤٠٠ ئافرەت و کچی کوردو بێسەروشوێنکردنی منداڵەکانیان لەلایەن چەکدارە تەکفیرییە توندڕەوەکانی داعش و عەرەبە شۆڤێنیەکانی ناوچەکە دەکەن.

ئەو تاوانەش بە نوێکردنەوەی زامەکانی ئەنفال و قڕکردنی کورد دەزانن. ئاوارەکانی کوردی ئێزیدی پێیانوایە جیهان و میدیاکان بەپێی پێویست باسیان لەو هێرشە تەکفیریی و توندوتیژییە نەکردووە کە لەبەر کوردبوون و ئایینەکەیان بەرامبەریان ئەنجامدراوە. ژمارەیەك لە ئاوارەکانی کوردی ئێزیدی کە لەناو هەیکەلی بینایەکی تەواونەبوو لە شێخان ژیان بەسەر دەبەن، ئەوەیان خستەڕوو کە وێڕای ئەو هەموو مەینەتییە ئێستاش لە دۆخێکی خراپدا دەژین و هاتنی وەرزی زستانیش کێشەکانیان زیاتر دەکات.

● **هۆزە عەرەبەکان لە کۆمەڵکوژیی کوردانی ئێزیدی هاوکاری چەکدارانی داعش بوون**

سلێمان خودێدە، ئاوارەیەکی کوردی ئێزیدییە و بە خەمبارییەکی زۆرەوە دەڵێت: «داعشەکان و هۆزە عەرەبەکان دەستیان لەو کۆمەڵکوژی و قڕکردنە هەبوو کە بەرامبەر کوردانی شنگال و ناوچەکە کرا، ئێستاکەش تەرمی سەدان پیاو و ئافرەتی بەتەمەن و منداڵ لە دەشت و چیای شنگال شایەتی ئەو تاوانە قێزەوەنەن، منداڵەکانمان هەرگیز تاوانی وایان لە بیر ناچێتەوە، بەداخەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤیش تا ئێستا بێدەنگن بەرامبەر رفاندن و دەستدرێژیکردنە سەر ژن و کچەکانی ئێزیدی کە دوای کوشتنی پیاوەکانیان وەکو کۆیلە رفاندوویانن بۆ موسڵ و شاری رەقە لە سووریا».

ئەلیاس رەشۆ باسی ئەوە دەکات کە لە کاتی هەڵهاتنەکەیان بەهۆی پەلامارەکانی چەکدارانی داعش، زۆربەی خێزانەکان پەرتەوازە بوون و لە یەکتر دابڕان، گوتیشی: «بێسەروشوێنکردنی ئافرەتان و بە کەنیزەکردنی کچەکانمان خەمێکی زۆر گەورەمانە و تووشی حاڵەتێکی دەروونی خراپی کردووین، بارودۆخەکەشمان لەژێر چادرو لەناو کەمپەکان بە جۆرێکە حاڵەتی خۆکوشتن هەبووە».

زۆر لە ئافرەتەکانی شنگال سەرەڕای خەمەکانیان بۆ بێسەروشوێنکردنی پیاوەکانیان و رفاندن و فرۆشتنی کچەکانیان، جەخت لەوە دەکەنەوە کە بارودۆخیان لەم وەرزی سەرما و سۆڵەیە و لەناو قوڕولێتەی کەمپەکان زۆر خراپە، ئەوەتا عیدۆ خەلەف، کە هاووڵاتییەکی خەڵکی گوندی تەلبەناتە دەڵێت: «ژیان لە ژێر چادر و لەم کەمپانە زۆر ناخۆش و سەختە، خزمەتگوزارییەکانی ئاو و کارەبا و شوێنی نیشتەجێبوونمان زۆر خراپە، بە رادەیەك لەکاتی هەڵکردنی هەر با و بارانێك مەترسیی رووخانی چادرەکان و کەوتنە ژێر ئاوی پێخەف و شوێنەکانمان هەیە، تەنانەت ئەگەر بە سۆباش خۆمان گەرم بکەینەوە، زۆر دەترسین ئاگر لەناو کەمپەکە بکەوێتەوە».

● **داعشەکان لە هەردوو گوندی کۆچۆ و تەلعەزێم کۆمەڵکوژییان کردووە**

ئەلیاس رەشۆ لە درێژەی قسەکانیدا باسی لە رەشەکوژی و تاوانەکانی چەکدارانی داعش لەهەردوو گوندی کۆچۆ و تەلعەزیم کرد و گوتی: «سەرەتا هۆزە عەرەبەکان بە خەڵکەکەیان گوت مەڕۆن و ئێمە پارێزگاریتان لێدەکەین، کەچی هەر خۆیان کۆمەڵکوژییان کرد، بەچاوی خۆمان بینیمان داعشەکان چۆن لە گوندە عەرەبەکان پێشڕەوییان کردو گوندەکانمانیان گوللەباران کرد، ئەو گوندانەشی وەکو هەر دوو گوندی کۆچۆ و تەلعەزیم و شارەدێی سنوون بوون، دوای ئەوەی هۆزە عەرەبەکان فێڵیان لە خەڵکەکەی کرد تا رانەکەن، دواتر لەبەرچاوی ئەوان و بگرە لەلایەن چەندین چەکداری سەر بەو هۆزانە کە لەناو داعشەکان بوون، پیاوەکانیان لە دەرەوەی گوندەکە گوللەبارانیان کردن».

هەر سەبارەت بەو تاوانە ئافرەتێکی ئێزیدی کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، گوتی: «گوندی کۆچۆ کە نزیکەی ٢٠ کیلۆمەتر دەکەوێتە خوار شنگالەوە خەڵکەکەی لەسەر بەڵێنەکانی گوندە عەرەبەکانی

**شایەتحاڵێک:**

**بەچاوی خۆم دایکێکم لە چیای شنگال بینی کاتێک منداڵەکەی مرد خۆی لە بەرزاییەک فڕێدایە خوارەوە و گیانی لەدەست دا**

**ئافرەتێکی ئێزیدی:**

**تیرۆریستانی داعش پاش ئەوەی بە هێزێکی زۆرەوە هاتنە ناو گوندی کۆچۆ ژن و منداڵەکانیان جیاکردینەوە و پیاوەکانیان لە نزیک سۆلاق گوللەباران کرد**

دەوروبەریان گوندەکەی خۆیان جێنەهێشت، کەچی دواتر ئەمیرەکەی داعش بە هێزێکی زۆرەوە هاتە گوندەکە و ژن و منداڵەکانیان جیاکردەوە و پیاوەکانیشیان راپێچی ئۆتۆمبێلەکان کردو دواتر لە چۆڵەوانییەکی نزیک سۆلاغ گوللەبارانیان کردن، هەرچی کچە کوردە ئێزیدییەکانیشە کە ژمارەیان زیاتر لە ٤٠٠ کچ و ژن دەبێت، داعشەکان وەکو کۆیلە مامەڵەیان پێوەدەکەن و لەبازاڕەکانی موسڵ و رەقە دەیانفرۆشن».

**● ئافرەت و منداڵانی ئێزیدی لە موسڵ و تەلعەفەر و گوندەکانی دەوروبەری دەستبەسەرن**

کارەساتی رفاندن و بەکۆیلەکردنی ئافرەتە کوردەکانی ئێزیدی حاڵەتێکی دەروونی ناخۆشی لەناو ئێزیدییەکان دروستکردووە، هەر بۆیە ئەوان داوا لە سەرۆکایەتی هەرێم و سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دەکەن، تۆڵەی ئەو زوڵم و تاوانانەیان بۆ بکەنەوە.

بەرەکات شیرۆ کە خەڵکی شنگالە و ئێستا لە پەرستگای لالش لە ژێر چادرێکدا خۆی و هاوسەرو منداڵەکانی دەژین، بەمجۆرە باسی بەسەرهاتی خۆیانی بۆ گوڵان کرد: «کارەساتێکی زۆر درندانە و ناخۆشمان بەسەر هات، دەڵێن ئافرەتەکانمان هەندێکیان بە عەرەبی سعودی و سووری فرۆشراون و هەندێکی دیکەشیان لەلایەن هۆزە عەرەبەکانەوە دەستبەسەر کراون، رۆژانە چاوەڕێی هەواڵی ئەوەین سەرۆکی هەرێمی کوردستان شنگال و ناوچەکەمان بۆ ئازاد بکات و ئافرەت و کچەکانمان رزگار بکات، پێویستە داوا لە هۆزە عەرەبەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش بکرێت چارەنووسی ئەو ئافرەتانەمان بۆ روون بکەنەوە و ئازادیان بکەن».

خودێدە حەجی کە برای بەرەکاتە باسی شوێنی ئەو کچ و ئافرەتانەی کردو گوتی: «هەندێک لەو عەرەبانەی لە موسڵ و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش هەڵهاتوون، ئاشکرایان کردووە کە زۆربەی ئەو ئافرەت و منداڵانەی دەستبەسەر کراون لە شاری موسڵ و تەلعەفەر و دەوروبەری هەندێکیان کڕین و فرۆشتنیان پێوەکراوە و هەندێکیشیان بەزۆر لەخۆیانیان مارە کردوون».

هەر سەبارەت بە کۆیلەکردنی ئافرەتی کوردی ئێزیدی سلێمان شێخ حەجۆ گوتی: «من چاوم بە یەک دوو کچی کوردی ئێزیدی کەوت کە لەدەست داعشەکان لەلایەن هەندێک لە خێزانە عەرەبەکانی موسڵەوە بە پارە ئازاد کراون، ئەوان باسی ئازار و ئەشکەنجەدانی زۆر دەکەن، ئەوان ژمارەیان زۆر بووە و دواتر جیایان کردوونەتەوەو لەو ماڵانەی داعشەکان لە موسڵ دەستیان بەسەردا گرتوون، دەستبەسەر کراون و لەوێ زۆربەی جار لە ناو ژوورەکاندا بەبێ نان و ئاو بەستوویانەتەوە و هەندێک لە ئەمیرە عەرەبەکانی داعش هاتوون سەیریان کردوون تاوەکو بیانکڕن، بەڵام لەسەر نرخی کڕینەکە رێکنەکەوتوون، دواتر ژمارەیەک لە کەسایەتی دەوڵەمەندی عەرەب هاتوون کڕیویانن و ئازادیان کردوون».

**● خێزانە کوردەکانی ئێزیدی لە شێخان و لالش داوای هاوکاری و کۆمەکی خێرخوازان دەکەن**

لە نزیک پەرستگای لالش کۆمەڵێک خێزانی کوردی ئێزیدیمان بینی کە لەناو چادر و لە بارودۆخێکی خراپدا بوون، ئەوان هیچ خزمەتگوزارییەکی سەرەتایی وەکو تواڵێت و حەمام و ئاو و کارەبایان نەبوو، تەنانەت شوێنی چادرەکانیان لەتەنیشت رێگەکە بوو کە مەترسی لافاوی لەسەر بوو. هەر لەو بارەیەوە رائید ئیسماعیل گوتی: «ئەم کەمپە هیچ مەرجی ژیان و تەندروستی تێدا نییە، ئێمە لە شنگال لە دەست داعش و لە چیاکە لە دەست گەرما و بێئاوی و بێخواردن دەربازمان بوو، بەڵام باوەڕناکەم لە سەرما و سۆڵەی زستان منداڵەکانمان دەربازیان ببێت، ئێستا هاوکاریی و یارمەتی خێرخوازانیش کەم بۆتەوە، بۆیە داواکارم لە هاووڵاتییانی بەشەرەفی کوردستان ئاوڕێکمان لێبدەنەوە هەر هیچ نەبێت شیر و حەفازە وپێخەف و پێداویستییەکانی دیکەی زستانی و کەلوپەلەکانیان کە زیادەن بۆمانی بهێنن».

لەو کەمپە چاومان بە چەند ئافرەتێک کەوت کە هاوسەرەکانیان لە چیاکە پێشمەرگەن و هەوڵی رزگارکردنی شنگال دەدەن، ئەوان باسی ئازایەتی هاوسەر و باوک براکانیان دەکردو یەکێک لەو خانمانە کە ناوی خۆی ئاشکرا نەکرد، گوتی: «پیاوەکانمان ئامادەن لەپێناو رزگارکردنی شنگال شەهید بن، بەڵام ئەوان لە بارودۆخی ژیانی ئێمە و خراپی کەمپەکان و نەبوونی خواردن و پێداویستیەکان نیگەرانن، هەربۆیە داواکارین رێکخراوەکان و وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاوڕێکی زیاتر لەم کەمپانە بدەنەوە».

جەمیل خەلف کە برایەکی شەهیدە و لە لالش ژیان بەسەر دەبات، دەڵێت «من شانازی بە براکەمەوە دەکەم کە لە پێناو شەرەف و ناموسی کوردان شەهید بووە، داواکاریشم هێزی زیاتر بۆ کوردانی ئێزیدی دابنرێت، تاوەکو شارەکەمان رزگار بکەین».

ئەو خێزانە کوردانەی ئێزیدی کە لە شێخان و پەرستگای لالش و لە ناو خێوەتگەکان ژیان بەسەر دەبەن، داوا لە خێرخوازان و حکومەتی هەرێم و رێکخراوە مرۆییەکان دەکەن، هاوکاری و کۆمەکیان بۆ بنێرن و لە مەترسییەکانی سەرماوسۆڵەی زستان رزگاریان بکەن، چونکە خۆیان گوتەنی: لە شنگال لە دەست داعش و لە چیاکە لە دەست گەرما و بێئاوی و بێخواردن دەربازیان بوو، بەڵام باوەڕناکەن منداڵەکانیان لە سەرما و سۆڵەی زستان دەربازیان ببێت.

**برای پێشمەرگەیەکی شەهید:**

**وەک کوردێکی ئێزیدی شانازی دەکەم برای پێشمەرگەیەکی شەهیدم و تەنیا داوا دەکەم هێزی پێشمەرگەی کوردستان شنگال ئازاد بکات**

**پیاوێکی ئاوارە:**

**بێسەروشوێنکردنی ئافرەتان و بە کەنیزەکردنی کچەکانمان خەمێکی زۆر گەورەمانە و تووشی حاڵەتێکی دەروونی خراپی کردووین، بارودۆخەکەشمان لەژێر چادرو لەناو کەمپەکان بە جۆرێکە حاڵەتی خۆکوشتن هەبووە**

1000

گوڵان

UN... ساڵی

2015

دەکاتە ساڵی

# وەبەرهێنان لە کچاندا

## دەبێت کچان بکرێنە خاڵی سەرەکی لە دۆسیەی پەرەپێدان لەسەرانسەری جیهاندا

بەهێزکردن و وەبەرهێنان لە کچاندا، پرسێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ گەشەی ئابووری، ئەم دەستکەوتەش ئامانجی هەموو جیهانە لەسەدەی بیست و یەکەمدا کە ئەم بوارانە دەگرێتەوە: نەهێشتنی هەژاری و هێڵی خوار هەژاری، بەشداریەکی ماناداری کچان لەو بڕیارانەی کە کاریگەری لەسەر پرسی ئەوان هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆکاری سەرەکی بۆ شکاندنی جیاوازی رەگەزی و نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان و دەبێتە هۆکارێك بۆ گەشەسەندن و پاراستنێکی تەواو و هەروەها کاریگەری تەواوی دەبێت لەسەر پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، هەروەها دانپێدانانێك دەبێت بۆ بەهێزبوونی کچان و پێویستبوونن بەشداریکردنیان لە پرۆسەی بڕیار دروستکردن، ئەم بەشدارییەش بۆ هاوبەشیە لەگەڵ هاوبەشەکەی کە رەگەزی نێرە، وەك پاراستنی بەریگەی یاسا، دابینکردنی چاودێری خێزان، هەموو ئەمانەش بۆ بەرژەوەندی کوڕان و پیاوان و سەرجەم کۆمەڵگە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیە.

ئەگەر ئەو پرسیارە بکرێت کە بۆچی جیهان خەڵاتی نۆبلی بەخشیە کچێکی خوار تەمەن ١٨ ساڵ و چالاکوانێکی پاراستنی مافی مندال؟ وەلامەکەی ئەوە دەبێتکە خویندنی کچان و وەبەرهێنان لە کچاندا، بەردی بناخەی پەرەپێدانە بۆ دنیا و ئاشتی و ئاسایش بۆ جیهان مسۆگەر دەکات.

یەکێك لە ئامانجەکانی بەیاننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان دوای کۆتایی هاتنی ساڵی ٢٠٠٠ و دەستپێکی سەدەی بیست و یەکەم ئەوە بوو تا ساڵی ٢٠١٥ هەوڵبدرێت، کچان و کوڕانی هەموو وڵاتانی دنیا لانیکەم قۆناخی خوێندنی سەرەتاییان تەواو کردبێت، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە یەکسانی رەگەزی کە بەردی بناخەی پەرەپێدانە لە خوێندنی کچانەوە دەستپێدەکات، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوەیە کە پێویستە کچان و کوڕان پێکەوە قۆناخی سەرەتایی تەواو بکەن. لە ئێستاشدا جیهان لەو راستیە تێگەیشتووە، سەرکردە پیاوە لێهاتووەکان، بەرهەمی ئەو کوڕانەن کە بە باشی پەروەردەکراون، فەرید زەکەریا کە ئێستا دیارترین کەسایەتی بیرمەندە، لێیان پرسی چۆن تۆ لە هیندستان لەدایکبوویت و توانیت هارڤارد تەواو بکەیت و بگەیتە ئاستی کەسایەتییەکی جیهانی؟ لەوەڵامدا گوتی: راستە من خەڵکی هیندستانم، بەڵام من لە دایك و باوکێکی هۆشیار پەروەردەکراوم، دایکم سەرنووسەری بۆمبای تایمز بووە، باوکم ئەندام پەرلەمان بووە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر خێزانەکەی فەرید زەکەریا وەبەرهێنانیان لە کوڕەکەیان نەکردایە، ئەوە ئەو نەدەبوو بەو کەسایەتییە جیهانیە، ئەمە بۆ کچانیش راستە، گەر سەیری خێزانەکەی مەلالە یوسفزای بکەن،




**بۆ یەکەمجار لە ئاستی نێودەوڵەتیدا (رۆژی نێودەوڵەتی کچانی مێرمندال) لە ٢٠١١/١٠/١١ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە راگەیەندرا، کە چەندین خاڵ لە بەرژەوەندی کچان دەستنیشان دەکات، لەوانە: مافی خوێندن، پەروەردەکردنی تەندروست لەرووی جەستەییەوە، مافی یەکسانی رەگەزی و پاراستنی کچان لە جیاکاری تەنها لەبەر ئەوەی رەگەزی مێن، نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان و رێگرتن لە هاوسەرگیری کچان بە منداڵی. بڕیارە ساڵی ٢٠١٥ـەش ساڵی پشتیوانی و داکۆکی لە وەبەرهێنانی کچان بێت و لەوبارەیەوە بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان راوسەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.**

دەبینین ئەگەر وەبەرهێنانیان لە کچەکەیان نەکردایە، نەدەبووە ئەو کەسایەتییە کە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبڵ تەنانەت سنووری تەمەنیش بشکێنن.

دوای تێپەڕبوونی ١٤ ساڵ بەسەر بەیاننامەی هەزارە، توانراوە ڕۆژێك بۆ کچان دەستنیشان بکریت، بەڵام وەك خاتوو ئایزۆبل کۆلی مان دەڵیت: هەتا ئێستاش لە جیهاندا ڕۆژانە ٢٥٠ هەزار کچ لە خوار تەمەنی ١٨ ساڵییەوە بەشوو دەدرێن و بە ملیۆنەها کچیش لە خوێندن بێبەش کراوە.

هەتا مانگی ٩ی ٢٠١٥ تەنها ١٠ مانگی ماوە، لەئێستاوە جیهان لەهەوڵی ئەوەدایە بیروبۆچوونیکی تازە بۆ کچانی جیهان ئامادە بکات، ئەم پرۆسەیە لەلایەن خودی بان کی مۆنی سکرتیری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەرپەرشتی دەکرێت، بۆ ئەمەش لەلایەن ماڵپەڕی girl effect کاریگەریی کچ
www.girleffect.org/news/2014/10/girl-declaration-joint-statement-on-idg

کەمپینێك بۆ ئیمزا کۆکردنەوە ڕێکخراوە و زیاتر لە١٥٠ کەسایەتی بەناوبانگی جیهان وەك بان کی مۆن، ئۆپرا وینفەری، مەلالە یوسفزای، چیلسی کلینتۆن و .. زۆر خەڵکی دی واژوویان کردووە لەمبارەوە بان کی مۆن سکرتیری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سێهەمین ساڵیادی ڕۆژی کچانی مێرمنداڵدا ڕاشکاوانە ئاماژەی بەوە کردووە :»دەبێت کچان بخرێنە ناو دڵی ئەجیندای پەرەپێدانی نێودەوڵەتییەوە و بۆ بنیاتنانی بۆچوونێکی تازە بۆ دوای ٢٠١٥، پێویستە ئێمە نیگەرانیەکان دەستنیشان بکەین و تواناو لێهاتووی کچانی جیهان بخەینەڕوو». بانکی مۆن دەیەوێت ئاماژە بەوە کات کە دەبوو پێش ساڵی ٢٠١٥ ئەم ئامانجە بهاتەیە دی، بەڵام وا ساڵی ٢٠١٥ زۆر بە خێرایی نزیك دەبێتەوە و ئامانجەکانی پەرەپێدانی هەزارە خەریکە ئێکسپایەر دەبێت، بۆیە زۆر گەوهەرییە کە بۆ قۆناخی داهاتووی پەرەپێدان لەسەر ئاستی جیهان، کچان بخرێنە ناو دڵی دۆسیەی پەرەپێدانەوەو ڕاگەیاندنی ڕۆژی جیهانی کچانیش ئامرازێکە بۆ ئەو مەبەستە دروستکراوە.

## کۆمپانیا گەورە و فرەرەگەزەکان پشتگیری لە وەبەرهینانی کچاندا دەکەن

سوریا فەلاح نوێنەری کۆمیتەی ژنانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان — ئەنجومەنی ئەمریکا، تایبەت بۆ گوڵان ئەوەی خستەڕوو کە لە ١٠ ی مانگی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ و بۆ پێشوازی لە ڕۆژی جیهانی کچان بڕیاردرا وەبەرهێنانی کچان لە دەستووری کاری ساڵی ٢٠١٥ی وڵاتانی جیهانیدا جێگیر بکرێ، مەبەست لەو کارەش بەرفراوانکردنی مافەکانی کچان و لادانی کۆسپەکانی بەردەمیانە، گوتیشی: «بان کی مۆن سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای لە دەوڵەتدارانی دنیا کردووە بۆ ساڵی ٢٠١٥ لەبەرنامەی کاری خۆیاندا سەرمایەگوزاری لەسەر مسۆگەرکردنی ماف و وەبەرهێنانی کچان بکەن و کار بۆ کۆتایی هێنان بە هەژاری کچان و تواناسازی و پەروەردەی دروست و وەبەرهێنانیان بکەن». سوریا فەلاح شیکاری زیاتر دەکات و دەڵێت: «گەرچی لە چەند دەیەی ڕابردوو پێشکەوتنێکی بەرچاو و بەرفراوان لە بواری مافەکانی ئافرەتدا هاتۆتەدی و کچانی زیاتر خراوەنەتە بەر خوێندن و ئاستی خوێندنی باڵای کچان بەرز بۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ملیۆنەها کچ بە شێوەی قاچاخ گیرۆدەی کۆیلەداری مۆدێرن کراون، هاوسەرگیری مێرمنداڵان تا دەیەی داهاتوو لە سنووری ١٥ ملیۆن منداڵ تێدەپەڕێت، کە ئەوە دژە لەگەڵ ئەو یاسا ئینسانییە کە نابێت کچی مێرمنداڵ ببێتە بووك، هەروەها زۆرینەی نەخوێندەوارانی دنیا ئافرەتن و ئەگەر ئەو ڕەوتە بەردەوام بێت، لە وڵاتانی توندڕەوی نەریتی و بەتایبەتی کچانی ئەفریقی تا ساڵی ٢٠٦٨ ناتوانن تەنانەت خوێندنی سەرەتاییش تەواو بکەن». ئەوەشی خستەڕوو کە ئەمساڵ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پلانێکی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنی کچان بە شێوەی دیجیتاڵی ئامادە کردووە کە دەتوانێت ملیۆنەها کچ خوێندەواربکات و کۆمپانیای مایکرۆسۆفت و چەندین گەورە کۆمپانیای جیهانیش هاوکارییان دەکەن.

نەتەوە یەکگرتووەکانیش کەمپینێکی بە ناوی He for She بۆ ساڵی ٢٠١٥ ئامادەیە کە تێیدا کوڕان و پیاوان بەرەوە نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی و مافی یەکسان هان دەدات، بەشداری ئەو کەمپینە بکەن. گوتیشی: «هەوڵ و کۆششی کچانێك کە لە پێناوی خوێندندا یارییان بە گیانی خۆیان کردووە، کاریگەری لەسەر ئەوە بووە کە ساڵی ٢٠١٥ بۆ وەبەرهێنانی کچان و دەستەبەری مافەکانیان تەرخان بکرێت. نموونەی بەرچاویان مەلالە یوسفزای بوو کە ئێستا بووەتە سومبولێکی گەورە بۆ خوێندنی کچان و هەوڵەکانیشی لەو بوارەدا وایکرد خەڵاتی ئاشتی نۆبل وەربگرێت. بۆیە من وا بیر دەکەمەوە کە زۆر پرسی نەرێنی و هاوبەش لە نێوان هەموو نەتەوە و گەلانی جیهاندا هەیە و دەبێت ڕووبەڕوویان بوەستینەوە و هەرکەس لە هەر ئاست و پلەیەکدا بەرپرسیارە لەوەی لە دژی تاوانەکان و پێشێلکردنی مافەکانی کچان و ژنان بوەستێت و ناڕەزایەتی دەرببڕێت، ئەو پلان و داهێنانەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە مانگی سێی



کاکەمین نەجار:

**کچان دەبێت لەسەر بنچینەی مرۆڤبوون مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، نەک کچ بوون**



سوریا فەلاح:

**هەرکەس لە هەر ئاست و پلەیەکدا بەرپرسیارە لەوەی لە دژی تاوانەکان و پێشێلکردنی مافەکانی کچان و ژنان بوەستێت و ناڕەزایەتی دەرببڕێت، پەیامی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەو بوارەدا بە هەموو دنیا ڕاگەیاندووە**



دارا محەمەد ئەمین:

## داواکارم لەپەرمانی کوردستانیش یاسای تایبەت بە رۆژ و ساڵی کچان دەربکرێت بۆئەوەی مافەکانیان لەچوارچیوەی یاسا پارێزراو بێت و پێشێلکاری تێدا نەکرێت

ئەمساڵ هاتەئاراوە و منیش بە نوێنەرایەتی کۆمیتەی ژنانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان — ئەنجومەنی ئەمریکا، ئەو پەیامەم بە هەموو دنیا راگەیاندووە».

**وەبەرهێنان لە کچاندا**
**بناخەی گۆرانکاری کۆمەڵگەیە**

لە لای خۆیەوە کاکەمین نەجارِ بەرپرسی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر، لە ئاخافتنێکیدا بۆ گوڵان سەبارەت بە هەمان پرس گوتی: «ئامادەم ئیمزا لەسەر بابەتێکی ئاوا گرنگ و پێویست بۆ ئەمرۆی کۆمەڵگەی کوردی بکەم، من وەکو خۆم جیاوازی نێوان کچ و کورِ ناکەم و بەیەك چاو سەیریان دەکەم، چۆن کورِەکەم دەنێرمە بەر خوێندن، بە هەمان شێوەش کچەکەم ناردووە، چونکە کچان دەبێت لەسەر بنچینەی مرۆڤبوون مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، نەك کچ بوون، لێرەوە پشتگیری لەهەموو ئەو هەوڵانە دەکەم کە بۆ بەرژەوەندی کچ دەدرێت، بۆ ئەوەی چیتر رووبەرِووی توندوتیژی و بێبەشکردن لەخوێندن و بەزۆر بەشوودان نەبنەوە، بە بۆچوونی من فەراهەمکردنی ژینگەیەکی تەندروست بۆ کچان زۆربەی کێشەکانیان چارەسەردەکات، کچ لەهەر دوو کەناڵی ماڵ و قوتابخانە قۆناغەکانی پێگەیشتنی سەرچاوە دەگرێت، بۆیە پێویستە لەم دوو کەناڵەدا جیاوازی و پێشێلکاری بەرامبەر بەمافەکانیان نەکرێت».

**لەزۆر وڵاتی ئەوروپاش**
**زیاتر بایەخ بە کورِ دەرێت نەك کچ**

نووسەر و چاودێری سیاسی ئاراس نوری ئەحمەد تەها، لە دەستپێکی قسەکانیدا باسی ئەوە دەکات کە «لە کاتێکدا بان کی مون بانگەوازی ساڵی کچ دەکات بۆ پاراستنی مافی کچی گەنج و منداڵ و بۆ یەکسانی نێوان رەگەزی مێینە و نێرینە، لە زۆر وڵاتانی ئەوروپی و یەکێك لەوانە ئەڵمانیا، مەراقی گەورەی کۆمەڵگە و یاسادانەرەکان، زیاتر رەوشی کورِی منداڵ و گەنجە. باس لەوە دەکرێت، ئەوەندە گوێ دراوەتە کچ، کورِ خراوەتە خەڵوەتەوەو هەتا بێت باوەرِیان بەخۆیان کەمتر دەبێتەوە و تووشی شەرمنی بوون. ئەم دیاردەیە هەیە و باس لە پشتگوێخستنی کورِ دەکرێت. تەرازووی نێوان کچ و کورِ هێندە تێکچووە، باس لە هەڵپەی دۆزینەوەی کورِبوون دەکرێت. ئەمە هەر بەکورتی، بۆ ئەوەی بزانین لە وڵاتانی دی رەوشی نەش و نماکان چۆن بە پێچەوانەوەن، بە بۆچوونی ئاراس دەبێت ئاگادارییەکی زۆر هەبێت لە باسکردن و جێبەجێکردنی پرِۆژەی ساڵی کچان و گوتی: «ئاگاداری یەکەم ئەوەیە کە لەو وڵاتانەی هاوکێشەی ماف لە نێوان نێرینە و مێینە تێکچووە، جۆری دیالۆگ و مامەڵەکردنی بابەتەکەیە لە لایەن میدیاکانەوە کە دەبێت پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، دووهەم، دەبێت بە جۆرێك گرنگی بە شێوازی



پێناسە و چەسپاندنی ئەم پڕۆژەیە بدەن، کە نەبێتە هۆی چارەڕەشکردنی کوڕ و تەنها لایەنگیری کچ بێت. بەلای منەوە گرنگترین هەنگاو- دیموکراسی رەگەزی- یە کە دەبێت باسی لەسەر بکرێت لەم پرۆژەیەدا، واتا باسکردنی هاوکێشەی ماف لە نێوان مێینە و نێرینە هەر لە تەمەنی منداڵییە دەبێت دەستی پێ بکرێت، بۆ ئەوەی هەردوو رەگەز، سوودی پێداگۆگی و فێربوون و خوێندن و ژیانی ئابووری و تەندروستی داهاتوویان پێکەوە نەخشەکێش بکەن. لە جیاتی ئەوەی کوڕ هەر لە منداڵییە بکرێت بە بەخێوکەری کچ، واتا بەرپرسیار لە بەختەوەری و بەدبەختی کچ، دەبێت باری سەرشانی کوڕ سووك بکرێت و هەردووکیان بەرپرسی ژیانی خۆیان و داهاتوی خۆیان بن. ئەمە رێز و خۆشەویستی و متمانە لە نێوان هەردوو رەگەز بنیاد دەنێت. کچ ناکرێتە کاڵایەك یا بووکە شووشەیەك و تەنها ئامادە بکرێت بۆ داهاتووی خێزان بەڕێوەبردن و فێری هەڵگرتنی بەرپرسیاری بۆ ژیانی خۆی دەبێت و توندوتیژی نێرینەش کەم دەبێتەوە، واتە هەر لە منداڵییەوە کە رێزگرتن لە نێوان کچ و کوڕدا هەبوو، وادەکات ژن ببێتە خاوەن کەسایەتی خۆی و وەك بێزمانێك لێی نەڕوانرێت.بۆیە پێویستە یەکسانی رەگەزی و دیموکراسی رەگەزی ببنە بنەمای کارکردن لەسەر ساڵی کچ و پەیامی ئەو ساڵە، یەکسانی ماف بێت لە نێوان مرۆڤەکاندا. نەك لەسەر حیسابی رەگەزی نێر، مێ بکرێتە سیمبۆل. گەر وانەبێت، چاککردنەوەی هاوکێشەکە ئاسان نابێت. دەبێت کەلتووری کوردیمان لە یاد نەچێت، کە جارێ ئامادە نەکراوە بۆ پڕۆژەی شۆکبەخش، بردنی ئەم پڕۆژەیە بۆ پەرلەمان، گونجاوتر دەبێت، گەر کۆمەڵێك خوێندنەوە و سیمیناری لەسەر بکرێت لە خوێندنگەکاندا بە شێوازێکی ئاسان، نەك بە ئەکادیمی. زانکۆکان دەتوانن بە ئەکادیمی ئەم کارە بۆ پەرلەمان ئامادەبکەن، چەندەها ساڵە وڵاتە پێشکەوتووەکانیش باس لە مافی ژن و یادی ژن و ساڵی ژن دەکەن و جۆرەها کەمپینی بۆ دەکەن، بەڵام لە جێبەجێکردنی یاساییدا ئەم پلانە تووشی وەستان بووە و پەیامەکە ناگاتە شوێنی خۆی و کاریگەری زۆرجار بە پێچەوانەوە بووە».

### دەبێت کوردستانیش پشتگیری ئەم داوایە بکات

بەڵام عومەر فەرهادی پەیامنێری رادیۆی دەنگی ئەمریکا بەشی کوردی، وەك نووسەر و رۆژنامەنووسێك دەنگی خۆی دەخاتە پاڵ ئەو دەنگانەی لە سەرتاسەری جیهان بەرز دەکرێتەوە بۆ ئەوەی ساڵی ٢٠١٥ بکرێ بە ساڵی کچان، گوتیشی: «من باوکی دوو کچم و نەوەیەکی کچیشم هەیە، داوا لە سیاسەتوانان، پەرلەمانتاران، نووسەران، رۆشنبیران، دادوەران، پارێزەران و

عومەر فەرهادی:

**داکۆکیکردن لە مافەکانی کچان داوایەکی کۆمەڵایەتی گونجاو و مرۆڤایەتییە و پێویستە سیاسەتوانان و هەموو پیاوانی ئایینی بە هەموو ئایینە جیاکانەوە پاڵپشتی ئەم داوایە بکەن**




هەموو کەسێك دەکەم کە هەست بە مرۆڤایەتی راستەقینە دەکەن پاڵپشتی ئەم داوایە بکەن، چونکە کچان دایکانی دوارۆژن ئەوان نەوەکانمـــان پێدەگەیەنن، ئومێدیش زۆرە هەوڵ و تەقەلاکان ســـەربگرن و سەرکەوتووبن، لەکاتێکدا داکۆکیکردن لە مافەکانی کچان داوایەکی کۆمەڵایەتی گونجاو و مرۆڤایەتییە و پێویستە سیاسەتوانان و هەموو پیاوانی ئایینی بە هەموو ئایینە جیاکانەوە پاڵپشتی ئەم داوایە بکەن.

**گرنگە پەرلەمانی کوردستان بە یاسا پشتگیری لە ساڵی وەبەرهێنان لە کچاندا بکات**

دارا محەمەد ئەمین ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی و ســـەرۆکی رێکخراوی دۆستانی زەوی و وەزیری پێشووی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «من ئەوە بەکارێکی باش دەزانم و پشـــتگیری لێدەکـــەم، بەو هیوایەی بەم هەنگاوە بتوانرێ هەموو پێداویستی و داخوازییەکانی کچان و مافەکانیان دەســـتەبەر بکرێ، لەوانە مافی ژیانی ســـەربەرزانە، مافی خوێنـــدن، مافی ئازادی رادەربڕین، مافی پاراســـتن و چاودێری تەندروســـتی و تێکڕای ئەو مافانەی بەپێی ئایینە ئاســـمانییەکان، یاسا و رێسا نێودەوڵەتییەکان و یاسا نیشتمانییەکان کە هەیانـــە و دەکرێ ئەو هەنگاوەش لە رێ گەی بۆنە و رۆژە تایبەتەکانی کچان سەرچاوە بگرێ، وەك دەزانن لەســـاڵی ٢٠١١رۆژی ١١ی ئۆکتۆبەر کرا بە رۆژی کچان، هەموو ئەو مافانـــە لەلایەن کۆمەڵێ وڵاتەوە پەســـند کراون، کەچی لەناو زۆربەی کۆمەڵگەکانی دنیا پەیڕەو ناکرێت، تەنانەت لەپێشکەوتووترین وڵاتی دنیا ژنەکان مافەکانیان پێشێل دەکرێ، بۆیە لە جێگەی خۆیەتی کە هەوڵی گشتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بۆ بدرێت، داواکارم لەپەرمانی کوردستانیش یاسای تایبەت بە رۆژ و ساڵی کچان دەربکرێت بۆئەوەی مافەکانیان لەچوارچێوەی یاســـا پارێزراو بێت و پێشێلکاری تێدا نەکرێت، چونکە زۆرجار لەناو خێزانەکان ســـتەم لەکچ دەکرێـــت و مافەکانی زەوتکراوە، دەکرێ ئەو یاســـایە رێگەیان پێ بدات لەئاستی کۆمەڵگەدا رۆڵی خۆیان ببینـــن، هەروەها رێکخراوەکانـــی کۆمەڵی مەدەنی و حکومەت و دەســـەڵات ببن بە بەشـــێك لە دەسەڵاتی بڕیاردەر لـــە وڵاتدا، چونکـــە بابەتێکی زۆر گرنگە بـــەو پێیەی کچان نیـــوەی زینـــدووی کۆمەڵگەن و لەپەروەردەکردن و پێگەیاندن و رۆشـــنبیرکردنی نەوەی داهاتـــوو رۆڵی کاریگەریان هەیە، بۆ ئەو مەبەســـتە پێویســـتە گرنگییەکـــی تـــەواو بەچینـــی گەنجان لەناوگەنجانیش چینی کچان بدرێت.

ئاراس نوری:


**لە جیاتی ئەوەی کوڕ هەر لە منداڵییە بکرێت بە بەخێوکەری کچ، واتا بەرپرسیار لە بەختەوەری و بەدبەختی کچ، دەبێت باری سەرشانی کوڕ سووک بکرێت و هەردووکیان بەرپرسی ژیانی خۆیان و داهاتوی خۆیان بن. ئەمە رێز و خۆشەویستی و متمانە لە نێوان هەردوو رەگەز بنیاد دەنێت**


WE DISCOVER, WE GROW
Girlguiding
are for all girls
We give girls a voice
I am a girl and I can be who I want to be.
WE DISCOVER, WE GROW
Girlguiding

### ئەو ساتانای ناسڕێنەوە

# (ڕووەو چیا، بەرەو شۆڕش)
# (٥)

ئەحمەد سالار
مانگانە بۆ گوڵان دەینووسێت



دەبوو بۆ سبەینێ سەردانی ئەمانەتی گشتی ڕۆشنبیری لە ناوپردان بکەینەوە، لەگەڵ (کاك نوری وەشتی) لەوێ ئامادە بووین، بەمەبەستی وەرگرتنەوەی فەرمانە کارگێڕییەکان، چاومان بە هەڤاڵان کەوت، فەرمانی کارکردنی هەر چل هونەرمەندەکەمان پێدراو دەستنیشانی شاری قەڵادزەیان بۆ کردین، بەشە هونەرییەکانی دیکەش، هەر بەشەو بەپێی کارەکەی، بۆ نموونە، دەبوو تیپی مۆسیقای شۆڕش هەر لەو ناوچە بن، لەبەر کاری رادیۆ و بوونی ستۆدیۆ، جگە لە شێوەکاران کە دیارترین هونەرمەندانی شێوەکاری کورد بوون، ئەوەی مایەی دڵخۆشی بوو، یەکانگیریی گشتی هونەرمەندانی کوردستانی گەورە بوو، بەڕاستی شۆڕشی ئەیلوول سەلماند بوو، شۆڕشی گشت کوردستانە و سەیوانی سەرسەری هەمووانە، پاش وەرگرتنی کەلوپەلی پێویست وەك کەلوپەل و پەتۆ و ئامێری تایپ، بە من و کاك نوری سەرو تفەنگی بڕنەوی سەرتۆپیان داینێ و بەرلە خواحافیزی، گوتیان وا چاکە سەردانێکی (کاك دارا تۆفیق)یش لە ئازادی بکەن، کەلوپەلەکانمان گەیاندووە هەڤاڵە هونەرمەندەکانمان و ئاگادارمان کردنەوە کە سبەینێ هەر لە شەبەقی خوایار بێ ملی ڕێگای قەڵادزە ئەگرین، بەخۆمان و تفەنگەکانی شانمانەوە ڕوومان کردە ئازادی، من بەشبەحاڵی خۆم تفەنگم بە کەرەسەیەکی ڕەوا ئەبینی، چ لەڕووی مانەوی و چ لەلایەنی دیکەوە، پێشمەرگە واتە چەك لەشان، ڕاستە هونەرمەند چەکی خۆی هەیە، کە هونەرەکەیەتی، بەڵام چەك ئەرکی تەواو کردنی ئامانجەکەی دەگەیەنێ. لە مێژووی شۆڕشگێڕی جیهاندا، خەباتی ژێرزەمینی و نهێنی نییە، ئەوە مەگەر تەنها بۆ کاری ڕێکخستنی نهێنی بێ، دەنا هونەر واتە ڕووبەڕبوونەوەی ڕاستەوخۆ، گەلێك نموونەی درەوشاوەمان لە مێژووی دوور و نزیکی هونەری شۆڕشگێڕیدا هەیە، بەتایبەت لە هەردوو جەنگی جیهانیدا، دژی داگیرکەران و داکۆکی لەگەل و خاکەکانیان.

لەلای خۆشمان لە ڕۆژە نووتەك و تاریکەکاندا و لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەشەبای وەیشوومەی ڕەشی هەڕەشەی لەناوبردنی کورددا، هەر لە سای ئەو ڕژێمە شەڕئەنگیزە تۆقێنەرەدا، توانرا بەتایبەت لە هونەری شانۆدا،ورەی خەڵکەکە بەرزبکاتەوە، و بەرپەرچی دڕندەکارییەکانیان بداتەوە، زیرەکانە بەو زمان و شێوازەی بەسەر سەرجەم بەربەست و سانسۆڕەکانی چاوسوری ڕژێمدا رابوری و بپەڕێتەوە، من زۆرجار گوتوومە لەو شۆڕشەی ئەو ڕۆژانەدا مایەپووچ نەبووم و هەڵنەهاتم و هەر بەرەنگار بوومەتەوە، گشت بەرهەمەکانم گەواهی زیندووی ویژدان پەروەرمن.

بەهەر حاڵ ئەوە لەوادەی خۆیدا بە کۆی بەڵگەکانەوە لەبری من ئەدوێن، هەمیشەش وتوومە، بەرهەمی هونەرمەند لە زار و زمانی هونەرمەندەکە ڕەوانبێژتر و جوانبێژترە و ڕاستگۆترە.

بە دیداری (کاك دارا تۆفیق) گەیشتینەوە، پیاوێکی زیرەك و بیرتیژ و ئازام ناسی، کەتەواو شارەزای ئەرکی لە ئەستۆ نراوی بوو، دەگمەن لای خۆمان سیاسیم دیوە، بەو ڕادەیەی لە بنەماکانی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن شارەزا

بێ.

له هەر باسـێکەوە دەچووە سەر باسێکی دیکە، جۆرە چێژێکی تایبەتی بە بیسـەر ئەبەخشی و لە هەمانکاتدا گشت باسەکانی لەناو یەك چوارچێوەی تۆکمە و توندوتۆڵدا رادەگرت.

پاش رێنماییـە ورد و بەرچاو رۆشـنکەرەکانی ماڵئاواییمان لێکـرد و هاتینە دەرێ چاومـان بەهونەرمەندی ئازیزم (زوهێر عەبدولمەسیح) کەوت و چووینە ئەو چێشتخانەیەی تایبەت بوو بە رۆشنبیری و راگەیاندن، چووین لە مام (حەنا)ی چێشتکەر چێشـتمان وەرگرت و نانمان خـوارد، کاتێ گەیشـتینەوە بە هەڤاڵەکانمان لە گەلاڵـە کات درەنگی کردبوو، بەڵام هەمووان خۆیان ئامادە کردبوو، پێمان گوتن، سـبەینێ بەر لە سپێدە بەرەو شـاری قەڵادزە رێدەکەوین، ئیدی لە کات و وادەی خۆیدا، هەتا ئەو شـوێنەی ئۆتۆمبێل بڕی دەکرد رۆیشتین، بووین بە چەند گروپێکەوە، زۆربەی ئەندامانی تیپەکەم و کاکە (پەیمان بەگۆك) و( سوبحی کۆیی ) و ژمارەیەك بووینە گروپێك، دیارە لەسەرەوە گورجوگۆڵتـر بوویـن، پاش چەند قۆناغێك بـە چەند رۆژێ گەیشـتینە قەڵادزە، شـەو بووینە میوانی (مامۆستا جەعفەر مەجیـد) گێڕانەوەی ئەو بەزم و رەزمە لـە رێگادا دیبوومان، ناخۆشـییەکانی بوو بوونە خۆشـی و پێکەنین، راسـتە یادی تاڵی شـیرین ئەبێ، چونکە لە کورتە تەنگانەدا دەسـتەو کۆڵە و کەوی نەبوویـن، بەیانی قاقە (کاکە مسـتەفا ئەحمەد) بە ئاگای هێناینەوە و چووینە بازاڕ بۆ نانخواردن، لەسەر قەراغی پیادەڕەوەکـە کوڕێکی گەنـج جگەری ئەفرۆشـت، یەك دوو تەنەکە و تاکی کورسـی دارینەی بێ پاڵپشتی دانابوو، خۆشی چوار مەشـقی لەسەر پارچە مقەبایەك لێی دانیشتبوو، دیاربوو ئەمەکاری ئەو نەبوو کارامە و شارەزا نەبوو، برادەرێکمان گوتی: سەیری دەستوپلی بکەن، ئەو جگەر لێدانە یان رەحەتەلقوم، کاکە وا لێنادرێ ئەو هەر نابرژێ و هەم زەرەر ئەکەی.

کاکە مستەفا هەڵیدایێ، ئادەی هەستە ئەو شوێنەت بۆ کاکی خۆت بەجێبهێڵە، بتکەم بە قوربانی دەستوپەنجەی (ئەحەی گوڵێ ) قاقە کەوتە شیش لێدان و کوڕە گەنجەکەی نارد لەو بەرەوە نانی گەرممان بۆ بێنێ، جاروبار مشتەریشی بەرێ ئەکرد، هەر لەسەر ئەو پیادەڕەوە چایخانەیەکی لێ بـوو، بە خەڵوز لێنابوو، بەپێوە سەروچایمان خواردەوە و رووەمانکردە قایمقامییەت،(حاکم حەسەن سـەید ئەحمەد) قایمقام بوو، کەسایەتییەکی هەرە قسەخۆش و خۆشەویستە، پێشوازی گەرمی لێکردین، ئەی یاخوا بەخێر بێت، جەنابی (قائم ولمەقام) فەرموو لە شوێنەکەت دانیشە (ئاماژەی بۆ کورسـییەکەی خۆی کرد و ئەو لەقەمەش بۆ کەسـایەتی قایمقـام ئەگەڕێتەوە کە لە شـانۆی (جەنابـی موفەتیش)دا نواندوومە، برادەران گێڕایانەوە، گوایە لەناو پۆلیسـەکاندا بۆتە مقۆمقـۆ کە من قایمقامی نوێم، بۆیە کە هاتمە دەرێ بەرێزەوە لەبەرم هەستان، ئەوەی پێویست بوو (کاك حەسەن) بۆی کردین و ئەویش ژمارەیەك بەتانی پێداین، وتمان: زۆر سوپاس چاوەڕوانی برادەرەکانمان ئەکەین ئەمڕۆ یان سبەینێ ئەگەنە ئێرە.

هاتینـە دەرەوە بەرەو بەر (پانك)ەکـە چووین، هەر ئەوەندەمان زانی زرمەیەك لامانەوە هەستا، پێشتر گوێم لە دەنگی وا گەورە و هەژێنەر نەبوو بوو، تۆمەس بۆمبای (ناپاڵم)ە و بە سـەر ئەو شـارو خەڵکەدا بەریان دایەوە. دونیا تاریك بوو، دوکەڵ پیاوی ئەخنکان، کاتێ چاوم کردەوە کەوتوومەتە ژێر جێبێکی وەستاو و خوێن لەسەرچاومەوە فیچقەی ئەکات، قەڵادزە بۆ کروزێ خوێن و لاشـە باروتە، هاوار و شـین و واوەیلایە، ریزە خانوو لەگەڵ شـەقام و کۆڵانەکاندا یەك تەختایین، مێشـکم وڕوکاسە، کاکە مسـتەفا هاتە ژێر باڵم و بەو کۆڵانـە وێرانبووەدا گەیاندمییە دەری شـارو و لەناو دەغڵێکا کە ناو قەدی بەرزبووبوویەوە لێی کەوتین و ئاوی بۆ هێنام، مزگەوت بەلاشەی قوربانیان سیخناخ بوو، بریندارەکانیشیان بەرەو شاری (سەردەشت) ئەبرد.

ئەو شـوێنەی کە منی تیادا بریندار بـووم بە تاك و تەرای لێ رزگار بووبوو، (پەیمان بەگـۆك) کە بە دیار بەتانییەکەوە بوو، مامۆسـتایەکی دیبوو سـەری نەمابوو، بەڵام هەر بەپێوە وەستابوو، بەتانییەکانیش لە قوربانیانەوە پێچرابوو.

براکەم شـپرزەی مـن بـوو، قوربانی بە قوربانی سـەری هەڵدابوونەوە، پاشـان برادەرێ پێی ئەڵێ دیوومە بریندارە، بەڵام بەپێی خۆی ئەڕۆیشـت لەگەڵ کاك مستەفادایە، بەرەو دەری شـار ئەچوون، درەنگ وەختانێ گەیشتە لامان، وتی: پێویست بەوێ ناکات، گوێدرێژێکی بەکرێ گرت و سـواری بووم بەرەو (نورەدین) واتە دۆڵی (سـفرە و و زەروون) تاریکی کردبوو، لە دۆڵەکەوە وتیان ئا ئەوە گوندەکەیە، من چەند ئەستێرەیەکم دی، بە بەرۆکی ئاسمانی ئەو شەوەوە، وتیان: ئەوە ئەستێرە نییە، ئەوە چرای ماڵانی گوندەکەیە.

نەخێر بە شەڕەشـەق بەو کەژەدا هەڵزناین، گەیشتینە بەردەم مزگەوتێکی کۆن لەبەردەمیا حەوزێکی ئاوی سـاردو سازگار تاقەتاقی بوو، دەموچاوم بە دوو سـێ جامدانی هەڵپێچرابوو، دەماغـم کردبوو هەر ئەتگوت بۆ بڕینی کووڕە مێش هەنگوین ئەچم.

کاك (حاجـی محەمەد سـەرداری) برام کەوتە سـۆراغی پەیداکردنی کاسـەیەك دۆشـاوی ترێ، بۆ ئـەوەی خوێنم بە بەردا بێتەوە، ئەوە ناوچەیەش پیشەی سەرەکیان رەزوانییە، بۆیە بەنامێیە بە ترێ و دۆشاو و مێوژ، هێندەی نەبرد بەکاسەیەکی لێوان لێوی دۆشـاوی خەسـت و خۆڵەوە هاتەوە و کاسەیەکیش لەو ئاوە سـاردەی حەوزەکەی بۆ هێنام، چونکە برسیم بوو جگە لـەوەی خوێنێکی زۆرم لەبەر رۆیبوو، خێرا نام بەسـەرمەوە و چـۆڕم لێ بڕی و ئەوسـا بینمگرت بە ئاوەکـەوە و هێندەی نەبـرد ئاخم پێـدا هاتەوە و بەرچاوم رۆشـن بوویەوە و کەوتمە چاوگێڕان بە ژووری مزگەوتەکەدا، شمشێرێکی ژەنگگرتووی گەورەی کۆن بە گورگەی دارەرا راگرەکەدا شـۆڕبووبوویەوە، لەسـەر رەفەیەکی دارین قورئانێکی بـەرگ چەرمین و یەك دوانی لەناو چیتێکی سـەوز رەنگ نرابوو، چرایەکی دیواربەند قوتیلەیەك لەبـەر دەرگاکە، زۆپایەکی داری زەبەلاح هەموانی لەخۆی گردکردبوویەوە.

هەسـتام و چوومە بەر حەوزەکە جامانەکەم لەسەرچاوم کردەوە یەك دوو مشـت ئاوم شڵپ و هوور بەدەموچاوما ئەکرد، ئەوسا هەسـتامەوە پڕ بە سـینەم هەوای سـازگاری ئەو سەرچیا و نەوبەهاریەم هەڵمژی، ئای چی لەوە چێژبەخشـترە، بە سەری بەرزەوە و لە دۆندی چیایەکی هەور بەجێبهێڵە و چەك بە شانەوە و هونەرمەندی کورد بێ خۆشتر هەیە، ئەوپەڕی دەماغ بەرزی و شا بە سەپان راناگرێ.

ئەوەی مایەی دڵخۆشی بوو، یەکانگیریی گشتی هونەرمەندانی کوردستانی گەورە بوو، بەڕاستی شۆڕشی ئەیلوول سەلماند بوو، شۆڕشی گشت کوردستانە و سەیوانی سەرسەری هەمووانە

لەلای خۆشمان لە رۆژە نووتەک و تاریکەکاندا و لە رووبەڕووبوونەوەی ڕەشەبای وەیشوومەی ڕەشی هەڕەشەی لەناوبردنی کورددا، هەر لە سای ئەو رژێمە شەڕئەنگیزە تۆقێنەرەدا، توانرا بەتایبەت لە هونەری شانۆدا، ورەی خەڵکەکە بەرزبکاتەوە، و بەرپەرچی دڕندەکارییەکانیان بداتەوە

قەڵادزە بۆ کروزێ خوێن و لاشە باروتە، هاوار و شین و واوەیلایە، ریزە خانوو لەگەڵ شەقام و کۆڵانەکاندا یەک تەختایین، مێشکم وڕوکاسە، کاکە مستەفا هاتە ژێر باڵم و بەو کۆڵانە وێرانبووەدا گەیاندمییە دەری شارو و لەناو دەغڵێکا کە ناو قەدی بەرزبووبوویەوە لێی کەوتین و ئاوی بۆ هێنام، مزگەوت بەلاشەی قوربانیان سیخناخ بوو

# جنێڤەر نهێنییەکی ترسناکی ئاشکرا دەکات




بــەم دواییە خانمە ئەکتەر و گۆرانیبێژی ناوداری جیهانی جنێڤــەر لۆپێز کتێبێکی بڵاو کردەوە بە ناوی (True love) و تێیــدا بــە وردی باس لە یادگارییەکانی دەکات لە دوای ئەوەی کە هاتۆتە نێو جیهانی هونەرەوە، بڕیاریش وایە کتێبەکەی لە ئەمریکا و چەند وڵاتێکی دیکە لە ماوەیەکی نزیکدا لە یەك کاتدا دابەش بکرێت، گۆڤاری (people) چەند بەشــێکی لە کتێبەکە بڵاوکردۆتەوە.

لۆپێزی تەمەن ٤٤ ســاڵ لە کتێبەکەیدا بە وردی باس لە هەر ســێ پرۆسەی هاوســەرێتیی خۆی دەکات، ئەوەشی روون کردۆتەوە ســەرەتا ئەنتۆنی هاوســەری خۆشویســت و ژیانی هاوســەریی لەگەڵ پێکهێنا، بەڵام لە کۆتاییدا پەیوەندییەکەیان گەیشــتە ئەو بڕیارەی کە پێویستە ئەو ژیانەی ٧ ساڵ بەردەوام و بەرهەمەکەی دوو منداڵ بوون کۆتایی پێ بهێنێت، جنێڤەر ئەوەشی ئاشکرا کردووە کە ئاهەنگی حەوتساڵەی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتییان ئاهەنگێکی ساختە بوو، چونکە ئەو کات جیاببوونەوە.

جنێڤەر لە کتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە هەمیشــە پیــاوەکان مامەڵەی خراپیان لەگەڵدا کردووە جا بە شــێوەی زارەکی بێت یان جەســتەیی یان مەعنەوی، بە رادەیەکی هەستی بە ئیهانە کردووە و زۆر جاریش بە شێوازی جیاجیا هێرش کراوەتە سەری لەلایەت پیاوانەوە.

پێویستە بوترێت بەر لە مارتن، جنێڤەر دوو جاری دیکە ژیانی هاوسەرێتیی پێکهێناوە، جاری یەکەمیان لەگەڵ کریس جاو لە ٢٠٠١ تا ٢٠٠٣ و جاری دووەمیش لەگەڵ ئۆجنای نوا لە ســاڵی ٢٠٠٧ و ســاڵێك بەیەکەوە بوون و ماوەیەکیش پەیوەندی هەبوو لەگەڵ ئەکتەری سینەمایی بن ئەفلیك لە ساڵی ٢٠٠٤.

# هاوسەری کیدمان ڕێگریی لێ ناکات



# شارۆخ خان بە کێ سەرسامە؟



بەبۆنەی سەرکەوتنی نوێترین فیملی خۆی کە بە ناوی (ساڵێکی نوێی خۆش)، ئەستێرەی سینەمایی بۆلیۆد شارۆخ خان سەردانی ویلایەتی بەنگالی رۆژئاوای هیندستانی کرد و چاوی کەوت بە سەرۆك وەزیرانی ویلایەتەکە ماماتا بانیرجی لە نووسینگەی تایبەتی خۆی لە کەلکتا و ماوەیەکی زۆریش بەیەکەوە باسیان لە بارودۆخی هاووڵاتیان و پێشکەوتنەکانی سینەمای هیندی کرد لەسەر ئاستی جیهان.

بەر لە نمایشکردنی فیلمەکە کە نمایشێکی تایبەت بوو، شارۆخ خان بە یاوەریی فەرەح خانی دەرهێنەری فیلمەکە گەیشتنە کەلکتا، دواتریش هەر یەکە لە سۆنۆ سۆد و فیفیان شاە گەیشتنە شوێنەکە بۆ بەشداری کردن لەو ئاهەنگە تایبەتەی کە لە کۆلێژی سانت کزافیە ساز کرابوو، دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی بەنگالی رۆژئاوا، شارۆخ خان سەرسامیی خۆی بەرامبەر کەسایەتیی ئەو ئافرەتە دەربڕی و لەو بارەیەوە وتی: ئەم ئافرەتە خاوەن کەسایەتییەکی بەهێزە، من زۆر سەرسامم بە کەسایەتیی بەهێزی، لە هەمان کاتدا بە سەرچاوەی حەماسەت و رووبەڕووبوونەوەی ژیانی دەزانم بۆیە پێویستە لەسەر هەموو لایەك رێزی لێبگرین و بە نموونەیەکی بەرزی خۆمانی بزانین.

شایەنی وتنە هەر یەکە لە دیبیکا بادکۆن و ئەبهیشك باتشان و جاکی شرۆف و بۆمان ئیرانی لەگەڵ شارۆخ خان رۆڵیان لەم فیلمە نوێیەدا هەیە.



خانمە ئەکتەری ناوداری ئوسترالی نیکۆڵ کیدمان رایگەیاند کە کیس ئۆربانی موزیکژەن و هاوسەری هەست بە ئیرەیی ناکات کاتێك دەبینێت نیکوڵ بەشداریی لەو فیلمانەدا دەکات کە دیمەنی رووتی تێدایە لەوانەش دوایین فیلمی کە لە چەندین گرتەدا بە رووتی دەردەکەوێت.

لەم بارەیەوە ماڵپەڕی (کۆنتاکت میوزیك) لەسەر زاری کیدمانەوە رایگەیاند کە ئۆربانی تەمەن ٥٧ساڵ هەست بە خۆشەویستی و ئارامی دەکات کاتێك لەگەڵیدایە و لە هەمان کاتدا بە هیچ شێوەیەك رێگریی لێ ناکات لەوەی کە بە رووتی دەربکەوێت لە هەندێك فیلمدا یاخود بەشداریی لە هەندێك فیلمدا بکات کە دیمەنی رووت و وروووژێنەری تێدایە جا لەگەڵ هەر ئەکتەرێك بێت، تەنانەت ئەگەر ئەو ئەکتەرە کۆلین فێرسی بەریتانیش بێت، ماڵپەڕی ناوبراو ئەم قسەیەی کیدمانی وەك وەڵامێك لێکدایەوە بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانگوت ئۆربان حەز ناکات کیدمان بە هیچ شێوەیەك رۆڵی لەگەڵدا ببینێت.

دەربارەی دوایین فیلمی خۆیشی کە دیمەنێکی رووتی تێدایە، کیدمان وتی: دیمەنەکە زۆر زۆر خێرا بوو، شایەنی وتنە نیکۆڵ کیدمان بۆ ماوەی ١١ ساڵ هاوسەری تۆم کرۆز بوو و پێشتر لە چەند فیلمێکدا دیمەنی رووتیان هەبوو، ئێستاش ماوەی ٨ ساڵە هاوسەری کیس ئۆربانی موزیکژەنی جیهانییە.

لــە نێــو هونەرمەندانــی مەغریب شــتێکی بەرچاو هەیە و گەیشــتووەتە رادەی دیــاردە، ئەویش ئەوەیە کە هونەرمەندەکانیان بەتایبەتی ئافرەتان لە بواری چالاکییە مەدەنییــەکان رۆڵێکــی بەرچاویان هەیــە، ئەمە جگە لــەوەی ئەگەر گۆرانیــی لێ دەربکەیــن، دەبینین لە نواندن و نمایشکاری جلوبەرگیشدا بەتایبەتی جلوبەرگی کەلتــووری خۆیان دەســتێکی باڵایان هەیــە. عەفاف ئەزتوتی یەکێکە لەو هونەرمەنــدە مەغریبیانەی کە لە شانۆ و ســینەمادا ئامادەبوونێکی بەرچاوی هەیە، لە هەمان کاتدا نمایشکاری جلوبەرگیشە و لەوێوە رووی لە ســینەما کردووە، عەفاف بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵانی دایەوە.



عەفاف ئەزتوتی:

# سینەمای عەرەبی تەنیا بە تەکنۆلۆژیا لە پێش سینەمای مەغریبی دێت

*** سەرەتای چوونت بۆ نێو بواری نواندن و بەتایبەتی شانۆ، بە حەز و ئارەزووی خۆت بوو، یان بە ڕێکەوت بوو؟**

-ئەوەی راستی بێت، زیاتر لەسەر داوای مامۆستاکانم بوو لە قوتابخانە، یەکەم جار لە ئاهەنگی کۆتایی ساڵی خوێندن بەشداریم لە شانۆگەرییەکدا کرد، دوای ئەوەی بەشێك لە مامۆستاکانم توانای منیان بینی و هانیان دام کە پەیوەندیی بە کۆمەڵ شانۆوە بکەن، دوای ماوەیەك هەستم کرد عەشقم بۆ شانۆ هەموو سنوورەکانی تێپەڕاندووە، بۆیە ئاوێتە بوونی خۆم لەگەڵ شانۆ بە سەرەتایەکی جوان دادەنێم و هەست دەکەم دووبارە لە دایکبوومەتەوە.

**● ئایا سینەمای مەغریبی لە پێکاندنی ئامانجەکانی بەتایبەتی لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە سەرکەوتوو بووە؟**

- سەد لە سەد نەیتوانیوە ئامانجەکەی بپێکێت، راستە سینەمای مەغریبی توانیویەتی کە بوون و شوناسی خۆی دەربخات و ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی بەدەست بهێنێت بە جۆرێك کە شایەنی تێڕامان بێت لە ڕێگەی هەندێك لە فیلمەکانی کە بابەتی کۆمەڵایەتی واقعی چارەسەر کردووە و لە پلەی یەکەم دێت لە خستنەڕووی ئەوە بابەتانەی کە بۆ ئاشکراکردنیان جورئەتێکی زۆریان پێویست بوو، بەڵام ئێستا لە بواری هونەری سەرکەوتنی باشی بەدەستهێناوە، هەروەها رەزامەندی بینەریشی بەدەستهێناوە، تەنانەت بووەتە بەشێك لە رۆتینی ژیانی رۆژانەی، چونکە بژێوی وواقعی تاڵی ژیان و ئەو کەلێنە کپ کراوانەی لە ژیانی هەر تاکێکی کۆمەڵگە هەیە، دەخاتە روو، بەڵام سەرەڕای ئەمەش هێشتا سینەمای مەغریبی هەموو ئامانجەکانی نەپێکاوە لەوانەش کۆکردنەوەی زۆرترین بینەر.

*** زۆر جار سینەمای مەغریبی بەوە تۆمەتبار دەکرێت کە بە ئەنقەست پشت بە سێکس دەبەستێت بۆ راکێشانی زۆرترین بینەر، وەك مەغریبییەك چۆن وەڵامی ئەوانە دەدەیتەوە؟**

- سینەما ژیانە، ژیانیش بێ سێکس و ورووژاندن نییە، کەواتە بۆچی لە سینەما تەحەفوز هەبێت، لە کاتێکدا ژیانمان داماڵدرایە لە هەر حیکمەتێك کە رێ لەم پەتایە بگرێت.

*** سینەمای مەغریبی بە چی لە سینەمای عەرەبی جیا دەکرێتەوە؟**

- پێموایە ئەوەی سینەمای مەغریبی لە سینەمای عەرەبی بە گشتی جیا دەکاتەوە فرەیی ئەو بابەتانەیە کە هەوڵی چارەسەرکردنیان دەدات، هەروەها ئەو سیناریۆیەی کە شێوازی نووسینی جیاوازە لە رووی دابەشکردنەوە، بەم دواییە تێبینی ئەوەی دەکەین کە جۆرە نوێکارییەك لە سینەمای مەغریبی هەیە، بە پێچەوانەی سینەمای عەرەبی کە دەبینین زۆر جار هەمان بابەت بە هەمان شێوازی بەرهەمهێنان چارەسەر دەکات، بەڵام ئەوان یەك شتیان لە ئێمە باشترە ئەویش ئەوەیە لە رووی تەکنیکەوە ئێمە هەژارترین لە سینەمای عەرەبی.

*** کەی ئەکتەر دەتوانێت بە کارە هونەرییەکانی بژێوی ژیانی پەیدا بکات؟**

- هیچ کاتێك ناتوانێت، چونکە هەموومان دەزانین شانۆ بە گشتی لە واقعێکی هەژار و تاڵدایە، هەندێك تیپی شانۆیی و ئەکتەری پیشەگەر هەن کە پارەیەکی زۆرکەم وەردەگرن، تیپە بچووکەکانیش بارودۆخیان زۆر خراپترە، ئەگەرچی ئەو کارانەی پێشکەشی دەکەن، ئامانجێکی زۆریان لە پشتە، کەواتە دەتوانم بڵێم هونەرمەندان تەنیا هاندان و چەپڵەی جەماوەریان بۆ دەمێنێتەوە .

*** مەغریبییەکان چ رۆڵێکیان لە سینەمای فەرەنسی و رۆژئاواییدا هەیە؟**

- مەغریبییەکان هەمیشە رۆڵێکی پرشنگداریان لە سینەمای بیانیدا هەبووە بە سینەمای عەرەبیشەوە و چێژێکی تایبەتی پێ بەخشیوە، ئەگەر باس لە سینەمای فەرەنسی بکەین بە هیچ شێوەیەك ناکرێ رۆڵی مەغریبییەکانی تێدا فەرامۆش بکەین، ئەگەرچی ئەم بەشدارییەی مەغریبییەکان لە سینەمای فەرەنسی کەمیش بوو بێت بە پێچەوانەی سینەمای عەرەبی کە رۆڵی مەغریبییەکان تێیدا دیارە.

*** ئایا سینەمای لەلای لاوان بەو شێوەیە کە سینەماکاران دەیخوازن؟**

- کەلتووری سینەمای رۆژ دوای رۆژ لە پاشەکشێ دایە و لە فەرهەنگی گەنجانی مەغریبدا جێگەی نەماوە، ئێستا ئەنتەرنێت هۆشی گەنجانی داگیر کردووە و لە جیاتی ئەوەی سەیری فیلمێك بکەن، هەموو کاتی خۆیان بە ئەنتەرنێت بەسەر دەبەن.

*** بۆچی جەماوەری سینەما لە وڵاتێکی وەك مەغریبدا وەك دەیەکانی رابردوو نییە؟**

- بەر لە ٢٠-٣٠ ساڵ هیچ بەدیلێك نەبوو بۆ سینەما و سینەماش تاکە هۆکار بوو بینەر بتوانێت هەناسەیەکی تێدا بکێشێت، بەڵام ئێستا پێچەوانە بۆتەوە، ئەگەر نەچی بۆ سینەما هۆکار و شێوازی دیکە هەن کە کاتی خۆتی پێ بەسەر بەریت، هەروەها وەك پێشتریش ئاماژەم بۆ کرد کەلتووری سینەما بۆ نەوە دوای نەوە لە پاشەکشێدایە، ئەو کاتە بەسەرچوو کە دایك و باوك هەفتانە منداڵەکانیان بۆ سینەما دەبرد.



1000

گوڵان







-media.com

1000

گوڵان



WWW·GULAN-